# گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیان دەریدەکەن
ژمارە (١٧-١٨) ٢٠١٠






**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)
malatahsen@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر**
خەڵەف غەفور
٠٧٧٠٢٤٧٤٤١٥
Xalafgafur@hotmail.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
د. ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)

**دەستەی نووسەران**
پەخشان محەمەد   سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

گیرفان لەئینتەرنێتدا:
www.dengekan.com

ستافی وەرگێڕان
رەحمان عەلی
عومەر عەبدولکەریم قادر

نوێنەری گۆڤاری "گیرفان" لەئەوروپا:
گەشبیر ئەحمەد

E-mail:
govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان:
کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاینی بەرگ :
ئارام لوقمان
چاپخانەی رەهەند


پێڕست


پەیڤی گۆڤار - سەنووسەر ٥
وەڵام - ئەحمەد شاکەلی ٧
پەرستگایەکی زەردەشتی بەکەنار... -عیسا چیایی ١٥
گەمەکردن بەچارەنووسی ئەوانیتر-ئاری عوسمان خەیات ٢١
چەمکی وێنەی شیعری لەرێبازە ... -د.فەرهاد قادر ٢٥
شێوازی بینای چیرۆکی... - د.عادل گەرمیانی ٤٧
داهێنان لەبیری محمد ماغوتدا - د.فاروق نەقشبەندی ٥٨
چەمکی رەخنە لەتیۆری... - سەعید محمد بەرزنجی ٧٥
شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین... - ساڵح هەلاج ٨٤
کەمالی و هەوڵێك بۆ ... - کاروان عوسمان خەیات ٩٠
تەڵاق و جیابوونەوە... - سەلاح گەرمیانی ٩٦
چۆن پەیوەندی خێزانیت تووندوتۆڵتر...- بەناز عومەر ١٠٨
کارگێڕی کات - ئاسۆ وەهاب ١١٢
وەرزش و تەندروستی دەرون و عەقڵ.. - رزگار فایەق ١١٧
کارگەری کورتە نامە ... - عومەر عەبدولکەریم ١٢١
بەهای قەناعەت لای فایەق - مەلا تەحسین گەرمیانی ١٢٧
ناهیدە رەشید.. ئەو کەسەی ناوی... - گەشبیر ئەحمەد ١٣١
ژیانی سەرگوڵ بەرەو خەزان دەچێت.. - پەخشان محمد ١٣٧
زمان و راگەیاندن - خەڵەف غەفور ١٤٠

# پەیڤی گۆڤار

لەم پەیڤەی ئەم ژمارەیەدا دەمەوێ ئەوە بلێم بۆ گۆڤاری گیرفان راناوەستی ؟ رەنگە ئەم پرسیارە یەك لە پرسیارە هەرە گرنگەکان بێت ، چونکە هەمیشە و بە بەردەوامی چەندین رۆژنامەو گۆڤار دەر دەچن و لە پاش چەند ژمارەیەك یان کەمتر لە پەنچەکانی دەست تێناپەڕن و لە ناکاو دادەخرێن مەبەستم رادەوستن ؟ ئێمە کاتێك لەم دیاردەیە قسە دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە هەر پرۆژەیەکی لەم جۆرانە پێویستی بە لێکدانەوەو راڤەکردنێکی دوربینانە هەیە تا بڕیاری لێبدرێت ، چونکە کۆمەڵێك دەیانەوێ شتێك دەربکەن جۆرێك لە جۆرەکان پەلە پەلی پێوە دیارەو درك بەوە ناکەن کە ئایا ئاینده چۆن دەبێ ؟ هەندێ کەسانیش وادەزانن بە چەند ژمارەیەك دەبنە خاوەنی هەموو شتێك و لایەنی پەیوەندیداریش لە خەزینەی خۆیان بۆیان هەڵدەڕیژن ، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە دەستمان دایە دەرکرتنی گۆڤاری گیرفان پێش هەر شتێك بیرمان لە هەموو ئەم لایەنانە کردەوەو ئەوەی بیرمان لێکردەوە تەنها پشت بەستن بوو بە خۆمان و ئیرادەی نەپساومان ،



چونکە زانیمان گۆڤارێکی تاقانەی جیاوازو نوێ و نمونەیی لە نێوبزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوریدا پێویستی بەم لە خۆبردوویيە هەیە و لە هەر تاقم و گروپێکیش گەر بڕواو متمانەیان بە ئیرادەی خۆیان هەبوو سەرکەوتنی ئاینده مسۆگەرە ، لەم روانگەیەوە خۆشبەختانە گۆڤاری گیرفان کە لە گەرمیان دەردەچێ پێم وایە تاقە گۆڤارێکە کە بووەتە مایەی تێرامان و لە هەمان کاتدا بووەتە سەرچاوەی زانستی بۆ ناوەندەکانی زانکۆو پەیمانگاکان و ئەو خوێندکارانەش کە سودیان لەم گۆڤارە بینیوەو وەکو سەرچاوە بۆ لێکۆلینەوەو توێژینەوەکانیان بە کاریان هێناوە خۆیان شایەت حاڵن .

لە کۆتایدا دەڵێم مایەی شانازییە کە ئەم گۆڤارە خنجیلانەیە توانیویەتی پێگەی خۆی لە دڵی خوێنەردا بکاتەوەو کۆمەڵێك خاوەن قەڵەمی بە ئەزمون جێگە دەستیان لەم گۆڤارەدا هەبێ و ئومێدی بەردەوام بوونی پێبدەن و سەرەڕای بێ بودجەیی گۆڤارەکە لە حکومەتەوە .

سەرنووسەر



# وەڵام

ئەحمەد شاکەلی

ئەم نەوە کوردەی کە ئێستا (٢٠١٠) تەمەنی بۆ (٦٠) ساڵ کەمی ماوە یان کەم تێپەڕبووە، نەوەیەکی دیار و جیاوازە، شایەتێکی زرنگی چەندین قۆناغ و وێستگەی گرنگە، گەر بێدەنگیشبێت ( بۆی نەلواوە) یان تا ئێستا بەو جۆرەی کە پێویست دەکا (بۆی نەلواوە) بێتە گۆ ، زۆری دیوە ، ئامادەی رووداو گەلێکی لە بیرنەچووەیە، خوێندەوارەکەی ئاگادارێکی ئامادەبووی نێو روداوەکان بووە، بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان کە ژمارەیان لە (٤٠٠٠) تێپەڕبووە بابەتی زۆر بایەخدار هەیە و بە پرسیاری ژیرانە دەتوانن بوار خۆشبکەن بۆ گێڕانەوەی، خوازیاری خوێندنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەش زۆرن و خۆیشیان بە ئەزمونن، پرسیاری ژیرانە لە شارەزایی باشەوە، لە بایەخی شیاوەوە دروست دەبێ. پرسیار و وەڵامەکان وەکو دووتای هاوسەنگ یان تەواوکەری یەکتر هەقیقەتەکان دەخەنە بەرچاو.



لە جۆش و خرۆشی رووداوەکانی تەموزی ٥٨دا لە کوێ بوی؟ چیت دێتەوە بیر؟ کەف و کوڵی رووداوەکان ئاهەنگ و لێکهەڵپەڕینەکان؟ رەنگدانەوەی بڕیارەکان؟ وردە رووداوی رۆژانە؟ لە هەموو دێیەکی ئەم وڵاتە دەیان بابەتی هەمە جۆر لە بیرو هۆشی خەڵکەکەدا ماون و دانسقەن. ئەوەی لە ژوورە داخراوەکانی سیاسەتدا بڕیاری لە سەردراوە کاردانەوەی چۆن چۆنی بووە؟ ئابڵوقە ئابوورییەکانی دوای ٦٣؟ چونێتی دابینکردنی پێویستییەکان لەرێی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سیاسەت و رەسمیاتەوە؟ ئیبراهیم زەبۆکەکان(ئەشرەف )؟ سەیتەرە دڕەکان؟ سەرەتای گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی ١٩٩١؟ لە کۆمەڵەی روناکبیریی کەرکوك فۆرمێك هەبوو بۆ وەرگرتنی ئەندامان، بەهۆی کارەساتی نەبوونی و گرانییەوە ئەو خەڵکە ناچار بوو لە هەموو دەرگایەك بدات بگەڕێت، بپرسێت، پرسیارێکی نێو فۆرمەکەی بوونە ئەندام ئەوەبوو: لە چ بوارێکی روناکبیریی یان کۆمەڵایەتیدا چالاکیت هەیە؟ پیرێکی بە دیمەن و زۆر مەقبول هات و وتی ئەو فۆرمەم بۆ پڕکەنەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چاوەڕێ بووین بڵێ (ئەدەب، سیاسەت، بەشداری کۆمەڵایەتی )، پیرەکە وتی بنووسە (دەنگوباس) دەنگوباس و بەس. ئیتر حەزم لە هیچ نییە. ئەوە رەنگدانەوەی کارەساتە خوێناوییەکانە کەوا لە خەڵك دەکا بەردەوام هەڵپەی دەنگوباس بێت،چی بووە؟ چونکە بە تەجروبە دەیان جار بووەتە قوربانی

روداوێکی کوتوپڕ (گەر وریا بوایە زووتر دەکەوتە خوو دەرباز دەبوو).

ئەم نەوەیە ئەوەندەی کارەسات بینیووە بۆ خوێندەوارەکانی (بەتایبەت) بووەتە مەیدانی شکستی دەیان بیروبۆچون گوایە (زانستی) یان سەرکەوتن بیروبۆچونی گوایە (مۆدێل نەماوە ) مەلای ئاینییە و بووە بە کۆمۆنیست، چونکە ئەو زۆری چەشتووە و تەنها شەیدای دادپەروەرییە و لەرێی ئەدەبیاتی ئەوانەوە وای لێ تێگەیشتووە کە تەنها لەرێی ئەو رێبازەوە خواستەکانی دێتە دی. یان مارکسییە و لەرێی تۆڕی خێزان و بنەماڵە و عەشیرەتەوە نەبێ هیچ بوارێکی گونجاوی نییە بتوانێ ئەو بیرو بۆچون و خەونانە بێنێتە دی ئاستی توانای خۆی و پەیوەندییەکانی هەر ئەوەندەیە. ئەمە وڵاتێکی خۆرهەڵاتییە (وتنەوەی ئەم زاراوەی خۆرهەڵاتییەش زۆر زۆر بووە ) و بەسەر بارەگای حزبی عەلمانییەوە لەگەڵ بانگی نیوەڕۆدا دەبینی بەرماڵ داخراوە نوێژدەکرێ دەبێت زۆرئاسایی بێت، چونکە حزب ئەوەندە پێویستی بەکاری ڕۆژانە و دەنگی ئەو پیاوە دەبێت ڕێز لە بیرو قەناعەتی بگریت و بیر و قەناعەتێك کە لەناوڕوداوەکاندا دروست بووە بە نصریات و تعلیماتی لەدەوروبەر بێخەبەر هاوکارێکە. گەنج ئەم رووداوە نوکتەی بوم گێڕایەوە "هاوینێك پیاوێکی بەتەمەن لە سێبەری خانویەکی دێیەکەیاندا دانیشتووە و دەڕوانێتە دنیای دەوروبەری، زەمانی گرانیەکەیە



فەردەی ئارد بە (٨٠٠) دینار سویسریە دەڕوانێ واگەنجێکی خزمی خۆی لەوپەڕی دێوە هیواش هێواش بەرەو خوار هات و دای بەلای ئەمدا و سەڵاوی لێدەکات و دەیەوێت تیپەڕێت ئەم تەنها و ئەو تەنها بانگی دەکات بۆلای خۆی (گەنجێکی کەڵەگەت بەجووت سمێلی ڕەشی گەورەوە) لادەدا و چۆنی باشی و ئەحوالپرسی، گەنجەکە دەڵێ: وەڵڵا هیچ باش نیم، پیرکە لێی دەپرسێ، بۆچی باش نیت؟ وەڵڵا باشی چیبم گوێلێ (پڕچنگێ ) ئارد لەماڵمان نییە، پیرەکەش وردی دەم وچاو سمێڵی زلی دەبێتەوە و دەڵێ جاباشە گوێلێ ئارد لە ماڵتاندا نییە ئەم هەموو سمێڵە چییە هێڵاتەتەوە.

یادەوەری پەنجاساڵی ڕابردووی ئەم وڵاتە و هەموو وڵاتانی دنیاپڕیەتی لە قارەمانی سمێڵ قیتی ئارد لە ماڵا نەبوو، یان هەر جارە و لەهەر شوێنە و بەجۆرێکی جیاواز قسەکردوو ئەوانەی بەخەون دەژین، ئەی ئەوە نییە زانایانی دەروونناسی جەخت لەسەر وتنەوەی ڕستەی ئیجابی دەکەنەوە بۆ باش بوونی باری دەروونی، ئەو هەموو (تەسبیحاتە کە زیاد لە هەزار و چوارسەد ساڵە) دانراوە پلانێکە بۆ ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی بیروهۆشی مرۆڤ ونەچوونی بیروهۆشی بەلای بابەتێکی نەشیاو کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی ڕووەو ئامانج و مەبەستێك خزمەتی خۆی ودەورووبەری بکات، ئەوەش لەکاتی بێکاری دا لەناو پرسە و مناسەباتی بێدەنگیدات کەشتێ ناوترێ دەشبێت هەردانیشیت، هەموو ئەمانەم بۆ ئەوە



هێنایەوە وەکو رۆمانەکەی(پرۆست) کاتێ ڕۆیشتوومان بەتام وخوێ بگرینەوە.

مامۆستای نوسەر (ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل) دەپرسێ پاش ئەو ٢٢ ساڵەی دوای کارەساتەکانی جینۆسایدی ئەنفال کوا داهێنانی نووسەرکان؟*

من وەڵام دەدەمەوە، ئەو هەر لەو شوێنەدا باسی ئەدەبی ڕووسیدەکات کەدوای جەنگی جیهانی دووەم داهێنانی زۆری خستووەتە بەرچاو، ئەوە ڕاستە، ڕاستیەکە بەسەر چەندین کۆڵەکەی مێژوویی و کولتوری و کۆمەڵایەتیەوە وەستاوە، ئەو پێشینەو بنەمایانە دوای ئەو هەموو ئەزموونی شەڕ و بەیەکدادان و کۆچ و کوشتار و دار و خانانە هاتوون، کوردی داماوی تادوێنێ لەدنیا دابڕاو بەساڵ دەساڵ دەنگی دەگاتە دنیایەك کە ٣٠٠ساڵە زانکۆ هەیە بەم ٢٠ساڵی دوای ١٩٩١ تازە بە تازەو زۆر جار بەچاوتورکانێك دەبێتە خاوەن مۆڵەتی شۆفێری. نوسەرێکی ئەم گەرمیانە تا درەنگێ ژنی نەدەهێنا وایدەزانی (الدنیا وما فیها ) تەنها کتێبێك ناهێنێ بیسێنێ و لە رێی خوێندەنەوەیەوە شارەزارییەکی ئەوتۆ پەیدا بکا ئازادییەکی فراوانتری بۆ دابین بکات. برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو زۆرجار وەبیری دەهێنایەوە کە گەورە بووە و دەبێ خێزان پێکەوبنێت ئەویش باسی کتێب و خوێندنەوە بۆ دەکرد (ئەوە حاجی قادری کۆییە) وتویە (هەرمنم ئێستا واریسی عیسا بێ ژن و



کوڕ و بێ ماڵ و ماوا ) براکەی پێیدەوت: بەخوا هەرچی کتێبت هەیە سەعاتێك ژیانی نێو خێزان ناهێنێ. ئەم ئەزمونی خێزان و پەیوەندییە هەمە جۆرە خەستەی نێو کۆمەڵەیەکە دەبێتە کرۆکی بەرهەمی نایاب. رۆمانی (بێدەنگی دەریا )ی جۆن برۆلار (ڤێرکۆر ) بخوێنەرەوە، رۆمانێ کێ بچکۆلەی (٦٠ ) لاپەڕەیی باسی ئەفسەرێکی ئەڵمانی دەکا لە جەنگی جیهانی دووەمدا ژورێکی نهۆمی سەرووەی ماڵە فەرەنسییەك داگیر دەکات رۆژنە بەیانی زوو دەردەچێ و ئێواران درەنگێ دەگەڕێتەوە و لە هەموو هاتنەوە و دەرچونێکدا کۆمەڵێ قسە دەکات بۆ دانیشتوانی ماڵەکە کە تەنها پیرێك و کچێکی بچکۆڵەی برازایەتی. هەموو رۆژێك ئەوەی ئەڵمانی داگیرکار قسە دەکا و ئەوانی فەرەنسی ماڵ داگیرکراو کڕوکپ تەماشای دەکەن و نوتقیان لێوە نایە. ئەو باسی کولتوری ئەڵمانی یان بۆ دەکات و ئەوان لەجێگەی خۆیاندا بێدەنگ ئەم رۆمانە بچکۆڵە کاکڵەی کولتورێکی تەمەن درێژەو بە رۆژ و ساڵ دروست نەبووە، دەڵێی لەنێو گۆمێکی قوڵی پڕ لە نهێنی بە لەزەتدای تەنها سێ کەس لەم رۆمانەدایە، سێ کەسی زیندوو، دوانیان بێدەنگ و پڕ لە قسە و ئەویتریانیش بە دەنگ و پڕ لە پرسیار؟ بڕوانە ئەم گرتە کورتە ( کوردێك لە رۆژهەڵاتی بەسرە عەسکەرە چەند رۆژێکە خواردن نایە، کەس ناناسێ و شارەزای هیچ لایەك نییە، هەموو دەرگاکان داخراون، لە ناو کەندرێکدا لەتە سەمونێکی وشکەوە

بووی فرێدراو دەدۆزێتەوە و هەڵی دەگرێ و دەیەوێ لە بەرچاو ونبێ و بە تەنها بیخوا. لەو کاتەدا برایەکی (باک و دایکی ) خۆی ئەویش هەر عەسکەرە دێ بۆلای تۆزێ تەماشای یەکتر دەکەن هیچ کامیان وەڵامێکی بۆ شاڵاوی پرسیارە پێ نییە، ئەم بۆ بە خۆی و صەمونی نێو چنگی لولەبوی نێو گیرفانیەوە هەڵدەسێ و براکەی بە جێدێڵێ (یوم لا تعرف نفس مال و لا بنون ) و رووداکاتە پەنایەك و صەمونەکەی دەکرمێنێ) زۆربەی خەڵك کە دەخوێننەوە بیرو هۆشیان بەسەر بابەتەکاندا رادەکا و لە کەمی زۆر گیردەبێ ، ئەو گەرمی و گورەی تیا نادۆزنەوە، بەلام ئەو جۆرە سەوگوزەشتەی پێشوو هەموو هەست و بوونەکان ئامادە دەکات . خەڵکێکی زۆر لە هەموو خوێندنەوەیەکدا لە هەموو بیستنێکدا لە هەموو سەردانێکدا بۆ کاروباری فەرمی بۆی دەگەرێ .لەوە گرنگتر ئەوەیە کێ بەو پێوەرە بیخاتە بەرچاو؟ ئایا (گەر ) بە هەموو مواصەفاتیش هاتە حزور ئەو پێشوازییەی لێدەکرێ؟ بۆچی لێیناکرێ؟ نەخێر نەخێر، چونکە ئێستا کورد هەزاران دەرگای دنیا بینی بۆ کراوەتەوەو لە تونێل دەرچووە، رۆژانە هەزاران هەمە جۆر دەبینی بە زمانەکانی دنیاو قیامەت زۆر بە پەلە دەخوێنێتەوە زوو زوو قارەمانەکانی دەگۆرێن ئێکسپایەر دەبن کە حاڵەکە بەو جۆرەیە: ئەبێ بە عەقڵێکی تێگەیشتوی لە جێی خۆدا بوو، بە توانایەکی ماددی باش گوێ لە ئەزموونە گەیشتووەکان بگرین و تەرجومەی باشی زمانی



کولتوری دنیا بخوێنینەوە و بوێرانە هەموو هەقیقەتەکان بخەینەروو، چونکە تەمەنی درێژی مرۆڤایەتی سەلماندویەتی (هەموو سەنگەرەکان کە رووبەڕووی یەکترن، دژی یەکترن کەڵکی زۆریش لە یەکتر وەردەگرن ). ئەوەش حەتمیەتی ململانێ و پێکهاتنی (لكل زمان دوله ورجال ).

*هەفتەنامەی ڕووبەر، ژمارە ١١ی٢٠ی نیسانی ٢٠١٠ل٦.



# پەرستگایەکی زەردەشتی بەکەنار سیروانەوە

وێنەگرتن و بەدوواداچوونی : عیسا چیایی

لە گەرەکی سیروان (کەمپی خواروو)، بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە کە ئەڕوانێ بەسەر خانووەکانی کارمەندانی ئێزگەی کەهرۆئاوی دەربەندیخان دا، وەزارەتی رۆشنبیری سەرقاڵی تەرمیم و چاککردنەوەی پرۆژەیەکن کە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام ئاتەشگەی زەردەشتیان بووە..

زۆرم هەوڵدا بەراوردێکی پوخت لەنێوان ئەم شیعرە ((ئەو شیعرەی کە (ڕەشید یاسەمی) لەلاپەڕە (١١٩)ی کیتابەکەیدا (کرد.و.پیوستگی نژادی وتاریخی أو) باسیدەکا کە لەسەر پارچە چەرمێ هۆنراوەیەکی کوردی بەزمانێکی زیاتر لە هەزار و دوو سەد ساڵ بە ئێمە پیشان ئەدا ..)) لەنێوان ئەم شیعرە و دیمەنی ئەم



پەرستگا کۆنەیەدا بدۆزمەوە و بەدەرەنجامێکەوە دەرچم کە بەهەردووکیانەوە: بەشیعرەکە و بەدیمەنی ئەم پەرستگا داڕووخاوەوە، لەم نووسینەدا ئاسۆی ئێوارەیەکی ئاڤێستایی و بۆنی زەردەشت و ئاگرەخامۆش بووەکەیتان بۆ بێنم، نازانم وادەکەم یان نا؟

**((..هورمزگان ڕمان ،ئاتران کژان**
**ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**
**زورکار ئارەب کردنە خاپوور**
**گنای پالەیی هەتا شارەزوور**
**شن وکنیکان وەدیل بشینا**
**مێرد ئازا تلی وە رووی هوینا**
**رەوشت زەردەشترە مانوە بی کەس**
**بزیکا نیکا هورمز وەهیوچ کەس ..))**

کە دواتر ئاوا شیعرە وەرگێردراوەتەوە:

مزگەوتەکان وێرانکران و ئاگرەکان کوژێنرانەوە "مزگەوتی ئەو وەختە مزگەوتی ئێستا نییە، بەڵکو پەرستگا و ئاتەشگەی زەردەشتی مەبەستە "خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان، زۆرداریی وجەوری عەرەب وێرانیان کرد، دێهاتی کرێکارەکان تا دەگاتە شارەزوور، ژن وکچەکانیان بەدیل برد، پیاوی ئازا تلی ئەدا لەناو خوێنا، ڕەوشتی زەردەشت بەبێ کەسی مایەوە، بەزەیی نایەتەوە ئاهورامزدا بەهیچ

کەسێکدا.
ئەگەرچی گێڕانەوەیەکی یەکلاکەرەوە نییە کە بەبەڵگەوە کوردێتی زەردەشت و ئاڤێستا بسەلمێنێ، بەڵام هەرەسهێنانی زەردەشتیەت وەك لەم شیعرەدا دەردەکەوێ ڕێك لە هەرەسەکانی کورد دەچێ، زۆرم لێکدایەوە، نەمزانی داخۆ بۆچی لە ڕوخانی مزگەوت و وێرانکردنی دێهاتی کرێکارەکان و بەدیلبردنی کچەکان و تلدانی پیاوی ئازا بەرووی خوێندا، لەو هەرەسهێنانە ترسناکەی زەردەشتیەتدا، بۆچی (ئاهورامز) کە خوداوەندی ئەو ئاینەیە لەپڕ بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە و (گەورە)ی (گەورەکان) بۆچی خۆیان دەشارنەوە؟
پێش ئەوەی خۆم بەپەیامی زەردەشتەوە خەریك بکەم، زیاتر ئەوەم بەلاوە گرنگە و زۆرتر دڵ بەو هۆشیارییە خۆش دەکەم کە پێش ئەوەندە ساڵ لەم شوێنەدا بەو نەخشەسازیەوە ئاپارتمانێکی وای دروست کردووە سا ئیتر هەر ناوێکی لێ نابێ. هەر بەسروشتی ئەو بەیانیان و ئێوارانەی کە خەڵکی ئەم وڵاتە بیریان بۆ ئاگرکردنەوە چووە و بەدەووریشیا لە تەوافێکی سەیردا ئاگرێکی دیاریکراوی تەم ومژاویان لەناخی خۆیان بەرداوە، ئاگرێك..!
بێگومان هیچ ئاینێك بێ ئاسۆ نییە، بەڵام هەیانە پەیامەکەی بۆ ئایندەیەکی دوورتر ئاراستە دەکات و هەمووشیان بانگەوازی باشە و برایەتی دەکەن، ئاگری زەردەشت، پێش ئەوەی بکوژێتەوە نازانم ئاسۆیەکی داونەتێ؟ هەموو شتێکی نائاسایی، نائاساییە،



سەرسوڕمانێك جێ دێڵێ وەك ئەو سەرسوڕمانەی کە تۆز و غوباری ئەسپ سوارەکان لەئێوارەیەکی ناڕەحەتدا بەپرسیارەوە لەیادووەری ئەو منالانەدا جێیان هێشتووە کە ئەوانیش بێ خەون و بێ ئاسۆ. لە خۆڵی پەنای ئەو ئاتەشگەیەدا، لەتەوافێکی تردابوون بەدەوری ماڵۆچکەکانیاندا.
یان ئەو کچانەی کە بێ پشوو لە سیروانەوە ئاویان دەهێنا و بەهەمان سەرسووڕمانی منالەکانەوە ئاوڕیان لە پیاوانی کەڵەگەت و سمێڵ بابڕدەدایەوە، پێش ئەوەی بەرەوجێگایەکی نادیار بکەونەڕێ، لێیان وەردەگرتن و بەیەکجار هەڵدان دەیانخواردنەوە و پاشماوەکەی بەسەر سمێڵ و ڕیشیاندا، چۆڕ چۆڕ دەهاتە خوارێ.
تەریب بەو دوو ئاسۆیە، ئاسۆی شیعرەکە و ئاسۆی پاشماوەی ئەو ئاتەشگەیە، گێڕانەوەی کاك (عەبدوڵلا)ش کە سەرپەرشتیار وجێ بەجێ کاری تازەکردنەوەی ئەم ئاتەشگەیە لەمبارەیەوە وتی:
ئێستا ئەو نەوعە شتانە نەماوە، ئەوە نییە لە مەولونامەدا باسی دەکا، ئاگری زەردەشت کوژایەوە، تاقی کیسرا نازانم رووخاو تەقێنراوە، ئیتر ئەم نەوعە شتانە، ئێستا حالیەن ئەم بینایە بینای مەعبەدە دەلیلیش بۆ ئەو مەعبەدە خۆڵەمێشەکانی تا ئێستاش هەر دیارە، خۆڵەکەوەکەی دیارە، دوای ئەوە نمونەی هەیە لە ئێران کە ئێستا زەردەشتییەکان هەیانە لەوێ زەردەشتییەکان لەوێ نمونەیان هەیە ئاساری هاتووە، یەعنی ڕەسم و شتی هاتووە هەمووی



تەقریبەن وەکو ئێرە ئەگرێتەوە. ئەوە لەسەر ئەو ئەساسە ئەمە بۆیە پێی ئەڵێن مەعبەد.
*مێژووەکەی نازانی چۆنە؟ هیچتان بۆ دەرکەوتووە ئێوە؟
- سەد و پەنجا دووسەد ساڵ پێش پێغەمبەر پێش ئیسلام ..دوای ئەوە ئەم چوار دەورەی کە هەیە، بەهەر چوار دەوریا ئەگەڕێی، ئەمە هەمووی شوێنی تەوافە، بەچوار دەوریا هات و چۆیان کردووە و ئالێرەشدا ئاگرکراوەتەوە ئالێرەدا و دووکەڵەکەی ڕۆشتووە بۆ سەرەوە، ئا ئیتر بەو نەوعە.. ئەگەر ئیشی لێ بکەین دوومانگی تر ئەخایەنێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری بوودجەی بۆ دابین کردووە.
*تۆ ووتت: قەڵای شێروانەش من چاکم کردووەتەوە، ئایا لە نەمەتی بیناسازیەکەیاندا جیاوازیەك دەبینی، لەنێوان ئەمە و قەڵای شێروانەدا؟
-زۆر جیاوازی هەیە، ئێرە زۆر زۆر جیاوازە.
*جیاوازییەکە چییە و لەکوێدایە؟
- وەڵلا جیاوازیەکە ئەوەڵەن قەڵای شێروانە، بەخشت کراوە و دووقاتیشە، قاتێکی کەش هەیە لەسەرەوە تەقریبەن سێ قاتە، دوای ئەوە هۆدەکانی بۆ شوێنی ئیسراحەت و ئەو نەوعە شتانە کراوە، ژوورەکانی بچووکیشن ، مەساحەکەی قەڵای شێروانە کەمە تەقریبەن بیست بەبیست مەتر ئەبێت، بەس ئێرە، ئەم مەعبەدەی دەربەندیخان ئەوا تەقریبەن شەست و شەش مەترە بۆ ئەوسەر



شەشت شەش مەتری ڕێکە بەپانی سی، سی و پێنج مەترەئاوا، هەموویشی پڕە، یەعنی هیچی بۆشایی تیا نییە، دیوارەکەی پان دروست کراوە و ئەساسەکەی بەقسڵ کراوە. بەو سێ ئاسۆیەوە، لەو وێنانە بڕوانن لە زەردەشتیەتی هەزار و حەوسەد ساڵی پێش ئێستاوە ئەم پاشماوە بیناسازیە بەراورد بکەن بەو هزر و ئەندێشانەی کە ئەم بیرکردنەوەیە جێی هێڵاوە و جێشی نەهێڵاوە.
تێبینی:
* قسەکانی سەرپەرشتیاری ئەو پرۆژەیە بەڤیدیۆ تۆمارکراوە، بۆیە هەروەکو خۆی دانراوەتەوە بێ دەسکاری کردنی شێوەی ئاخاوتنەکەی.

***بۆ شیعرەکە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە : کرد.و.پیوستگی نژادی وتاریخی او- فصل سوم / دیانت ومعتقدات**
**رشید یاسمی / أستاد دانشگاه تهران**
**أزنشریات مجمع ناشر کتاب / شماره (٩) لاپەرە(١١٩)**



# گەمەکردن به چارەنووسی ئەوانیتر

ئاری عوسمان خەیات
arikhayat@yahoo.com

"مێروولەکەم گواستەوە، بەڵام هەر خۆی نەبوو مێروولەیەکی تریشی لەگەڵ بوو. من پێموایە چاکەم لەگەڵ کردبێت، بەڵام پێدەچێت دەستم خستبێتە شێوەی ژیانیانەوە و گەڕان بەدوای بۆن و لەزەتەکانیان لێتێکدابن. بەهەرحاڵ خراپم کرد"
هیوا قادر- بۆنی شەربا لە هەناسەم دێ



ئێمە هەمیشە دەست وەردەدەین لە کاروباری ئەوانیتر و ناهێڵین وەك خۆیان دەیانەوێ ئاوا بژین. هەمیشە وا ڕاهاتووین سنووری جوڵە و ڕەفتارەکانی ئەوانیتر دیاری بکەین و هێڵی سووریان بۆ دابنێین، ئەوەش بە ئەرکی خۆمان دەزانین و بە موو چییە لێی لانادەین و ئامادەش نین بە خۆمانا بچینەوە.. ئەمە ئەو خەسڵەتە هەر دیارەی ناو ڕۆحی هەر یەکێکە لە ئێمەی گەورە و بە ئارەزووی خۆمان بەسەر بچوکەکانیدا دەسەپێنین، لەکاتێکدا خودی خۆشمان بۆ گەورەیەکی تر بچوکین. واتا بێئەوەی هەست بکەین، یان کاتێکیش هەستی پێدەکەین، دەچینە نێو گەمەیەکی کوشندەی ئەوتۆوە، کە بە درێژایی عومری ئەم کۆمەڵگەیە سیستماتیزەکراوە و کوشتەی دەستی وەها چارەنووسێکین. خۆزگا مرۆڤ تێدەگەشت لەو گوناهەی دەیکات بەرانبەر ئەویدی.. گوناهێك کە بە هیچ ئاوێك پاك نابێتەوە، هەڵبەت من چەمکی گوناه بە مانا تەقلیدییەکەی و وەك ئەوەی ئاین و شەریعەتەکان پێناسی دەکەن، لێرەدا بەکاری ناهێنم.

ئێمە کۆمەڵێکین ئامادەگییەکی تەواومان هەیە بۆ دەستکاریکردنی ژیانی بەرانبەرەکانمان و هیچ حیسابێك بۆ توانا و بیرکردنەوەکانیان ناکەین، بێئەوەی بزانین چی دەکەین بڕیاری ئاراستەکردنی برا، خوشك، هاوڕێ، دۆست، خۆشەویستەکانمان دەدەین و کەمجاریش نەبێ، زۆربەی جارەکان لەکاتی تەنگانەدا لە ئاستی لێپرسراوێتیدا



نین و نابین. ئەو تەنگانانەی کە ڕەنگە دەخالەتەکانی ئێمە بۆ بەرامبەرەکانی بخوڵقێنێ، ئەوە لەکاتێکدایە هەموو مرۆڤێك ئازادە لەوەی چۆن دەژێت و چۆن بڕیاری خۆی دەدات و چۆن ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات و چارەنووسی خۆی چۆن دیاری دەکات، ئەمە ئەگەر بڕوامان وابێت، کە ئینسان مەخلوقێکی سەربەستە لە هەڵبژاردن و بڕیارداندا. وەگەرنا ئەوا ئەبێ بیرمان نەچێ، کە زۆربەمان پێمانوایە ئێمە دیلی قەدەرێکی ئیلاهی گەورەترین، کە دەکەوێتە دەرەوەی توانای هزرین و سنووری دەسەڵاتی خۆمانەوە و هیچ دەسەڵاتێکمان نییە لە بەرانبەر ئاماژە جیاوازەکانیدا.

ناکرێ هیچ مرۆڤێك لەبری مرۆڤێکی تر بیربکاتەوە و بڕیار بدات، چونکە پێدەچێ ئەوەی من بۆ تۆ پێمباشە و بەسەرتدا دەیسەپێنم، هیچ نەبێ بەدەر لە کۆمەڵێك ئەنجامگیری پێشوەخت، کە من لە خەیاڵدانی تایبەتی خۆمەوە هەڵمهێنجاوە و کارم لەسەر کردووە و دواتر لە شێوەی ئەو بڕیارەدا بەتۆی دەفرۆشمەوە، بۆیە پێویستە هەموو بەشدارییەکی من لە هەر بڕیارێکی تۆدا، لەسەر بنەمای پێشنیار و داخواز بێت، نەك دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ، ئەگینا بێهیچ ئەملاولایەك تۆ دەبیتە قوربانی و منیش هەموو سیماکانی جەللاد وەردەگرم.

هەڵبەت ئەو عەقڵییەتەی لە پشتەوەی ئەم جۆرە کەلتوورەوە ئامادەیە، ڕەنگە لە بنەمادا لەچرکەساتێکدا لەدایکبووبێت، کە



تێفکرین و دیدی دەستەجەمعییانەی کۆمەڵگە، لە حاڵەتی پێوابووندا بووبێت بەوەی کردەیەکی چاکەکارانەی کردووە، بێئەوەی ئاگاهی ئەوەی لەلا گەڵاڵە بووبێت، کە ئەوە یاریکردنە بە ئایندەی ئەویدیکە و دەستکاریکردنی ژیانییەتی بێئەوەی ئەویدی داوای لێکردبێ. ئیتر ئەم عەقڵییەتە شۆڕبۆتەوە نێو سەرانسەر توخمەکانی کۆمەڵگەدا و دواجار ئەو کەلتووری سنووربەزاندنی ئازادییەی لێوەهاتۆتە بەرهەم، کە هیچ لۆژیکێك پێیقەبوڵ نییە و نەویستانە ژیانمان لێدەکاتە جەهەننەم.

بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی ئێمە، زۆر بە زەقی ئەو عەقڵییەتەی تێدا باوە و هەمیشە گەورەکان خۆیان بە دەمڕاست دەزانن و خۆیان وا پێناسە دەکەنەوە بۆ بەرانبەرەکانیان (واتا بۆ بچووکەکان)، کە مافی بڕیاردان و دیاریکردنی ئایندەی ئەوانیان هەیە، چونکە خاوەن ئەزموونی زۆرترن و بە تووناوتوونەکانی ژیاندا تێپەڕیون.

# چەمکی وێنەی شیعری لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا

د.فەرهاد قادر

بە درێژای مێژووی ئەدەب چەندین ڕێبازی ئەدەبی لەدایکبوون و هەریەکەیان لەژێر چەمکێکی تایبەتیدا لە شیعری ڕوانیوەو کۆمەڵێك بنەماو تایبەتمەندی بۆ دەقی شیعری دیاری کردووە، ئاشکرایە شاعیرانی سەر بەو ڕێبازانە هەوڵیانداوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمك و بنەماو تایبەتمەندییانەدا مامەڵە لەگەڵ وێنەی شیعریدا بکەن، واتە چەمکی وێنە لە لایان هەمیشە بە چەمکی شیعرەوە بەستراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزی بەخشیوەتە چەمکی وێنەو مەودای لە بەردەم ڕەخنەگردا نەهێشووەتەوە پەی بە پێناسەیەکی پێگەیشتوو و تەواو ببات[١]، بۆیە چەندین چەمك و پێناسەی جیاواز سەبارەت بە وێنەی شیعری هاتنەکایەوە، لێرەدا هەوڵدەدین گۆشەنیگاو ڕوانینی( پێنج) لەو ڕێبازە ئەدەبییە جیاوازانە بۆ وێنەی شیعری بخەینەڕوو، کە ئەوانەش ڕێبازی (کلاسیکی، ڕۆمانتیکی، پەڕناسی، ڕەمزی، سوریالی )ن .



**١ - ڕێبازی کلاسیکی**

شاعیرانی کلاسیکی ئەوروپی بە مەبەستی داهێنانی شیعری پشتیان بە لاساییکردنەوەی بەرهەمە دێرین و نایابەکانی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان دەبەست[٢]، ئەمەش لە ژێر کاریگەری ئەو تێڕوانینەیاندا بوو، کە پێیان وابوو بۆ ئەوەی بەرهەمی نەمر و نموونەیی دابهێنن پێویستە لاسایی دەقی زیندوو و باڵا بکەنەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەرگای هەموو هەوڵێکی نوێیان بە ڕوودا داخرا بێت، (هۆراس) یش لە دێر زەمانەوە ئەو مافی ئازادییەی بە شاعیران بەخشیوە، بە مەرجێك ((نەگاتە ئەو مەودایەی کێوی تیایداماڵیی ببێ و بەرخ و پڵینگ پێکەوە هەڵکەن. ))[٣]

بە واتایەکی تر شاعیری کلاسیکی سەربەستییەکی سنووردارکراوی هەبووە، ئەو سنووردارییەشی خۆی لە دەرنەچوون لە بازنەی گشتی بابەت و بنەماکانی ڕێبازەکەدا دەبینییەوە، یەکێك لە بنەما دیارەکانیش، کە کلاسیکی ئەوروپی پشتی پێدەبەست (ئاوەز) بوو، ((هەڵبەتە دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێت، کە مەبەست لە ئاوەز، ئاوەزی تاك نییە کە ئازادی بە ئیلهامی شەخسی دەدات، بەڵکو مەبەست ئەو ئاوەزە گشتی و جیهانییەیە کە لە هەموو شوێنێك یەکسان و نەگۆڕەو لە کات و شوێنانی جۆراوجۆردا بە یەك ریتم جوانی دیاری دەکات.))[٤] هەر لەو ڕوانگەیەشەوە تەماشای



وێنەی شیعرییان دەکردو پێیان وابوو، دەبێت ((هەموو وێنەو دەربڕینەکان بە پاڵاوتەی ئاوەزدا تێبپەڕن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پەسەند دەربچن و بەلای جەماوەرەوە  بە سەرسوڕهێنەرو لادان لە جێگیرکراوەکان دانەنرێن.))[٥]

بێگومان دیارترین جۆری شیعر لە کلاسیکی ئەوروپیدا، شیعری درامی بوو، هەربۆیە زۆربەی بنەماکانی ڕێبازەکەش لە دەوری ئەو مەبەستە شیعرییە گەڵاڵە کرابوون، لەم جۆرە شیعرەشدا لایەنی بابەتی بەسەر لایەنی خودیدا زاڵە، لەبەر ئەوە بایەخیان بەوە دەدا، کە وێنە   شیعرییەکانیان پێوەندییان بە یەکەوە هەبێت و لەژێر ڕکێفی ئاوەزدا بێت، نەك ئەندێشەی تەواو، چونکە((وێنە لای کلاسیکییەکان پەیوست بوو بە تیۆرەکەیان لە بارەی زانینەوەو بە ئاستی نزمی زانینیان دادەنا، کەوا درککردن لە سەرەتاوە لە ڕێگەی (تداعي)یەوە پشتی پێدەبەستێت، بەڵام زۆر ناخایەنێت ئەو سنوورە دەبەزێنێت بۆ ئاستی زانینی باڵا، کەوا خۆی لە بیرە ڕووتەکاندا دەنوێنێت، درکیش هێزێکی تاقەوەبووی سەربەخۆیە لە وێنە هەستییەکان و هەر خۆیشی تایبەتییەکی ئاوەزە، بۆیە لە بەهای ئەندێشەو وێنەیان کەم دەکردەوە.))[٦]
کەچی لەبەر ئەوەی زۆرینەی شیعری کلاسیکی کوردی لیریکییە، دەبینین سۆزو ئەندێشە ڕۆڵی دیاری تێدا دەگێڕن، بەو پێیەی لایەنی خودی بەسەر شیعری لیریکیدا زاڵە، بەڵام ئەمە مانای لادان



نییە لە کلاسیکییەت و ناگاتە ئەوەی هاوڕا بین لەگەڵ هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی کە لە بری زاراوەی شیعری کلاسیکی کوردی پێشنیازی زاراوەی تر دەکەن.[٧] جا لەبەر ئەوەی چەمکی شیعر لە کلاسیکی کوردیدا سنعەتە، ناکرێت هەموو ئەو بیرانەی کە شاعیرلە دەقێکی بۆ نموونە (خۆشەویستی)دا دەیانخاتەڕوو بە بیرو تێڕوانینی ڕاستەقینەی شاعیریان بزانین وەك ئەوەی هەندێ ڕەخنەگر کردوویانە [٨]، ئەمە لە کاتێکدا تێڕوانینی شاعیران سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانی وەك ژیان و ئایین و...... هتد، ژیرانە بووە.[٩]

سیمایەکی تری وێنە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەوەیە وێنەکان بە زۆری تاك و پارچەیین، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی یەکێتی دێڕەوەیە، کەوا دەکات وێنەکان لە سنووری دێڕەکەدا قەتیس بن و نەپەڕێنەوە بۆ دێڕەکانی تر بە چەشنێك بە هەموویانەوە وێنەیەکی گشتی پێکبهێنن،  بەمەش یەکێتی ئۆرگانیکی لە نێوان وێنە شیعرییەکاندا پێك نایەت، هەروەها پێڕەوکردنی چەمکی سنعەت و ڕازاندنەوە لە داهێنانی شیعریدا وێنە شیعرییەکانی ڕەنگڕێژ کردبوو، بە واتایەکی تر وێنە وەك ئامرازێکی ڕازاندنەوەو جوانکردنی دەق و هۆکارێك بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی شاعیر تەماشا دەکرا، شاعیر بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە زیاتر پەنای دەبردە بەر شتە هەستییەکان، تاوەکو بیرەکەی لە وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرادا بەرجەستە بکات، بەمجۆرە

((تێڕوانینیان بۆ وێنە لە چێژوەرگرتن لە جوانی لە سەر لایەنی هەستی وەستا بوو ، سەرسام دەبوون بە هەموو ئەوانەی هەست ئاسوودە دەکەن و بە شێوازێکی جوان وەسفیان دەکردو بە جوانترین شێوەش وێنەیان دەگرت ، بەڵام ئەم جوانییە لە وەسف و وێنەگرتندا بریتی بوو لە جوانییەکی هەستی دەرەکی و بەردەوام ئەو پێوەندییە سۆزی و ئەو رایەڵە شعورییەی ، کە هونەرمەند بە بابەتی هونەرەکەیەوە دەبەستێت ، لە دەستدەدات.))[١٠] واتە زیاتر لایەنە بەرچاو و رووکەشەکان دەخاتەڕوو و هێندە بە ناخی وێنەگیراوەکاندا رۆناچێت و دیوە شاراوەکانی ئاشکرا ناکات ، لە لایەکی تریشەوە گەر سەرنجێکی وێنە لێکچواندن و خواستنەکانی ناو شیعری کلاسیکیمان بدەین ، زۆر بە روونی زاڵبوونی لایەنی هەستی بە سەر لایەنی ژیرییان تێدا بەدیدەکەین .

لایەنێکی تر کە لە وێنەی ناو شیعری کلاسیکی کوردیدا سەرنجڕادەکێشێت ، هەبوونی وێنەی دووبارە یاخود ئامادەکراوە ، کە گەلێك جار هەندێ وێنە هەن لای چەند شاعیرێك دووبارە دەبنەوەو قاڵبێکی کلێشەیی وەردەگرن[١١]، لێرەشدا توانای هونەریی شاعیر رۆڵ دەبینێت و دەتوانێت سیمایەکی داهێنەرانەو جێدەستی خۆی بە وێنەکەوە بنەخشێنێت ، دەکرێت هونەرمەندی (حەمدی) لە مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەیەکی وەك چواندنی (یار)بە (مانگ) ، کە بە یەکێك لە وێنە کلاسیکییە زۆر دووبارەبووەکان دادەنرێت ،



بکەینە بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەمان :-

دەرنەکەوتی بۆیە بەم جەژنە بە رۆژوو مامەوە
جەژنی من جەژنانەیی تۆ بێی بەماڵ وجانەوە [١٢]

شاعیر لێرەدا بۆ ئەوەی سیمای داهێنەرانەی خۆی بە وێنە ئامادەکراوەکە ببەخشێت ، ناڕاستەوخۆ بەرجەستەی کردووەتەوە ، لەمەشدا سوودی لە یاساو نەریتە ئایینییەکە وەرگرتووە ، بە تایبەتی یاسای (جەژنی رەمەزان)، کە پەیوەستە بە بینینی (مانگ) ەوە ، (یار) یش مانگی شاعیرەو لە (مانگی ئاسمان)بە لایەوە پەسەندترە ، چونکە خۆشی و شادی شاعیر بەستراوە بە دەرکەوتنی ئەوەوە ، نەك ئەم. هەربۆیە لەگەڵ خەڵکی تردا جەژن ناکات ، بەمجۆرە شاعیر زانیاری و رۆشنبیرییە ئاینییەکەی خۆی ئاوێتەی وێنە ئامادەکراوەکە دەکات و وێنەیەکی جوان و دانسقەی لێ دێنێتەکایەوە ، کە خوێنەریش هەر لەرێگەی ئەو رۆشنبیرییەوە دەتوانێت چێژلە وێنەکە وەربگرێت ، هەر لێرەوە بە پێویستی دەزانین تیشك بخەینەسەر تایبەتمەندییەکی تری وێنە لە شیعری کلاسیکیدا ، کە بریتییە لە پێویست بوونی خوێنەر بە شارەزایی و وردبوونەوە تاوەکو لێی تێبگات ، ئەمەش بەهۆی ئەو زمانە شیعرییە باڵایەوەیە ، کە بەرجەستەی دەکات و دواجاریش بەرزی و باڵایی بە تێکڕای دەقەکە دەبەخشێت .



## ٢- رێبازی رۆمانتیکی

شاعیرە رۆمانتیکییەکان لە روانگەی هەست و سۆزە خودییەکانیانەوە لە شت و دیاردەکانی جیهانیان دەڕوانی ، واتە بە چاویلکەی خۆیان تەماشای بوون و ژیانیان دەکردو لە گۆشەنیگای چێژو دەروونییانەوە وێنەیان دەکێشا ، بەمەش جۆرە سەربەستییەکیان بۆ فەراهەم بوو و لە بنەما و چوارچێوەکانی کلاسیك رزگاریان بوو ، بۆیە دەوترێت:- ((مرۆڤی رۆمانتیکی وێنەی ئەوە دەکێشێت ، کە دەیبینێت و تەنها بایەخ بەو شتانەش دەدات، گەر لە شتێك یاخی بوو کە خەڵکی لە سەری راهاتبوون ، تەنها لەبەر ئەوەیە کە دەنگی شعوری کۆکە لەگەڵیا ، ئەمەش راستگۆیی خودییە ، کە بەشێکە لە رەسەنایەتی و بەشەکەی تریشی راستگۆیی هونەرییە ، کەوا پێویستە شاعیر لە داڕشتنی وێنەکانی بۆ خودی خۆی و ئەو دیمەنە سروشتییانەی ، کە هەستەوەرەکانی دەوروژێنێت، بگەڕێتەوە نەك بۆ وتە لاساییکارو وێنە باو وسەرگوزشتەدارەکان.))[١٣] بەمچەشنە پشت بەستنی شاعیر بە خود دەرگای داهێنانی لە بەردەمدا والا دەکات و تاڕادەیەکی زۆر لە دووبارەکردنەوەی وێنەی شاعیرانی تری دوور دەخاتەوە ، مەبەستیش لە شاعیرانی تر هەر بە تەنها شاعیرە کلاسیکییەکان نییە ، بەڵکو شاعیرانی رۆمانتیکیش دەگرێتەوە، ئەمەش وەکو



دیاردەیەك هەریەك لە (ڤیکتۆر هۆگۆ)و (بۆدلێر) سەرنجیان بۆ راکێشاوەو شاعیرە رۆمانتیکیەکانیان لێ ئاگادارکردووەتەوە.[١٤]

سەرچاوەکانی رێبازی رۆمانتیکی ئاماژە بەوە دەدەن ، کە ئاوێتەبوونی شاعیر لەگەڵ سروشتدا، یەکێکە لە بنەماکانی رێبازەکە ، ئەم لایەنەش بنیاتی گەلێك لە وێنە شیعرییەکانی رەنگڕێژکردووە ، لەو رووەوە کە شت و دیاردە سروشتییەکانیان بەکەس دەکردو رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤیان پێدەبەخشی و بەپێی هەست و سۆزو هەڵچوونە تایبەتییەکانی خۆیان دیمەنە سروشتییەکانیان پیشاندەدا ، ئەم بۆچوونەشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە باوەڕیان بە یەکێتی بوون هەبوو و بەلایانەوە خودی مرۆڤ بەشێکە لە خودە گەورەکەی بوون.[١٥]

سیمایەکی تری وێنە لای رۆمانتیکییەکان، بوونی یەکێتی ئۆرگانیکیە، واتە دەقەکە وێنەیەکی گشتی پێکدەهێنێت ، کە ناتوانرێت کەرت بکرێت، ((وێنە دەبێت پێوەندییەکی تەواوی لەگەڵ وێنەکەی دواییدا هەبێت، پێوەندییەکی سروشتی ئۆرگانیکی ئاڵوگۆڕکراو ، نەك پێوەندییەکی نادروست و رووکەشییانە ، کە تەنها لە سەر جوانی شێوەیی دامەزرا بێت، چەندە وێنەکە پڕەنسیبی پەرۆشی خودیی بۆ وێنەکەی دوای خۆی بگوێزێتەوە، ئەوەندە جوانترو قەشەنگتر دەبێت.))[١٦] گومان لەوەشدا نییە هەر هەست و سۆزە خودییەکەی شاعیرە دەبێتە رایەڵ و وێنەکان پێکەوە

گرێدەدات و لە شێوەی یەکەیەکی یەکگرتوو و زیندوودا بەرجەستەیان دەکات، یەکێتی رووخسارو ناوەڕۆکی دەقیش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی وێنە لە شیعری رۆمانتیکیدا، ئەوەیە ، کە ((دەبێت شعوری وینەیی بێت، نەك عەقلّی هزری ، بیرۆکە لە شیعردا لە پشت وێنەکانەوە بەدیدەکرێت، وێنە زیندووەکانیش جێگەی سەلماندنی ویژدانی دەگرنەوە، ترسناکترین شتێکیش کە رۆمانتیکەکان خۆیانی لێدەپارێزن، ئەوەیە کە دەقەکانیان بەرهەمی عەقلّی رووت یا بیرۆکەی لۆجیکی یان بەلگەی زەیینی بێت.))[١٧] لەم کاتەشدا ئەندێشە رۆڵێکی کاراو بەرچاو دەبینێت ، هەربۆیە شاعیران و نووسەرانی سەر بەم رێبازە زۆر بە بایەخەوە لە بارەی ئەندێشەو ئەرك و جۆرەکانییەوە دواون و بە شاڕەگەزی شیعر بەگشتی و وێنە بە تایبەتیان زانیوە .

سەبارەت بەو زمانەش، کە وێنە شیعرییە رۆمانتیکییەکانی پێ دادڕێژرا ، پێویستە تیشك بخەینەسەر ئەوەی کەوا لەو ئاستە بالاّو ئەرستۆکراتییەی کلاسیکییەکان نەمایەوە، بەمچەشنە زمانی شیعری سیمایەکی ساکارتری بە خۆیەوە بینی ، کە زۆرینەی خەڵك تێیدەگەیشتن و ئەو سنوورەی کە پێشتر لە نێوان وشەی چینی بالاّو چینی خوارەوەدا دانرا بوو ، تێکشکێنرا [١٨]، لەم کارەشدا ئامانجیان گەڕانەوە بوو بۆ زمانێکی ساکارو پاراو ، کە بتوانێت گوزارشت لە



هەلّوێستە ئاسایی و کاروبارە رۆژانەییەکانی ژیان بکات و تێیدا ئەندێشە بە شێوەیەکی خوڕسکی رەنگڕێژ کرابێت ، لە رێگەی هێنانی هەندێ وێنەی زیندوو لە زمانی خەڵکە ئاساییەکەوە.[١٩]

هەروەها رۆمانتیکەکان وەکو کلاسیکەکان تەنها بە وێنەگرتنی شت و دیاردە جوان و نموونەییەکانەوە نەوەستان، بەڵکو شت و دیاردە دزێوو ناشیرینەکانیشیان دەخستەڕوو، بەو پێیەی ئەوانیش بەشێکن لە سروشت ، لە هەردوو بارەکەشدا هەست و سۆزی شاعیر رێنوێنی هەڵبژاردن و پیشاندانی دیمەنەکانی دەکرد.

## ٣- رێبازی پەڕناسی

پەڕناسییەت خۆی لە خۆیدا بە گژداچوونەوەو بەرپەرچدانەوەی رێبازی رۆمانتیکی بوو، بە تایبەتی لە رووی پشتکردنە هەست و سۆزو ئارەزووە خودییەکانی شاعیرو بایەخدان بە لایەنی بابەتێتی لە دەقی شیعریدا ، هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە گرنگی وێنە، کە رەگەزێکی بە بایەخ بوو لایان، دەیانڕوانی (( بۆیە پێیان وابوو پێویستە وێنەی شیعری بابەتی بێت، گوزارشت لە هەست و حاڵەتە دەروونی و بیرە گشتییەکان بکات و کەسێتی شاعیری لە پشتەوە حەشار درابێت و بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەرنەکەوێت ، هەروەها خودی وێنەیان بە ئامانجێك دادەنا، کە هیچ ئامانجێکی تری لە پشتەوە نییە، بۆیە دەبێت شاعیر زیاتر لە



دەرخستنی هەست و سۆزەکانی خۆی پەیوەست بێت پێیەوە.))[] هەر لێرەوە دروشمی (هونەر بۆ هونەر)یان لە داهێنانەکانیاندا بەرزکردەوەو شیعر بەگشتی و وێنە بە تایبەتی لە هەموو ئەرك و ئامانجێکی رەوشتی و پەروەردەی و کۆمەلاّیەتی داماڵی و ئامانجەکەیان لە خودی خۆیدا چڕکردەوەو زیاتر سەرنجی خوێنەریان بۆ لای چۆنیەتی وێنەکە رادەکێشا، نەك چییەتی وێنەکە. لە تێڕوانینەکانیاندا کەوتنە ژێر کاریگەری بۆچوونە فەلسەفییەکانی سەردەم بە تایبەتی تێڕوانینەکانی (کانت)، چونکە ((کانت دەیویست هونەر لەو کۆت و پێوەندەی، کە لە دەرەوە بە ناوی کەڵکی کۆمەلاّیەتی یان ئامانجی رەوشتی بە سەریدا دەسەپێنرێت ، رزگار بکات. ئەمەش بۆ ئەوەی سەربەخۆیی هونەر دابین بکرێت، چونکە تەنها بەم سەربەخۆبوونە نەش و نما دەکات و گەشەی هونەریش بەستراوە بە تایبەتمەندییە هونەری و ئیستاتیکییەکان ، کەوا هیچ پێوەندییەکیان بە جوانی و ناشیرینی ناوەڕۆکەوە نییە، بەڵکو پێوەندییەکەی تەنها لە جوانی وێنەی هونەری ، کە شاعیر وەکو شیعر دایدەڕێژێت چڕدەبێتەوە.))[٢٠]

ئەم جۆرە بایەخدانەیان بە جوانی و بابەتێتی وێنە وای لە پەڕناسییەکان کرد هەمیشە وەکو بینەرێك لە شت و دیاردەکانی ژیان و بوون بڕوانن و دیوی رووکەش و دەرەوەیان بە جوانترین شێوە بخەنەڕوو، ئەمەش وایکرد وێنەی بەرجەستەیی (پلاستیکی)



ببێتە یەکێك لە دیارترین جۆرەکانی وێنە لە لایان، لەم جۆرە وێنەیەشدا رواڵەتی گشتی شت و دیاردەکان دوور لە ئاوێتەبوونی بە هەست و سۆزی شاعیر دەبینرێت[٢١]، لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە مەبەست لە بابەتێتی وێنە لای پەڕناسییەکان دوورکەوتنەوەی تەواو نییە لە هەست و سۆزە خودییەکانی شاعیر، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ لایەنی خودی لە شیعری لیریکیدا ئامادەیی دەبێت، ئەو ئامادەییەش هەر هیچ نەبێت خۆی لە هەڵبژاردنی وێنەکاندا دەبینێتەوە.

پەڕناسییەکان زیاتر هەوڵیان دەدا شێوەی شتەکان لە راستەقینەوە نزیك بکەنەوە، بەمجۆرە شیعریان زیاتر لە پەیکەرتاشییەوە نزیك دەکردەوە نەك هونەرە جوانەکانی تر.[٢٢] هەروەها لە وێنەگرتندا پشتیان بە هەستەکان بەگشتی و هەستی بینین بەتایبەتی دەبەست و داهێنەری شاعیریش لە لایان بەسترابوو بەو لایەنە هونەرییە بەرزەی ، کە لەدەقەکەیدا دەیهێنێتە ئاراوە.

## ٤- رێبازی رەمزی

لە دوا چارەکەی سەدەی ( ١٩ ) نۆزدەیەم لە ولاّتی فەرەنسا رێبازێکی نوێ بە ناوی (رەمزی)یەوە سەریهەڵداو هەر زوویش سەرنجی نووسەرو شاعیرانی بۆ لای خۆی راکێشاو لە دەوری کۆبوونەوەو دواتریش پەلی بۆ ولاّتانی تری جیهان هاویشت و بە

تایبەتمەندییەکانی خۆی لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی پێشی جیاکردەوە، ئەو جیاوازییەش لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەی شیعریدا ڕەنگیدایەوەو (( یەکێك لە بنەماکانیان پەنابردنە بەر وێنەی شیعری سێبەرداره، کەوا هەندێ لە نیشانەکانی دیاریدەکەن و هەندێکی تریشی جێدەهێڵن تاوەکو لە کەشێکی تەمومژاوی، کە ناگاتە ڕادەی گرێ کوێرەکان (الالغاز)، بسوڕێتەوە.))[٢٣] کەواتە یەکێك لە سیما دیارەکانی وێنە لای ڕەمزییەکان بریتی بوو لە ئاڵۆزی و شاراوەیی، کە خوێنەر بە ئاسانی ناتوانێت تێیبگات و پەی بە مەبەستەکەی شاعیر ببات، ئەمەش وای لە ڕەمزییەکان کرد بۆ بەرجەستەکردنی وێنەکانیان لە زمانی ئاسایی دووربکەونەوەو هۆگری جۆرە زمانێك بن ، کە لە ئاست پەردە هەڵماڵین بێت لە ڕووی نهێنییەکانی ژیان، لەم ڕووەوە (بۆدلێر)ی پێشەوای ڕەمزییەکان دەڵێت:-((دنیا جەنگەڵێکە لێوانلێوی ڕەمزو ئاماژە، ڕاستی لە مرۆڤ شاردراوەتەوە، تەنها هونەرمەند دەتوانێت ئەو نهێنیانەی ژیان بدۆزێتەوەو لێکیان بداتەوە، ئەویش بە زمانێکی سمبووڵی.))[٢٤]هەر ئەو زمانەشە هێزو کاریگەری بە واتاو بیرەکان دەبەخشێت، نەك زمانی ڕاستەوخۆو ئاسایی ،((ڕەمزییەکان لە وێنەدا دژی ئاخاوتنی ڕوون و گوتاریین بە شێوازە ئاساییەکەی لە گاڵتەجاڕی یان تۆقاندن ، بەڵکو دەیانەوێت لە وێنەگرتنی واتا یاخی و شاراوەکانی ناخی دەروونیدا ڕۆبچن.))[٢٥] بۆ ئەمەش وێڵی دوای



شێوازو دەربڕینی نوێ و داهێنراو بوون، شێوازێك کە بتوانێت گوزارشت لە گوزارشت نەکراوەکان بکات، هەر ئەمەش بە شێوازی (هەستگۆڕکێ – تراسل الحواس)ی ئاشناکردن و کردیان بە یەکێك لە شێوازە دیارەکانیان لە داڕشتنی وێنەی شیعریدا ((ڕەمزییەکان پێیان وابوو بۆ ئەوەی وێنەکان سیفەتی ئیحائییان تێدا بێت، پێویستە شاعیر پەنا بباتەبەر ئەو شێوازانەی ، کە زمانی ویژدانی بایەخیان پێدەدات بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لەو دەربڕینانە بکات کە یاخین، یەکێك لەو شێوازانەش هەستگۆڕکێیە، واتە وەسفکردنی درکپێکراوەکانی هەستەوەرێك بە سیفاتی درکپێکراوی هەستەوەرێکی تر.))[٢٦]

لە لایەکی تریشەوە گەڕانی بەردەوامی ڕەمزییەکان بە دوای شێوازی نوێ و نامۆدا، بەرەو خۆ دەربازکردن لە کێش و سەروای شیعریی بردن و بە شیعری ئازادی ئاشناکردن و بە لایانەوە کێش و سەروا خۆی لەخۆیدا جۆرە لەمپەردانان و سنووردار کردنێکی ئەندێشەی شاعیرو تەسك کردنەوەی ئاسۆی ڕوانینیەتی.[٢٧] ئەم گۆڕانە لە بنیاتی دەقی شیعری وای لە شاعیران کرد بەهایەکی تر بدەن بە وشەکان و لە پێناو یەکخستنی کێش و سەروادا بێهوودە ڕیزیان نەکەن ، بەڵکو بەگوێرەی بیری دەقەکە بەکاریان بهێنن، کە بێگومان ئەمە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر وێنە شیعرییەکانیشەوە هەبوو و مەودای لە بەردەم داهێنانیاندا فراوانتر



کرد ، تا وای لێهات وێنە لای ڕەمزییەکان بوو بە ((چەقی فەلسەفەی ئیستاتیکی ، هەر خۆیشی وەکو(فرانك کرمۆد) دەڵێت: دەفری ڕاستییە پرشنگدارە هەتا هەتاییەکەیە ، کەوا لە دەرەوەی کات و شوێن وەستاوە.))[٢٨]

## ٥ – ڕێبازی سوریالی

ئاکامە تراژیدییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی خەڵکی ڕۆژئاوا بەگشتی و توێژە ڕۆشنبیرەکەی بەتایبەتی تووشی جۆرێك لە نائومێدی و ڕەشبینی کردبوو، شاعیرانیش وەك بەشێك لەو توێژە لەو حاڵەتە بە دوور نەبوون ، بۆ ئەمەش کەوتنە گەڕان بە دوای ڕێبازێکدا ، کە لە ئاست خواستی سەردەمەکەیاندا بێت و بتوانێت ڕەنگ بە بارودۆخە پڕ لە نەهامەتییەکە بداتەوە، لە ئاکامدا لە سەر داهێنانی ڕێبازی سوریالی ، کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە فەرەنسا سەریهەڵدا، گیرسانەوە.[٢٩] ناوی ڕێبازەکە (سوریالیزم)، کە واتای (سەرووی واقیع) دەگەیەنێت ، خۆی لە خۆیدا چەمکی هەڵهاتن لە واقیعمان پێدەبەخشێت ، ئەو واقیعە دژوارو پڕ لە مەرگەساتەی ، کە بە بڕوای پێڕەوکەرانی ڕێبازەکە دەرهاویشتەی پشت بەستنی مرۆڤ بوو بە ( عەقڵ ، لۆجیك ، ئاگایی ، یاساو پرۆگرام ....هتد). بۆیە شاعیران دژ بە هەموو ئەو هێزانە وەستانەوە، ئەم تێڕوانینەشیان لە وێنە شیعرییەکانیاندا



ڕەنگیدایەوەو کاریان بۆ داهێنانی چەشنە وێنەیەك دەکرد ، کە لەسەر زەمینەیەکی پێچەوانەی ئەو هێزانە دامەزرابێت ، (( سوریالیزم لە بواری وێنەدا نایەوێت لە سنووری لۆجیکدا بووەستێت ، چونکە لۆجیك وەك زانستەو زانستیش لە سنووری ڕواڵەتی شتەکان دەوەستێت و حاڵەتە دەروونییەکان ئاشکرا ناکات ، بۆیە سوریالیزم دەیەوێت شاعیر لە ڕێگەی وێنەوە حاڵەتە دەروونییە سادەکان ئاشکرا بکات و پێیوایە وێنە شیعرییەکان وەك وێنەکانی خەون و خولیاو یادەوەری نەخۆشەکانن.))[٣٠] یان بەو وێنانە دەچوێنرێن، کە مرۆڤ لە حاڵەتی ئالوودەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکاندا دەیانبینێت.[٣١]

هەرلەو بازنەیەشەوە تەماشای خەونیان دەکردو بە گرنگیان دەزانی و بە لایانەوە ئەو دەلاقەیەیە ، کە تێیدا سنوور نامێنێت و شتە ناکۆك و دژبەیەکەکان کۆدەبێتەوەو کات و شوێن و ئارەزووە جیاوازەکانیش یەکدەخات. بەمەش جیهانێکی نوێ لەدایك دەبێت، لەم ڕووەوە دەوترێت :- ((وێنەی سوریالی بەو پەرش و بڵاوی و دابڕان و لەدەستچوونەی، کە تێیدایە سروشتێکی خەون ئامێزانەی هەیە. خەونیش گوزارشتکەری ڕاستەقینەیە لە بارە دەروونییەکان ، لەم ڕووەوە لە شیعر دەچێت، چونکە دەروون تێیدا گوزەردەکات بەپێی خووەکەی دوای ئەوەی کە لێی دادەبڕێت.))[٣٢] بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، پێوەندی نێوان وێنە شیعرییەکان لەم ڕێبازەدا

وەك پێوەندی نێوان ئەو كات و شوێن ورووداوە دوور لە یەكانەیە ، كە لە خەوندا كۆدەبنەوە هەروەها ئەو رایەڵەی لە نێوان وێنەی رێبازەكانی تردا هەیە، لە نێوان وێنەی سوریالییەكاندا نابینرێت. بەمجۆرە دەقەكانیان وەك تابلۆیەك خۆی دەردەخات ، كە پێكهاتبێت لە چەند وێنەیەكی بچووكی جیاوازو دوورلە یەك و ئامانجێكی تەمومژاویان هەبێت ، بە لای لایەنگرانی ئەم رێبازەوە(( یەكێتی لە نێوان وێنەكاندا پێویست نییەو بە جۆرێك لە كۆیلەیان دادەنا، چونكە هونەر وەكو ژیانەو سیستەمی تێدا نییە ، بۆیە هیچ پێویست بە هەبوونی رێكی و گونجاوی لە نێوان وێنەكاندا ناكات.))[٣٣] بۆ ئەوەی لەم شێوە دارشتنەش نزیك ببنەوە ، پێرەوی نووسینی (خۆكار - ئۆتۆماتیكی) یان كرد، كە تێیدا زمان بە شێوەیەكی جیاواز لەوە هەیەو باوە، بەكاردێت[٣٤] و دوور لە سانسۆری عەقڵ و لۆجیك وشەكان پێكەوە دەبەسترێن. هەروەها سوریالییەكان بڕوایان وابوو، كە شیعر لە هەموو هونەرەكانی تر زیاتر لە توانایدایە بە ناخی مرۆڤدا رۆبچێت و پەردە لە رووی خواست و ئارەزووە كپكراوەكانی نەست هەڵبداتەوە، لە ناو شیعریشدا وێنە دیارترین رەگەزە ، كە ئەو ئەركە بەجێبهێنێت، بەو پێیەی لە نەست و عەقلی ناوەوە سەرچاوە دەگرێت و داهێنراوی ئەوانە.[٣٥] لەم تێروانینەیاندا كەوتبوونە ژێر كاریگەری بیروڕای زانایانی دەروونزانی بەگشتی و (فرۆید) بە تایبەتی، هەروەك چۆن لە تێگەیشتنیان بۆ چەمكی



عەقڵ سوودیان لە بۆچوونەكانی(برگسۆن) لەمەڕ دەستەمۆیی و سنوورداری دەسەڵاتی عەقڵ لە لێكدانەوەی ژیاندا، وەردەگرت.[٣٦] سوریالییەكان سەبارەت بە پێوەندی نێوان خوێنەرو وێنەی شیعری لەگەڵ ئەوەدا بوون ، كە وێنەكانیان هەڵگری جۆرێك لە نامۆیی و سەرسامكردن بێت و خوێنەر بە ئاسانی لێیان تێنەگات، لەم خاڵەدا لەگەڵ شاعیرانی رەمزییدا هاوبەش بوون[٣٧]، بۆیە لە پێڕەوكردنی هەندێ لە جۆرەكانی وێنەدا چوونیەك بوون، لەوانە: (شێوازی هەستگۆڕكێ و ئاڵوگۆڕكردنی دركپێكراو).*

هەر لەو بازنەیەدا بەلای ( ئەندرێ بریتۆن)ەوە، كە یەكێكە لە دیارترین پێشەوایانی رێبازەكە، سوریالیزم بریتییە لە سەرەڕۆییەكی ناوەكی كەوا بە خوڵقاندنی وێنەكان لە نەبوون (عدم) كۆتایی دێت و بۆ ئەوە دەچێت، كە (( شاعیر لە كۆتایی ئەم سەرەڕۆییەدا وێنەگەلێكی گەردەلوولی تەقێنەر دەهێنێت ، كە لە توانایاندایە حاڵەتێكی سرووشی وا لە خوێنەردا بەرپا بكەن، جیهانی ئێستا تێبپەڕێنێت ، واتە دروستكردنی وێنە لە هیچ و نەبوون)).[٣٨]



**پەراوێزەكان:**

١. د.سمیر علي سمیر الدلیمي ، الصورة في التشكیل الشعري (تفسیر بنیوي) ، دار الشؤون الثقافیة العامة ، بغداد ، ١٩٩١ ، ص (٥٤)، د.أحمد مطلوب ، ص ( ٣٥) .

٢. بڕوانە : د.محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعرو نقده ، ص (٦٦) .

٣. هۆراس ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی : حەمید عەزیز ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، لا (١٧) .

٤. رەزا سەید حسێنی ، قوتابخانە ئەدەبییەكان ، وەرگێڕانی : حەمە كەریم عارف ، دەزگای توێژینەوەو بلاْوكردنەوەی موكریانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، لا (٣٣).

٥. د. محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعرو نقده ، ص ( ٦٥).

٦. بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ، لا (٧٠ ) .

٧. بڕوانە : دیداری شیعری كلاسیكی كوردی ، ئامادەكردنی : حەمە سەعید حەمە كەریم ، چاپخانەی (دار الحریة للطباعة)، بەغدا ، ١٩٨٦ ، لا (٢٧٥) ، كە رای (د. كامل حسن عزیز البصیر)ە و پێشنیاری بەكارهێنانی زاراوەی (شیعری پێشین) دەكات .

٨. بڕوانە : د. كامل حسن عزیز البصیر ، لا (١٨٥ - ١٨٧).

٩. د. دڵشاد عەلی ، موحازەرەكانی رێبازی ئەدەبی ، قۆناغی دكتۆرای ئەدەب ، كۆلێجی زمان ، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.



١٠. د. عبدالفتاح صالح نافع ، ص (٧٧) ، ساسین سیمون عساف ، ص (٤٣ – ٤٤) .

١١. گۆران ئەم وێنانە بە زادەی ئەندێشەی لێكدانەوە دەزانێت ، واتە لە باسی ئەندێشەدا ئاوڕی لێداوەتەوە. بڕوانە: گۆران ، لا (٣١) . لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین ، كە گۆران زارەوەی (وێنە)ی بە واتای (رووخسار)بەكارهێناوە ، نەك(وێنەی شیعری) وەك ئەوەی (ئامر طاهر)تێی گەیشتووە . بڕوانە : ئامر طاهر ، نیمایۆشیج و عەبدوللاْ گۆران - نوێكردنەوەو دابڕان ، چاپخانەی حەجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، لا (١٤١- ١٤٢ ).

١٢ . دیوانی حەمدی : لا (٣٤٣ ) .

١٣. د. محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعرو نقده ، ص ( ٨٣) .

١٤. د. محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعرو نقده ، ص ( ٨٣) .

١٥. بڕوانە: ساسین سیمون عسّاف ، ص (٤٦)

١٦.د. عبدالفتاح صالح نافع ، ص (٨٦) ، د. محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعر ونقده ، ص (٧٨) .

١٧. د. محمد غنیمي هلال ، المصدر السابق ، ص (٨٠).

١٨. بڕوانە : د. محمد غنیمي هلال ، الرومانتیكیة ، دار الثقافة – دار العودة ، بیروت ، ١٩٧٣ ،ص (٢٤٠ – ٢٤١) .

١٩. بڕوانە : د. محمد غنیمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعر ونقده ، ص (٨٥) .

٢٠. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٩١) .

٢١. د. محمد غنيمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعر ونقده ، ص ( ٩٤) .

٢٢. بڕوانە: د.علي البطل ، ص (٢٧)، د.محمد غنيمي هلال ، النقد الأدبي الحديث ، ص (٤١٦) ، د.محمد الصادق عفيفي ، ص (١٤٢) .

٢٣. بڕوانە : د. محمد غنيمي هلال ، دراسات و نماذج في مذاهب الشعر ونقده ، ص (١٠٥) .

٢٤. د. محمد غنيمي هلال ، الأدب المقارن ، الطبعة الثالثة ، دار العودة ، بيروت ، ص (٣٨٤) .

٢٥. د. فەرهاد پیربال ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، لا (١٤٣) .

٢٦. د.محمد غنيمي هلال ، النقد الأدبي الحديث ، ص (٤١٩ – ٤٢٠) .

٢٧. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤١٨) .

٢٨. بڕوانە: د. فەرهاد پیربال ، لا (١٤٦) ، ڕەزا سەید حسێنی ، لا (١٦٥).

٢٩. ساسين سيمون عسّاف ، ص (٥٦) .

٣٠ . بڕوانە : ڕەزا سەید حسێنی ، لا (٢١٩).

٣١. د. محمد غنيمي هلال ، النقد الأدبي الحديث ، ص (٤٢٥).

٣٢. بڕوانە : ساسين سيمون عسّاف ، ص (٦٢).

٣٣. بشرى موسى صالح ، ص (٦٩).

٣٤. د. عبدالفتاح صالح نافع ، ص (٨٨) ، بشرى موسى صالح ، ص (٧٠) .

٣٥. بڕوانە : ساسين سيمون عسّاف ، ص (٦٠) .



٣٦. بڕوانە : د. علي البطل ، ص (٢٨) ، بشرى موسى صالح ، ص (٦٨) ، عبدالعزيز إبراهيم ، شعرية الحداثة ، منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٥ ، ص (١٢٠).

٣٧. بڕوانە : د . فەرهاد پیربال ، لا (٢٢٨).

٣٨. بڕوانە : ساسين سيمون عسّاف ، ص (٦٤).

* هەر لەو چوارچێوەیەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، کە هەندێ لە شاعیرانی سوریالی سەرسام بوون بە وێنەی شاعیرە ڕەمزییەکان ، هەروەها بەرهەمی هەندێ لە شاعیرانی ڕێبازی ڕەمزی لە دواییدا بوو بە سامانێك بۆ شاعیرانی سوریالی ، لەوانە : ( ڕامبۆ ، مالارمێ). بڕوانە : د. محمد غنيمي هلال ، النقد الأدبي الحديث ، ص (٤٢٣) ، ساسين سيمون عسّاف ، ص (٦٤).

٣٩. ساسين سيمون عسّاف ، ص (٦٢) .



# شێوازی بینای چیرۆکی ( شیزۆفرینیا )

## لە نێوان هەڵوەشانەوەی نووسەرەکەی و پێکەوەنانی خوێنەرەکەی



د. عادل گەرمیانی

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەنێو بۆشایی سێگۆشەی نووسەرو دەق و خوێنەر پەنگدەخواتەوە ، هەموو نووسەرێك وەك پەیامنێر خاوەن پەیامە ئاراستەی خوێنەر یا پەیاموەرگرەکەی دەکات لەنێو تیۆری زانیاریدا (Epistemology)و ، هەر گۆشەیەك لەو سێگۆشەیە خاوەن هۆشیاری خۆیەتی بە شێوەی زنجیرەیی کار لە یەکتر دەکەن ( نووسەر - دەق - پەیاموەرگر ) بەهۆیەوە هۆشیاری دەق دەردەکەوێ و هۆشیاری نووسەر لەڕێی هۆشیاری دەقەوە کار لە هۆشیاری پەیاموەرگر دەکات .



کەواتە هەردوو هۆشیاری نووسەرو دەق هەوڵدەدەن ئاستی هۆشیاری پەیاموەرگر بەرز بکەنەوە ، لێرەدا شێوازی نووسینی دەق و داڕشتنی ڕووداوەکەی فاکتەرێکی کاریگەرن بەسەر چێژ وەرگرتنی پەیاموەرگرەوە ، کەوا یان پەیاموەرگرێکی ئاسایی دەبێ توانای شیکردنەوەو هەڵوەشانەوەی سیستەمی بینای ڕووداوی نێو دەقەکەی نییە ، یا پەیاموەرگرێکی زیرەك دەبێ و وەك ڕەخنەگرێك مامەڵە لەگەڵ دەقەکەو سیستەمی بینای ڕووداوەکەی دەکات و توانای بە کارهێنانی وزەی شیکاری مێشکیی هەیە لە پرۆسەی خوێندنی دەقەکە . ئەم لایەنە وامان لێدەکات بڵێین ڕەخنەگر خاوەن ئەقڵییەتی شیکارییە یا ئەقڵییەتی هەڵوەشاندنەوەیەو نووسەری دەق خاوەن ئەقڵییەتی پێکەوەنانییە لە نووسینی دەقەکەیدا .

خوێنەری دەقی چیرۆکی ( شیزۆفرینیا )ی دوکتۆر فەرهاد پیربال دەرك بەوە دەکات ئەو هاوکێشەیە لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەق ئاوەژووکراوەو، نووسەری دەق لەم چیرۆکەدا لایەنی پێکەوەنانی دیمەنەکانی ڕووداوی چیرۆکەکەی خستووەتە ئەستۆی خوێنەری دەقەکە تا شوێنی چیرۆکنووس وەربگرێ و ، ئەوسا دەبێتە نووسەری دووەمی دەق ، هەرچەندە هەردووکیان لە دەرەوەی دەق هەبوونیان هەیە ، بەڵام نووسەری ئەم دەقە لەڕێی بگێڕەوەی دەقەکە هەبوونی خۆی لەجیهانی ناوەوەی دەق بۆ خوێنەری دەقەکە دەسەلمێنی .

ڕووداوی ئەم دەقە بەلای خوێنەری هاوچەرخەوە نامۆ نییە ، چونکە لەم رۆژگارەی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری ڕووداوی لە هەمان چەشن هەن بەسەر گەنجە ئاوارەکانی دەرەوەی کوردستان هاتووە ، بەتایبەتی لە شوێنەکانی تاراوگەی ئەوروپا .

بەدبەختی و نامۆیی بەختیاری نا بەختیار لەوەدایە لێپرسراوانی فەرەنسا کارتی پەناهەندەیی بەم کوردە ئاوارە نادەن هەچەندە سێ ساڵە لەو وڵاتە دەژێ و ، لەم حاڵەتە دروستی یاسا فیزیکیەکە دێتە کایەوە ، کەوا هەموو کردەوەیەك کاردانەوەیەکی هەیە ئاستڕەوەکەی ( اتجاه ) پێچەوانە وەردەگرێ و ، کاردانەوەکە هەمان هێزی کردەوەکەی هەیە . ڕەفتاری ڕۆژانەی بەختیار لەو سێ ساڵانەی ئاوارەبوونی زۆر ئاسایی دەبێ و ، ڕۆژانە خزمەتی خەڵکی شارەکەی دەکرد لەڕێی پاککردنەوەی شۆستەی شەقامەکانی شارەکە لە گەڵای دارەکاندا ، تەنانەت بەوەش رازی بوو لە سنووری یەك کیلۆمەتری چوارگۆشەیی دەرنەچێ لەبەر بێ پارەیی ، بەڵام کاردانەوەکەی بەختیار لەو وەختە دەبێ ئەفسەرە فەرەنساییەکە دەیخاتە بەردەم هەڵبژاردنی گەڕانەوەی بەبێ ئۆمێدی بۆ وڵاتەکەی وەیا ناردنی بۆ نخۆشخانەی شێتەکانی پاریس .

خوێنەری ئەم دەقە هەست بە هاوسۆزی چیرۆکنووس لەگەڵ پاڵەوانەکەیدا دەکات کاتێك چیرۆکنووس هەوڵدەدات کار لە سۆزی خوێنەر بکات لەڕێی دروستکردنی هاوکێشەی سۆزداری لەنێوان



سۆزی پیرێژنە فەرەنسەییەکە لەگەڵ بەختیاردا لە لایەك و ، سۆزی دایکی بەختیار لە نەخۆشخانەی شێتەکانی هەولێر لەگەڵ گەنجە عەرەبە هەڵاتووەکەی شاری دیوانیە ، هەرچەندە گەنجە عەرەبەکە لەبەر هۆکارێکی ڕامیاری بۆ هەولێر هەڵاتووەو بەختیاریش لەبەر هۆکاری رامیاری بۆ فەرەنسا هەڵاتووە .کردەوەی بەختیار لە فەرەنسا وەك گزك دەرو خزمەتکەری شاری پاریس هەروەك کاری خزمەتکاری دایکیەتی لە نەخۆشخانەی شێتەکانی هەولێر. لێرەدا ئەم لایەنانەی لێکچوون و جیاوازییە لەم خاڵانەی خوارەوە کۆدەکەینەوە :

١- بەختیار وەك گەنجە عەرەبە هەڵاتووەکەیە لە ڕووی نالەباری ژیاندا ، بەڵام بەختیار بۆ دەرەوەی کوردستانی عێراق دەچێت و گەنجە عەرەبەکە بەرەو شارێکی کوردستانی عێراق دەچێت .

٢- بەختیار وەك دایکیەتی لە بواری خزمەتگوزاریدا .

٣- دایکی بەختیار وەك پیرەژنە فەرەنسەییەکەیە لە بواری سۆزداریدا .

٤- بەختیار وەك گەنجە عەرەبەکە لە شوێنە تازەکەی ژیانیان تووشی نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) دەبن .

٥- چارەنووسی بەختیار وەکە گەنجە عەرەبەکە نادیار دەبێ پاش خراپی پەرەسەندنی هێڵی کارەساتەکانی ژیانیان .

٦- بەسەرهاتی بەختیارو گەنجە عەرەبەکە ئەوە دەسەلمێنێ مرۆڤی



باش و مرڤی خراپ هەمیشە لە شوێنەکانی جیهاندا هەیەو کار لە چارەنووس و ئارەزووی خەڵکی دەوروەریان دەکەن .

هەموو چیرۆکنووسێك سەربەستە لە هەڵبژاردنی بابەتی نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی و ، ئەم کارە زۆر زەحمەت و ئاستەنگ نییە بەلای چیرۆکنووسەوە ، بەڵام لەوانەیە هەڵبژاردنی شێوازی داڕشتنی ڕووداوەکان ببێتە ئاستەنگ بەلای چیرۆکنووەوە ، چونکە شێواز وەکك ( بۆخمان)دەڵێت ، هەمان کەسێتی نووسەرەکەیە ، ئەمجۆرە هاوکێشە دوو لایەنە لە نێوان کەسێتی نووسەرو چیرۆکنووس و شێوازەکەی دەلالەدەسەڵاتی دەق بەسەر نووسەرکەی دەنوێنێ ، کەوا دەبێ بەدوای باشتر شێوازی کاریگەر لە داڕتنی بابەتی نێو ڕووداوەکانی دەقەکەی بگەڕێت تا پەیامی دەقەکەی بە پەیاموەرگرانی بەگەیەنێ ، چونکە هەردوو دەسەڵاتی نووسەر وەك پەیامنێرو دەقەکەی وەك پەیام هەوڵی کارتێکردن لە هەست و هۆشیاری پەیامورەگر دەدەن تا ئاستی هەست وهۆشیاری نووسەرەکە . هەریەکە لە سێ گۆشەی نووسەری پەیامنێرو دەقی پەیامدارو خوێنەری پەیاموەرگر خاوەن جۆرە هۆشێکن لە تیۆری زانیاریدا (Epistemology)و سەرچاوەی سەرەکی ئەم پرۆسەیە هۆشیار نووسەرە کەوا لە رێی هۆشیاری نێو دەقەکەیەوە کار لە هۆشیاری خوێنەرەکە دەکات و ، لەم پرۆسەیە شێوازی نووسەر گەوەترین رۆڵی کاریگەری خۆی دەنوێنێ هەروەها لەم پرۆسەیەدا ئاستی لێکدانەوەی خوێنەر وە پەیاموەرگر رۆڵی خۆی هەیە .



چونکە هەموو نووسەرێك هەوڵی بەخشینی چێژێك بە خوێنەرەکەی لە رێی شێوازی چیرۆکەکەیەوە دەداو ، هەرچەند ئاستی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خوێنەر باش و بەرز بێ ئەوەندە ئاسانترو خێراتر لە چێژ وەرگرتنەکە نزیك دەبێتەوەو ، لەم حاڵەتەدا ئێمەیش دەڵێین ،نووسەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەرە لە بواری بینای ڕووداوەکانی نێو دەقی چیرۆکەکەی و خوێنەریش دەبێتە خاوەن ئەقڵێکی هەڵوەشێنەرەوەی بینای ڕووداوەکانی نێو دەقەکە تا بگاتە ئاستی چێژوەرگرتن لە دەقەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییەکەی ، کەوا زۆر مەبەستە بلای نووسەرو خوێنەرەوە.

ئەمجۆرە لێکدانەوە لۆجیکییەم لە سەرەتای ئەم رەخنەیەم بۆئەوە نوسی تا بەڕاشکاوی بڵێم خوێنەری زیرەکی دەقی چیرۆکی ( شیزۆفرینیا )ی د . فەرهاد پربالّ ، کەوا لە ژمارە ( ٢١)ی گۆڤاری ( رامان ) لە ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاوبۆتەوە ، تووشی ئاوەژووکردنەوەی بەدوا یەکتر هاتنی هەنگاوەکانی بینای دەقی چیرۆکەکە دەبێ کاتێك نووسەری دەق لە رێی شێوازێکی نوێی نووسینی چیرۆکی کوردی رێگا بە خوێنەرەکەی دەدا هاوبەشی بینای گشتیی ڕووداوەکانی بابەتی دەقی چیرۆکی ( شیزۆفرینیا )کەی بکات لە رێی ئەو (٠٣) سی دیمانەی نێو (١٥) پازدە دیمەنی چیرۆکەکەیدا هەیە ، کەوا لەسەر شێوازی لەت لەتکردنی بینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکە بونیادنراوەو ، خوێنەری ئەم چیرۆکە هیچ چێژێك لەم دەقە

وەرناگرێ ئەگەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەر نەبێ بە هۆیەوە بتوانێ سەر لە نوێ سەرجەمی بڕگەکان بینای گشتی بابەتی نێو رووداوەکانی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی زەنجیرەیی پێکەوە بنێتەوە . لێرەدا ئەوەی سەیری ئاستڕەوی ( اتجاه ) ( بڕوانەکانی کۆتایی هەر دیمەنێك ) لەو پازدە دیمەنە بکات ئەوسا بۆی دەردەکەوێ دیمەنی دووەم و حەوتەم و چواردەهەم سەرو سێ جارسەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنووسەوە بەرەو لایان ئاڕاستەکراوەو ، تەنیا یەك جار سەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنووسەوە بەرەو لای دیمەنەکانی یەکەم و پێنجەم و سیازدەهەم ئاڕاستەکراوەو ، سەرو دووجار سەرنجی خوێنەر بەرەو لای دیمەنگانی سێیەم و چوارەم و شەشەم و هەشتەم و نوهەم و دەهەم و پازدەهەم ئاڕاستەکراوەو بە پێی ئەم نەخشەی پۆلینکردنی گرنگی دیمەنکانی نێو چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێ دیمەنەککانی (٢+٧+١٤) زیاتر گرنگن لە نێو بینای دەروونیی بابەتی چیرۆکەکە ، کەوا لەمەر نەخۆشی شیزۆفرینیایەو ، دیمەنەکانی ( ١+٥+١٣) کەمتر گرنگن لە رووی دەروونییەوە لە بینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکەو، دیمەنەکانی ( ٣+٤+٦+٨+٩+١٠.+١١+١٢+١٥) خاڵی ناوەندین لە هێڵی پەرەسەندنی گرنگی دیمەنکانی ئەم چیرۆکە ، کەوا شێوازەکەی تەقلیدی نییەو پێچاو پێچ و نوێیە لە چونێتی نووسینی چیرۆکی کوردیی هاوچەرخدا ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە د.فەرهاد وەك شەیدایەکی نوێ خوازییە لە صیرۆکنووسیدا هەڵی پیشکەشکردنی ئەمجۆرە شێوازەی داوە لە رێی



بەکارهێنانی مەقەسی شێوازی لەت لەتکردنی بینای چیرۆکەکەی . خوێنەری زیرەك و پاش پشت بەستن بە گرنگی ( شێوەی -٢) کەوا سێ کەڕەت ئاڕاستەکردنی سێ جاریی بەدی دەکات ، دەتوانێ سرۆشتی بینای کات لە نێو ئەم چیرۆکە دەستنیشان بکات ، کەوا بەم شێوەیە ( کاتی ئێستا -کاتی ڕابردووی نزیك - کاتی ڕابردووی دوور ) ، چونکە دیمەنی دووەم ، کەوا دیمەنکانی (٦+١١+١٢) ئاڕاستەی کراوە ، لە بارەی کاری ئێستای دایکی بەختیار دەدوێ وەك خزمەتکارێك سێ رۆژ لە خەستەخانەی شەماعییەی هەولێر کاردەکات و رۆژانی دیکەی هەفتە لە ماڵی دەوڵەمەندەکانی شار جلوبەرگ دەشوات و نێو ماڵیان بۆ پاك دەکاتەوە . کاتی نێو دیمەنی حەوتەم ، کەوا دیمەنەکانی (٢+١٢+١٥)ئاڕاستەی کراوەو ، کاتی ڕابردووی نزیکەو لەمەڕ دڵڕاوکێی بەختیارو پێنجرۆژ ریش نەتاشینی دەدوێ و ، کاتی نێو دیمەنی چواردەش ، کەوا دیمەنەکانی (٣+٥+٩) ئاڕاستەی کراوەکانی ڕابردوو دوورەو لەمەڕ مانەوەی بەختیار لە فەرەنسا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ بەخشینی کارتی پەناهەندەیی دەدوێ ، کەواتە سروشتی کاتەکەش دەروونییەو پێوەندی بە بینای بابەتی دەروونیی چیرۆکەکەوە هەیەو صیرۆکنووس رێ بە وێنەری دەدا لە کاتی ئێستای نێو چیرۆکەکە بەرەوکاتی رابردووی نزیك بڕوات و پاشان زیاتر دابەزێت بۆ رابردووی دوور تا لە نزیکەوە ئاگای لە ڕاستی بەسەرهات و کردەوەکانی کاتی ئێستای ژیانی بەختیار ببێت کەوا تووشی



نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی ( شیزۆفرینیا) دەبێ و ، بەبێ ئاگا لە خۆ شووشەبەندی کۆگاکان و دەڕابەو کەبەنگی دەکانەکان دەداتەبەر شیشە درێژەکەی دەستی و ، ئەوسا دەگیرێت و ئەفسەری پۆلیسخانەکە دەیخاتە بەر دوو هەڵوێستی لە یەکتر ناخۆشتر کەوا یا بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە ، وەیا بۆ خەستخانەی شەماعیەی فەرەنسا رەوانە بکرێت . سروشتی بابەتی چیرۆکەکە مۆرکێکی رەخنەگری پێوە دیارەو ، لە سیمای رەشبینی دوور نیە . ئەمەش هەر خۆی یەکێکە لە دیاردە سەرەکیەکانی ریالیزمی رەخنەگری کەوا بەرەنگێکی رەشبینی تابلۆی رووداوەکان رەنگڕێژە دەکات . هەروەها پاڵەوانی ئەمجۆرە ریالیزمە کردەوەی خراپە زیاتر لە کردەوەی چاکە دەنوێنێ . واتە پاڵوەانەکە پاڵەوانێکی نەگۆڕ ( flat character) نییەو ، بە یەکجاری لە ژێر کۆنترۆڵی چیرۆکنووسەکە نییە ، بەڵکو دەیەوێ بارودۆخەکەی بە پێی ئاەزوو و بەرژەوەندیەکانی سووڕ بدات و بچەرخێنێ .

هەروەها سروشتی بابەتی صیرۆکەکە رۆڵی خۆی بینیووە لە زیاتر هەڵبژاردنی ئەوشوێنانە بۆ سەرهەڵدان و نواندنی ئەو رووداوانە کەوا لە بازنەی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی دەروونیی کاریگەر دەخولێتەوە . لێرەدا هەڵبژاردنی فەرەنسەو پاریسی پایتەختی لەلایەن چیرۆکنووسەوە ، وەك قەوارەیەکی شوێنی کراوەو ئۆمێدبەخش بەلای گەنجانی رۆژهەڵاتەوە ، رۆڵێکی کاریگەری خۆی هەبوو لە زیاتر هاندانی خوێنەر بۆ گەڕان بەدواری هۆکاری نامۆیی



بەتیار ، ەوا بە ڕاستی ژیانی لە پاریسدا زۆر نابەخیتارەو دیارە چیرۆکنووس بەمەبەستی توانج گرتنەوە ئەم ناوەی بۆ پاڵەوانە نامۆو بەدبەختەکەی چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە ، کەوا لەلایەکەوە ، وەك نەفرەت لێکراوە لە فەرەنسا کارتی پەناهەندەیی پێ نابەخشرێت پاش ئەو سێ ساڵەی ژیانی پڕ لە ئەشکەنجەی دەروونی لە پاریس هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئارەزووی گەڕانەوەی ب وڵاتەکەی نییە ، چونکە خونێك لە مێشکی گەڵاڵەبوو بوو بەهەر نرخ و کردەوەیەك بێت تێدەکۆشێ بیهێنێتەدی بۆیە هیچ بڕیارێك نادات کاتێك ئەفسەرە فەرەنسەییەکە سەرپشکی دەکات لە نێوان گەڕانەوەی بۆ باوەشی وڵات وەك دایکی دووەم لە نێوان چوونی بۆ خەستەخانەی شەماعییەی شێتان و مێشك تێکچووانەی پاریس لەبەر ئەو کردەوە نادروستانەی کاتێك دەڕابەی کۆگاکان و شووشەبەندەکانیان دەداتەبەر شیشە ئاسنینەکانی دەستی .

هەروەها سروشتی رووداوی دەروونیی ئەم چیرۆکە رۆڵی کاریگەری خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی جۆرە گرێچنێك (plot) پێچاوپێچ و هێڵەکەیی سەردەکەوێ تا دەگاتە ئەو لوتکەو کۆتاییە کراوەیە .

ئێمە وەك پڕۆژەیەکی سەر لە نوێ دارشتنی رووداوە لاوەکیەکانی بەسەرهاتی بەختیارو دایکە کلۆڵەکەی دەتوانین بە شێوازێکی بینای لاسلیی کۆنی چیرۆکنووسین پێشنیاری ئەوە بخەینە بەردەستیخوێنەری دەقی ئەم چیرۆکە دەروونییە ، کەوا دیمەنەکانی (١+٥+٧+٤+١٤+١٢+١٥+٢+٨+١.) بە شێوەی یەك لە دوای یەکتر ریز

بکاتەوەو ئەوسا بە ڕوونی هێڵی پەرەسەندنی ڕووداوی چیرۆکەکەی بۆ دەردەکەوێ ، بەڵام هەمیشە هانی خوێنەری ئەم دەقە دەدەین هەوڵی بەرزکردنەوەی هێڵی چێژ وەرگتنەکەی بدات تا وەك چیرۆکنووسە داهێنەرەکەی ببێتە خاوەن هەمان شێوازی دارشتنیپازدە دیمەنە جیاوازەکانی ڕووداوی دەروونی ئەم چیرۆکە ، کەوا پاڵەوانەکەی لە پاش کەرتبوونی کەسێتی ( شیزۆفرینیا) وەك کاردانەوەیەکی بارودۆخە دەروونییەکەی ئەو کردەوە نا دروستانە دەنووێنێ .

لێرەدا بەتەواوی ڕاستیی وتەکەی کارل مارکس دەردەکەوێ ، کەوا (( هۆشیاری مرۆڤ شێوەی هەبوونی دیاری ناکات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە شێوەی هەبوونی کۆمەڵایەتیەکەی هۆشیارییەکەی دیاری دەکات ))و ، لەم حاڵەتە بۆمان نییە بەختیاری پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تاوانبار بکەین بە تووشبوونی بە نەخۆشی کەرتبوونی کەسێتی ( انفصام الشخصیە - الشیزۆفرینیا )، چونکە شێوەی هەبوونی وەهای لێکرد ببێتە خاوەن ئەو جۆرە هۆشیاریی و کردەوە نادروستانە .

تێبینی : چیرۆکی ( شیزۆفرینیا ) لە ژمارە ( ٢١)ی گۆڤاری ( رامان ) بڵاوکراوەتەوە .





# داهێنان لەبیری محمد ماغوتدا

د. فاروق نەقشبەندی

لەمێژووی دێریندا بلیمەتی مرۆڤ و کارە سەر سوڕهێنەرەکانی لەبۆتەی قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی کۆمەڵگادا ئەم بیرە گەشە سەرەتاییانە ئەگەر دەلالەتی واتای هۆشمەندی بوبێت، ئەوا





لەگۆشەیەکی دیدیانەوە ئەو مرۆڤەیان بەسەرسامکەر زانیوە،کەلە گۆشەی بیرو باوەڕی ئایینیشەوە گەڕاندویانەتەوە بۆ هێزی باوەڕ بۆ توانستی خواوەندەکان!ئەم دیدەیان جۆرێکە لە "تیۆری پێشبینی کردن" وەك ئەوەی "هۆمیرۆس" لە داستانی "ئەلیازە" لێی ئەدوێ !

ئا لێرەوە داهێنان وا دەبینرێت کە "دیاردەیەکی ئاڵۆزی لە زۆر لایەنەوە تەماشای دەکرێت" هەندێك بەجۆرێ لە ئامادەبونی دەزانێت،با توانستی تایبەتیبێ بۆ وەبەرهێنانی بابەتێکی نوێ،هەمیشە بە جۆرێ لە چارەسەری دادەنێت بۆ ڕێگە چارەی کێشەیە لە کێشەکان.(١)

توێژە دەروونییەکانیش داهێنان لەم چاوگە بیریانەی خوارەوەدا دەبیننەوە کەسێکی وەکو "سیمگۆند فرۆید-segmond freud" "١٨٥٦-١٩٣٩" پزیشکی نەمسایی و دامەزرێنەری قوتابخانەی دروونشیکاری ڕابەری گەورەی دەروونناسانە خەریکی توێژینەوەی زانستی بوو،سەرچاوەی بیری ئەم هەسارە بەرزە ڕووناکە دەروونییە ژمارەیەك کەسایەتی سەر بە دەروازەی مێژووی،ئەی دەبێت لە ڕووی دەروازەی فەلسەفەی "ئەبوکرات"ی فەیلەسوفەوە داهێنان پێش ( ٥٠٠) ساڵ پ.ز لەو بارەیەوە قسەیان کردووە، بۆیە ئەمڕۆیش زانایانی فیسۆلۆژی و بایلۆژی لەو بڕوایەدان کە "زیرەکی،الزکاە، lntelligence" توانستی مێشکی مرۆڤ مێژەر دەکات لە پرۆسەی تێگەیشتن و فێربوون بۆ دروستکردنی بێگەی توانای سەرەتایی لە



خود گونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا،هەروەها پشتکردن لە دیدو بۆچوونەکان بۆ تێگەیشتن لە بابەتە لەیەك نەچووەکانی جیهانی دەرەوە،بەمەرجێك ڕۆڵی ژینگەشمان بیر نەجێت لە ڕووی گەشەو نەشونمانکردنی ئەو زنجیرە پەیوەستە.

لەم ڕووەوە کەسێکی ڕادەبەدەر لە زیرەکیدا لەم ئەڵقەیە جیادەبێتەوە،چونکە لای زۆربەی زانایاندا سەلمێنراوە کە "عەقڵی ڕادەبەدەر" توانایەکی مێشکی نا ئاساییە لەسەر ئاستی بیر کردنەوەی و توانای خولقاندن و هێنانە کایەوە. (٢)

هەندێ لە زانایانی بواری لێکۆڵینەوەی بەرایی ڕەچەڵەکیش وەك "گاڵتون-galton،١٨٢١-١٩١٠" لە زانا ڕابەرەکانی ئەم بوارە پێی وایە "زیرەکی لەژێر کاریگەری سیستەمی ڕەچەڵەکدا لە بەرهەمێکیدا" توانستی بلیمەتی ووراسی "١٨٦٩" دیدی وا وەدەرخستووە کە:-

داهێنان هێزێکی هۆشمەندی بێ سنوورە... ماوەییە کە لە خانەی زیرەکی منداڵانی بنەماڵەکان ماوەتەوە"لەتەلاری داهێنانەوە مل دێنێتە دەرێ و پێش وەخت حەشار دراوە و بەڕێگای سیستەمی ئەندامی کرۆمۆسۆمەکان دەکەوێتە بزاڤی گوێزانەوە."(٣)

لەڕووی کاریگەری ژینگە و کەسانی دەوروبەریشەوە بەلای ژمارەیەك لە توێژەرانەوە ڕوونە کە "چۆنییەتی بزاڤی کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو ناوەندەیە کە ئاکاری چۆنێتی پەیوەندی

خوو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ئاستی خوێندن و پرۆسەی پەروەردەیی خاوەن بەرنامەی دوور و درێژ تێکەڵاوی بە بزاڤی رۆشنبیری سەردەم وەها دەکەوێتەوە کە زەمینە خۆشکەر بێت بۆ داهێنان.

قۆناغی منداڵی "محمد ماغوت" دەرکەوتەی داهێنان!

منداڵی لە گفەو بفەوە... بۆ تەتەو یەعەو بابەو دایە الله رەنگە بەزار گوتن ئاسان بێت،بەڵام بڕینی ئەو قۆناغانە لەوانەیە لەسەنگەر بەجێ نەهێشتن ترسناك تر نەبێت! بــۆ ؟ چونکە منداڵی بۆ هەندێك لە تاڵی رووناکی رۆژەوە شەنگی وەردەگرێ بۆ هەندێکیش پارچەیەك کولێرەی بەدەست باوکی نەداراوە ئاوازەی خوێنە،چونکە ئەم گەردوونە دوو تای تەرازووی رەخساو نەرەخساوە،لەم دوو تایەشدا سەنگی جوان و پڕ لە خۆشنوودی منداڵی تێکەڵ بە یادەوەری شیرینی پڕ لە مەزە...... لە بۆتەی هەستێکی پرشنگدار لەرووی جیهانێکی پڕ لە خەون،نمونەی ئەو جیهانە پڕ لە داهێنانە ئەفسوناویەی کە لاپەرەکانی ئەدەبی هەناسەی سازانی ژیانی پێوە دیار و نزیك لە دیداربێت.

قۆناغەکانی داهێنان لە ژیانی (ماغوت)دا :-

کەسێتیەکی دەروون شپرزەی داخراوی وەك (ماغوت) بریتی





نییە کۆمەڵێ گرێ کوێرەی دەروونی و دڵ و دەروون و عەقڵێکی بە حەفتا کلیلەی جادووگەری داخراو... بەڵکو ئەم داخراوە لە جیاوازی گەنجینەیەکی ویژدانی و بیری پڕ لە فەڕ کە هەمیشە رووگەی سەرچاوەیان سپێدرابوو بە کێشەکانی (گەل و نیشتمان و مرۆڤ و گەردوون و سەربەستی) هەمیشە ئەم لایەنانە لە پێگەی گۆڕان و جێگۆڕکێی خۆیان دەکرد لە ژێر سێبەری کۆمەڵێ هۆکاری دیار و کۆمەڵێکی تری لە پەنهاندا حەشار دراوە،بۆیە دەبێت خوێنەر و لێکۆلەری بەرهەمەکانی "محمد ماغوت" زۆر وریا بێت لە خوێنەری وەك تێگەیشتن یا چڕ خوێندنەوەی چەند جارەی لە پێناوی



ئەنجامی نوسینەوەی کاری شیکاری بۆ بەرهەمەکانی لە رووی داهێنانی عەقڵی و زەینییەوە. بــۆ ؟ چونکە جۆرە جالاکیەکی داهێنراوە لای خوێنەر تەماوی خۆی نیشان ئەدات ئەمیش پەیوەستە بە ئەو فشار و پاڵە پەستۆ کۆمەڵایەتیانەی کە هەمیشە زەنگەباری بیر ە جەستە و دەروونی (محمد ماغوت) بوون چ لە رووی دەروازەی خودی یان کۆمەڵایەتی یان رامیاری.

بێینەوە سەر پۆلێنکردنی سیستەمی ئاکاری مێژوویی قۆناغی سەرچاوەی هەڵچوون خۆ راوەشاندنی داهێنانەکانی ژیانی "ماغوت"، لێرەوە ویستگەی جیاوازی لە یەك نەچوو دێتە بەر دیدمان بە پۆشینی کالای جیاواز لەجەستەی داهێنان رووی بیری "ماغوت" دا.

نابێت لامان سەیر بێت کە هەندێجار پەرینەوەیەکی تێگەیشتووی تیشك ئامێز لە بەرهەمەکانی ئەودا بەدی دەکەین کە رەنگە لێکۆڵەری وورد بتوانێ بیسەلێنێت کە "خوێنەری هەندێك لەو بەرهەمانە هێشتا لە لانگەی ژیاندا رانەژەنراون....

بـۆ؟ چونکە سەرەتا ووتمان ئەم شپرزانە پەلاماری کەوڵی ئەدەبیدا نایەسەرشان لەرووییەکی ترەوە بابەتەوانی گونجان لەگەڵ خوێنەر وادەبینرێ کە ئەدەبی (١٠)ساڵ لەمەوبەر نوسیوێتی ئێستا کاری پێدەکرێ و دەچێتە سەر خەرمانلۆخەی ئەدەبی سۆشیال دیمکراتی مرۆڤ خوازانە....

لەم ڕێچکە بیریانەوە دەگەینە ئەوەی بەڵێینی "محمد ماغوت"



دیاردەیەکی تاکی جیاواز شێوازە لە هەمووان وەك داهێنانیش لە جیهانی ئێستاماندا بۆیە رۆنان بە بیر و ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا چەند هیلاکی و زەینیەشەی بەناچەوانەیەوە سەد ئەوەندەی سەرمەستی "بیلیمەتی و دانایی پێشبینی لەگەڵ تویژێکی ئاورێشمانەی واتای دژەباوانە چ لە رووی هات و نەهاتەوە چ لە رووی موژدەی دوارۆژی ئەدەبێکەوە کە لە بەرهەمی جوێنەوە و جێگۆڕکێی لا پڕبێت.

بەرهەمە جیاوازەکانی ماغوت بە ناونیشانێك دەست پێدەکات کە زۆر خەیاڵاوییە لە جیهانی ئەدەبدا کە تروسکەی هۆنراوەیە لە شەوی تاردا بە ناونیشانی :-

**١- خەمێك لەبەر رووناکی مانگدا.**

**بەیروت-لوبنان -١٩٥٩**

**٢- ژوورێك لە مەلابەینی لە دیوار.**

**بەیروت-لوبنان -١٩٦٠**

**٣- شادی پیشەی من نییە.**

**سوریا-دیمەشق-١٩٧٠**

وەك شانۆگەری نوسینیش قەڵەمەکەی رەنگینە،هەرچەندە هەندێك لەوانە نەتوانراوە لەسەر تەختەی شانۆ ببینرێت،هەندێکی ترمان تا ساڵی (٢٠٠١) چاپ نەکراوە (٤) ئەوانەی لەسەریان رۆشنبیری هەیە ئەمانەن :-

**١- چۆلەکە پشت چەماوەکە.**

**نەنوێنراوە-١٩٦٠ نوسراوە لە (١٩٩٨) چاپکراوە.**

**٢- گاڵتە جاڕەکە.**

**ساڵی ١٩٦٠ نوێنراوە (١٩٩٨) چاپکراوە.**

**٣- تشرینی لە ناوچوو.**

**چاپ نەکراوە ١٩٧٣-١٩٧٤ نوێنرا لەسەر شانۆ.**

**٤- تاراوگە.**

**چاپ نەکراوە (١٩٧٤) نوێنراوە لەسەر شانۆ.**

**٥- پێکەکەت ئەی نیشتمان.**

**چاپ نەکراوە، (١٩٧٩) نوێنراوە.**

**٦- لەدەرەوەی ڕەوی باڵندەکان.**

**نوێنراوە چاپکراوە، ساڵی (١٩٩٩).**

**٧- شەقایقی نوعمان.**

**چاپ نەکراوە، (١٩٨٦-١٩٨٧) نوێنراوە.**

لەسەر ئاستی سینەمایشدا تا ئێستا (٣) بەرهەمی قەشەنگی هەیە کە بریتین لە:- "سنوور، ڕاپۆرت، موسافیر" وەکو کاری تەلەفزیۆنیش خاوەنی (٣) زنجیرەیە لەوانە "حەکایەتەکانی شەو، هەڵەلەکۆی دایە،شیوی مسک" وەك بابەتی ڕۆمانیش تەنها بابەتێکی ڕووی ڕووناکی بینیوە ئەویش ڕۆمانی "جۆلانێ"یە کە ساڵی (١٩٧٤) نوسراوە و هەمان ساڵ و لە (١٩٩١)یشدا چاپکراوەتەوە.



ئەم کارە ئەدەبیانەی "ماغوت" دابەشدەکرێن بۆسەر سێ قۆناغ وەکو :-

١- قۆناغی سەرەتاکان.

٢- قۆناغی گۆڤاری شیعر.

٣- قۆناغی لە شەقەی باڵدا.

وەك لایەنی ڕۆژنامەگەریش پچڕ پچڕ هاوکاری کردووە بەتایبەتی لە ووتاری "تەنزو گاڵتە ئامێز"دا.

ماغـــوت لە وێنەی ئەدەبێکی پاپەند بە کێشەی گەل و نەتەوەکەی ڕووداوەکان زۆر کاریگەر بووە لەسەر چەمکی داهێنانی بیری. بۆ نمونە وەك نەخشەی کۆرنۆلۆژیای ڕووداوەکان "شەڕی فەلستینی ساڵی ١٩٤٨، شەڕی ١٩٦٧،شەڕی ١٩٧٣،شەڕی لوبنانی ١٩٨٢،شەڕی عیراق و ئێران ١٩٨٠،کەنداوی نەوتی ١٩٩٠" جگە لەم ڕووداوانەش ڕووداوی ژیانی کەسی قۆناغی منداڵ مێردی و هەژاری و ئازارەکانی حیزبایەتی ئنجا فشاری بەندکردن و ڕاگوێزی و خۆشاردنەوە و ڕاکردن لەبەندایەتی و بەندکردن لەنێو ئەم ئازارانە گشتیان کەوتنە بەر "گڕوگڵپەی" خۆشەویستییەکی پڕ لەداوێن پاکی کچۆڵەکەی دێکەی خۆیان بەناوی "لەیلا" دوای ئەم قۆناغانەش قۆناغێکی وورتری عەقڵانییەت تر کە بەهێزترین ڕایەڵی بیری ماغوت دەبینرێ لە گوێزانەوەی بۆ شاری (بەیرووت) بە شێوازی (دزەکردن) سەیری چەرخی چەپگەری ناهەموار کە



چۆن لێزمەی ناتەبایی دەبارێنێ بەسەر پیاوچاکانی ئەدەبدا. لەویش گیرسانەوە بەباڵای بیری کۆمەڵی شاعیرانی هەڵکەوتوی لاوە ناسینان لە ڕێگای هاوڕێ یەوە "ئەدونیس" ئەم پەیوەندی بەوانی کرد کە پێگەی خۆی بسەلمێنێ و شاعیرێتی خۆی بگەیەنێتە ئاستی ڕیشەی سەرەکی ڕەگ داکوتان...بویش بەنوسەر و شاعیر و پیاوێکی ڕاستخوازی چەسپاوی سەربە قوتابخانەی چاك بیر و باوەڕی. ویستی هات و نەهاتی ژیانیش وەهابوو کە شوونـاسی پەیدا بکات لەگەڵ ئافرەتێکی عەقڵمەندی ئەدیبدا بەناوی "سەینە صالح" کە پەیوەندی ئەم ئافرەتە لە ڕێگای "خالدە سعید"ەوە بوو کە خێزانی "ئەدونیس" کەواتە "سینە و خالدە" خۆشکبوون!

بۆیە چیرۆکی خۆشەویستی کەوتە نێوانیان و پاش وەخت "سەینە" بووە هاوسەر و هاوبیری بۆیە ڕستە کە دەڵێ :- (هاوسەری ڕێك و پێك ژەمێك خواردنی ڕووحییە و دەتگەیەنێتە ئاسمانی داهێنان.)

بە هەمان سەرنجەوە دەتوانین بڵێین ئەم ژەمە پەیوەندی ڕۆحیە توانای چرۆی داهێنان لە بیری "ماغوت"دا زیاتر بە چرِی پەلی پێ بهاوێ!

پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانی (محمد ماغوت) زۆر دڵخۆشکەرە و سەرکەوتوانە بووە، توانیوێتی (سەنیە صالح) خێزانی زۆرینە پاڵەوانی بەرهەکانی "جۆلەکەی پشت کۆم" و "ژوورێك بە



هەزار دیوار" و "خۆشی پیشەی من نییە" و "بە هیچ جۆرێك نەرمە لیقەیی بۆ مێینە تیا نییە ؟ بەڵکو ئەم پەیوەندی کۆمەڵایەتییە وەکو ڕەگی ئاڵتونی گەوهەرساز وایە لە زەویدا چەقی بێت،بۆیە خۆی دەڵێت :- (سەنییە لە سێبەری هەموو پیتێکدا مەستە)(٥)

داهێنانی ڕێچکەی بیری ماغوت لە دەروازەی عیشق ئەوینە وە لەوێوە دەچینە ژووری لە پێناوی هەڵکردنی تاسەی وەرگرتنی چەند دڵۆپی سەبووری لە هۆنراوەی (الحب خگوات حزینە في القلب) دەڵێت :- زۆر دەسپێکێکی جوان و ناسك و ئاوداره بەجۆرێك خەمە گەورە پێپایانە پەستادتەکان کە ئەم گەردونەی جیهانی بە مرۆڤ بەخشیویەتی کە دەکاتە شڵپەی تەقینەوەی بڵقەکانی بیر و بۆچونیان بابڕۆین کۆڵ هەڵگری نیوەی خەمی بین ئەکەر شێوەی قەرەجێکی بێلانەو بانەش بین لەگەڵ ئەم جۆرە هۆنراوەدا خاوەن وولات وەك چەمکی هاوڵاتیش سەیر سەبر مرۆڤین.

**ئاخ خۆشەویستی تۆی چەند هەنگاوێکی خەمۆکی لە دڵدا**

**بەستیەکەیش پاییزێکە لە نێوان دوو گۆپکەی مەمکدا**

**ئەی ئەو مناڵە زەنگی ئەداڵی لە دڵمدا لێـــدەدەین !**

**لەم دیو دەلاقەکەوە لە قاوەخانەکەدا دوو چاوە گەشە پرشنکدارەکانی دەبینم**

**لە تێوی ئەو شەماڵە سرکەدا کە ســـاردە**

**چەند تامێسکاوییە ماچەکانی قرسترن لە تاوێرەی گەورە**
**ئای کە ستەمکاری خۆشەویستەکـــــەم**
**چاوەجوانـــەکانیشت بۆتە**
**دوو جێ نوێنی بەر بـــاران (٦)**

ڕووی داهێنان لەم کۆپلە هۆنراوەیەدا سەر بە قوتابخانە دەروونییەکەیە،قۆناغی مێرد منالّی،"ماغوت" لەیریا گەشەی کردووە جۆرێکە لە هەژاری و نەداری و چەوسانەوە و مەحرومیەت پاڵەپەستۆیانە لە ناوەڕۆکی جەستەی هۆنراوەکەدا... خاوەنی دوو چاوە جوانەکە هەر (خودی) شاعیرە،بەلاّم بە جێگۆرکێی پاڵەوان لێرەدا هەستکردن بە ستەم دیدەکە سیمای داهێنانە لە زنجیرەی بەندی وێنەکاندا.

"ماغوت" چەمکی ڕەشبینی و نامۆیی و تۆرانیش زۆر زەقن لە بەرهەمەکانیدا بەنمونە (٤٠)ساڵ تەمەنی لە شام لە شاری (دیمەشق" بەسەر بردووە کەچی زۆر بەگومانەوە لە تاسەی وەسفی ئەو شارەدا جۆرە هەناسە تەنگییەکی ووشە هەستی پێدەکەین کە دەڵێ :-

(دیمەشق ئەو شارەیە کە تۆ خۆشتدەوێ و ئەو ڕووت تێ ناکات،کەچی خەڵکینە بزانن چل ساڵ بە شیعری مەمکی بیرم پەروەردەم کرد کەچی ناتوانم ساتە وەختێ پشتی لێ هەڵکەم... ئەزانن بـــۆ ؟؟ چونکە من ئەو شارانەم خۆشدەوێ کە تیاما دەژین نەك من تیایانا بژیم پشزانن ئەو دیمەشقەم خۆشناوێ کە



ڕێگەوبانە،بەڵکو ئەو دیمەشقەم خۆشدەوێ نیشتەجێی ناو تیابوونەکانمە.)(٧)

کاری بیر لەم پەخشانە وەسفیەدا دەچێتەوە سەر ڕایەکی فەیلەسوفێ بەناوی "جورج بوفون" لە ستایشکردنی شێوازی نوسیندا دەڵێت :- ( هونەر و ئەدەب خالّی جیاوازی بەهێز تیایاندا ئەوەیە کە زانست جیایان دەکاتەوە... ئەرکی سەرشانی ناوەڕۆکی ئەمان بریتییە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکە کە ئەرکێکی سەرەکییە نەك ڕێخستنی زانیاری و کۆکردنەوەی... بەواتایەکی قوڵتر با دەربڕینی بۆبکەین دروستکردنی قەوارەی ژیانە... بەلاّم کام دروستکردن؟ بەلایەنی خوڵقاندنی نوێ و داهێناندا،بەلاّم بەو شێوەیەی کە تێدەگەین و چەشەی گیانی و دەروونی و جەستەیی لێ وەربگرین.)(٨)

لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم ڕایەی (بوفون) لە کاری شیکاری واتایی و زمانی (ماغوت)دا کۆی ئەو واتایانە دەگەیەنێت.

لەسەر ئاستی نیشتمانیش "ماغوت" چەند گیانی یاخیبون بزاڤی بیری ڕەخساندووە دە هێندەیش خۆشەویستی وولاّت شمشیری قین و بەر بەربەرەکانی لە کالان بێ دەرهێناوە دژی ڕژێمی " عبدالمجید سراج" ئەمی شاعیری پابەند ووشەکانی تاسەی دەربڕین و ناگەشەی ئازادین بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و پێوەندی کۆیلایەتی و تیژ کەرەوەی چەکی پیاوەتی سوارچاکییە لە دڵ و گیانی هاوبیرانیدا.... ووشەکانی



سیمبولی هێز و ڕاپەڕینی بەڕووی ئەو ڕژێمە ستەم دیدەیەدا :-

**ئەی ئەوانەی کەس و کاری من**
**ئەی گەلەکەم**
**ئەی ئەوانەی وەك فیشەکێکی سەڕۆ**
**منتان تەقاندە دەرەوەی جیهان !**

بەدوای ئەم کۆپلەیەدا پەنا دەباتە بەر سروشت وەکو هەموو هەڵگری بیرێکی ڕۆمانی هەست دەکات لەوێ ئازادی ڕا دەربڕین و گوێگرتن زیاتر بۆ ووشە بیرییە چەخماخەیەکان ڕەخساوە دەڵێت :-

**ڕوو لە ئاسمانی زەبەند !**
**ئەی هەورە تابلۆیەکان**
**بڕۆن !**
**سەر شۆستەکانی وولاّت**
**شایەنی ئەوەنین هەتاکو قوڕ و لیتەیشتان بۆ بباریێ !**

لە هەمان هۆنراوەدا دەگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی گەڕان بە شوێن خودی تۆراویدا و دەڵێت :-

**گاز دەگرم لە شادەمارەکانم**
**وەك گەنجێکی هەرزەی سەرلێ شێواو !**
**هێندە ملم درێژ دەکەم**
**تا وەکو بولبولێ هێندە چریکەم بەرز بێ !**



**ئەنجا داوا لە خودادەکەم**
**ئەم نەتەوەیە لە ناو بەرێت !**

"ماغوت" ڕشبینێکی ڕقاوییە،بەلاّم هەموو ساتەکانی بیری لە سێدارەدانی تیا لە دایك نابێت،بەڵکو هەڵوێستی تابلۆی وێنەیی بڕیاری وەسفی جوانێتی تیا دەبینرێت.

لە ڕووی شۆڕشگێڕیشەوە (ماغوت) داهێنانەکەی لەوەدایە هێندە سۆفیەکی بزرۆکی ئەدەبە هەموو بەرزەخەی کات و ڕێچکەی دووری ئاسمانەکان تەی دەکات و دەبڕێ ئەیەوێت جۆرە بانگەشەیەکی شۆڕشگێڕی مرۆڤ بۆ ڕزگابوون بگەیەنێتە ئاسمانەکانیش... بۆیە ئەم کردەوەیە نامۆییە وەك زەمەنی داد و زەمەنی داد لێکراو زەمەنی دادکەر بۆتە جۆرێك لە "بای دەشتی داهێنان".

**ئادەی بیتاقەی سەفەرێکم وێ دەن**
**بڕۆم بەرە و ئاسمان**
**ئەزانن بـــۆ ؟ لە دێش قامچیەك**
**لە شۆڕش دەخەمە دەستی خوا !**
**بۆ ئەوەی ئەویش باڵپیوەنەرمان**
**بێت بۆ هەڵسان بە شۆڕش !**

چرکەی ویستی نامۆیی ڕیشەی داهێنانەکە لەوەدایە کە شاعیر "پەیوەندی بەندایەتییەکەی خۆی بەگوێرەی داوا ڕەواکانی پابەندبوونی خوا بە قەبوڵکردنیان وەستاوە".

لە کۆپلەیەکی تردا هێمنتر تاپلۆی داهێنان هێوتر ڕەنگەکانی پیشان دەدات :-

**ئەی خوایە گیان**
**ئەو پەلەوەرانەی لە خوێنی خۆیاندا گەوزاون**
**پاڵپەستۆ جەستەیان خراوەتە سەریەك**
**وای لێکردوین نازانین چیبکەین**
**خەریکی خۆشەویستی من**
**یان بچینە نێو پێخەفی نوستن**
**یان ئاوێنە بخەینە بەرامبەر**
**جەسووری پاڵەوانان !**

لەم سوکە لێکۆلینەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین "ماغوت) مرۆڤ بیرکەرەوەیە، بەڵام لەژێر پەستانی نەهامەتی پەروەردەی منداڵی ژینگە ڕامیاری ستەم دیدە و ئاوارەی و دابڕن لە زێدی بنەڕەتی خۆی ئازارە تولێیەکانی قۆناغی بەسەر جوی کردۆتە شا ئازار.

فەلسەفەی ئەم بەو شێوەیە دارێژراوە کە مرۆڤ دەمرێت، بەڵام "نیشتمان و خاك ئەرکی چاك دووناودوونی لەو جەستەی مردووە دەبێتەوە".



پەراوێزەکان:

(١) داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرییەکەوە،ڕۆشنا ئەحمەد،ل١٠

(٢) د.أديب محمد علي،التفومد المقلى بين النظرية والطيقة ١٩٨٥.

(٣) هل الزكا وراثي ؟ مجلة الكناع العربي عدد ١٩٣ سنة ١٩٧٤ .

(٤) محمد الماغوط، وطن في وطن، لؤى أدم، دراسة تجريبية، تحليلية، تركيبية، دارالمدى للظقافة والنشر، سنة ٢٠٠١، سوريا-ديمشق

(٥) أعمال محمد ماغوت، دار المدى دمشق،١٩٩٨ ص٣٣.

(٦) سەرچاوەی پێشوو ل٥٦.

(٧) ڕۆمانی ((الأرجوحه، جۆلانی)) ١٩٧٤. بەیرووت.

(٨) ((جورج - بوفون ، geroge buffoon)) الاسلوب هو الانسان نفسة.



# چەمکی ڕەخنە لە تیۆری ڕەخنەییدا

سەعید محەمەد بەرزنجی

## ڕەخنەی نوێ:

ڕەخنەی نوێ لە سایەی شێوەگەریدا سەری هەڵداوە، شێوە گەریش هەموو ڕەخنەیەکی پراکتیکی لە خۆ دەگرێ و جەخت لە سەر یەکەی هاوڕەگەزو داهێنانی هونەری، بایەخی شێواز دەکاتە پەیوەندیەکانی کارە هونەرییەکە بەژیانەوە. تیۆرەکانی چاولێکەری و هەر کارێك لە بەهای باڵای هونەر لە جوانی وێنە گرتنی جیهانی دەرەوەدا کەم بایەخ لە قەڵەم دەدات و دەر دەخات. هەروەها شێوە گەری جیاکردنەوەی شێوەو ناوەرۆك ڕەت دەکاەوە و هانی یەکەی ئەندامی نێوانیان دەدات. ڕەخنەی نوێش هەموو ئەم ئاراستانە دەگرێتەوە خۆ، بەڕای (مارك شورەر) شێوە ناوەرۆکی بە دەستهێناوە. ڕەگ و ڕیشەی ڕەخنەی نوێ بۆ وێنە بیرە نموونەییەکانی کانت و کۆلریج دەگەڕێتەوە وەکو وێنە بیرەکانی



(چەمك) خەیاڵ و یەکەی ئەندامی . ڕێبەرانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە زمانی ئەدەبی لە ڕووی زمانی زانست و ژیانی دامەزراوەییەوە، زمانی ئەدەب پڕە لە شتی مەجازی و خوازەو (میتافۆر) نادیاری و بەرجەستەو زیندوویەتی و ژیان ، کەچی زمانی زانست تەنها ڕەمزی مردوون و مەعریفت ڕاستەوخۆ و سادە پێشکەش دەکەن بە دوورە پەرێزی ناساروە، بەڵام زمانی ئەدەب پشت بە ئاوێتە بوونی و ئاماژەو مانای فەرهەنگی دەبەستێ، سیفەتە زانستیەکان واتای ڕاستەوخۆ و پێشتر بڕیار دراو دەگوێزنەوە، بۆیە نابێ بە زمانێکی فیکری یان بیری ئەنجام بدرێت و پێویستی بە شیکردنەوەو لێکدانەوە نابێت، چونکە زمانی زانست دەوڵەمەندییە بە مێژووی ڕەخنەی نوێ. بۆ ئەزرا پاوەند وتەکانی لە سەردەمی کۆمەڵەی(یانەی شاعیران لە لەندەن ١٩٠٧) دامەزرێنەرانی بریتین لە تۆماس ستیرنز ئەلیۆت و ئیفۆرت ئارمست نۆ و چەندنی تر. شێوە گەری ئەنگلۆ- ئەمریکی بەگشتی وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ پێویستی بە دۆزینەوەی تیۆرێك هاتە دی لە سیفەتەکانی کارە نوێکانی ئەو سەردەمە دیاری بکات و تیۆرێکی گشتی، کە بۆ چوونە ئەدەبیە پێشڕەوەکان لە خۆ بگرێ و بڵاوی بکاتەوە. ئەگەر چی نووسینەکانی پاوەندو ئەلیۆت ئەم جۆرە چالاکیەیان نەکرد بە تیۆرێکی تەواو، بەڵام ریتشاردز لای خۆیەوە هەوڵی چاودێری و پێوانەکردنی ڕادەی سەرکەوتنی خوێندنەوەی شیعرەکانی لە نێوان

ئەدەب و دەروونناسیدا دا، بەم هۆیەشەوە بنەمایەکی زانستی بەهێزی بۆ کاری ڕەخنەی(پراکتیك)دانا، کتێبی ڕەخنەی پراکتیکی لە ١٩٢٩ بلاّو کردەوە، ڕیتشاردز هەوڵی دا چاودێری وەلاّمدانەوەی خوێندکارەکان بداتەوە بۆ ئەو دەقە شیعرییانەی ، کە خۆی بە مەبەست ناوی شاعیرەکانی لەسەر لابردبوو لە پاڵ سەردەمی بلاّوکردنەوەیاندا، بۆی دەرکەوت، کە زۆربەیان حەز لە شیعری سەرسوڕهێنەرو سەیر دەکەن. ریتشاردز وریایی داوەلەسەر فرە ئاستی واتایی و ئەو کێشانەی، کە خوێنەرانی خاوەن توانای جۆراوجۆر تووشی دەبن و ورپایشی داوە لە خراپی بەکارهێنانی کارە هونەرییەکان و پەیوەندی نێوان بیرو سۆز.

کۆمەڵەی (یانەی هەلاّتووەکان) لەساڵی ١٩١٩ پەیدا بوون لە ئەمریکا، بەڕێوبەرایەتی ڕانسوم، ڕەخنەی لە ریتشاردز گرتووەو بە (ڕەخنە گرێکی دەروونناسی) ناوی بردووە، ئەویش کتێبێکی لەساڵی ١٩٤١ بلاّو کردووەتەوەو ناوەرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست . ڕانسوم باوەڕی نەبوو بە شیکردنەوەی وردی گەڕان بەدوای واتادا، بەڵکو لای وایە ئامانجی سەرەکی شیعر دەرخستنی بیرو هەستەکانیەتی بە وردی، یانەی (هەلاّتووەکان) و لایەنگرانی بە نووسینەکانیان کۆمەڵێ چەمکی ڕەخنەییان داهێنا، هەوڵیان دا سیفەتەکانی شیعرو ئەدەب پێکەوە لەگەڵ شێوازی ژیانی ئەمریکیدا گرێ بدەن بە تایبەتی بەشی باشووری. هاوتەباییەکانی بەدیکرد لە



نێوان سیفەتەکان ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا دواتر ناویان بۆ (لادێیە باشورییەکان) گۆڕا هەوڵیان دا ئەوە بسەلمێنن، ڕۆشنبیری هاوەڕگەز، کە ڕێز لە کەلتوری ژیانی لادێ دەگرێ، هەر ئەمە کەش و هەوای گونجاو بۆ خەیاڵ و شیعرو ئاین دەڕەخسێنێ، ئەمانە بەلایانەوە کەش و هەوای باشور شوێنێکی گونجاون بۆ هەموو شتێك و لە بەیاننامەکانیاندا ١٩٣٠ کۆمەڵێ دوژمنیان دیاری کردووە لەوانە (مارکسیەکان، مرۆییە نوێکا، بازرگانە نوێکان و کۆمەڵێکی تر) دواتر دەرکیتن کرد کە ئەم سادەییە لە ئەدەبدا بۆ ئەو سەردەمە دەیت نادات، هەر بۆیە لەبەر نەبوونی نووسینی کۆن خۆیان کۆمەڵێ کتێبیان نووسیەوە لە بارەی شیعر و ڕۆمان و کەلتورەوە ئامناجیان چەسپاندنی زاراوە ڕەخنەییە نوێکان بووە لەوانە: (بایەخدانی ورد بە زمانی دەقی ئەدەبی، پێ:هێنانی ئەو نەریتانەی ئاوازو ڕیتمەکانی شێواز دیاری دەکەن، دەنگی شیعریی و حاڵەتی مەزاجی کەسێتی هەڵبەستەکەو خوازەو ڕەمزەکان و پێکهاتەی ڕێڕەوییان ، پرەنسیپە شێوە گەرییەکانی نێوان شێوەو داتاو ناوەرۆکدا. ڕیتشاردز نوێنەری ڕەخنەی نوێ بوو لە بەریتانیا، برۆکس بووە وتە بێژی ڕەسمی ئەو لە ئەمریکا و ئەگەرچی ڕانسۆم دامەزرێنەری بوو)

برۆکس بایەخ بە (هەڵوێستی درامی) دەدات و هەڵبەستیش بۆ خۆی لە چەند بەشێکی ئەندامی پێك دێت و بنیاتێکی درامی پێك دەهێنێت. هەڵبەست لیریکی پشت بە خوازە دەبەستێت ، کە



ئەمەش نادیاری لێ دەردەکەوێ و شلەژانی لێ دەکەوێتەوە و دواجار دەبێت بە ستونی هاوسەنگی لە یەکەیەکی تەواوی ئەندامیدا، ئەو ڕەگەزانەی ، کە لە بنیاتی هەڵبەستەکەدا دەردەکەون زمانی شیعرییەکەیە، ئەمیش ئالۆزەو شتی مەجازی لە خۆ گرتووەو ئەزموونێکی مرۆیی بەرجەستە دەکەن، پاشان نەبوونی (خودێتی ) یان ناکەسێتی شاعیرو دواجاریش یەکەی خەیاڵی ئەمانە یەك دەگرن لە (هەڵوێستێکی گشتیداو هاوسەنگی ناو خۆیی دروست دەکەن. برۆکس ئەو ئینکار ناکات کە شیعر بایەخ و واتای خۆی هەیە، بەلاّم ئەمە هەر خودی هەڵبەستەکە دەگرێتەوەو خاوەنی بنیاتێکی ئەندامی ئەوتۆیە کە ڕەنگدانەوەی مەعریفەتی مرۆییەو لەمەشدا لەو ئەفسانە نزیك دەبێتەوەو لەوە دەچێ خەیاڵ و بیری ڕەخنە گرانی نوێ هاندانی خوێنەرە، بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی واتای گەیاندنی کاری ئەدەبی) نەك چ زاتایەك دەگەیەنێ ،هەر بۆیە نوسینەکانیان ڕێگەیەکی سەرکەوتوو بوو خوێنکار بە هۆی کۆنترۆڵی دەقەکە بکات و ئونجامی دیاریکراوبە دەست بهێنێ . ئەمە دەکرێ کەرەسەی خوێندنی زانکۆ و خوێندگاکان بێت و سەرکەوتوان کۆڕو سمیناری لە سەر بەستراوە .سەرسوڕهێنەری کە ڕەخنە گرانی نوێ داوایان دەکرد بۆ بنەمای هەڵبەست ، ڕەخنەی نوێ دواجار کەرەسەیەکی تەکنیکی ، ڕەخنەی نوێ ڕێڕەوی مێژوویی وفاکتەرە دەرەکییەکان و بایەخدان بە نوسەرو خوێنەری پشتگوێخستوە .



نەزعەیەکی کۆمەڵی دیکتاتۆری هەیە ، مامۆستای زانا دەپارێزی بەرامبەر بە خوێنەکاری راهێنراو ، ڕەخنەیەکی میکانیکیە هەرشتێکی بوێت لە دەقەکە دەیدۆزێتەوە ، ئەوە هەڵدەبژێرێ کە بۆ ئامرازو وتەکانی گونجاوە هەر بۆیە مامەڵەی لە گەڵ هەڵبەستی لیریکی کردوەو دەقی درێژی وەکو ڕۆمان و شانۆی پشتگوێ خستوە ، ئەم ڕەخنەیە ڕووبەڕوی هێرش بووە بە تایبەت ڕۆناڵد سالمون لە هێرشەکەیدادژی بە برۆکس ،کەپێی وایە برۆکس یەك لایەنە دەڕوانێت وئەوەی بیەوێت دەستی دەکەوێت . ڕەخنەی نوێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە پەیڕەوەکەیدا ئەگەرچی لە ناوچو ، بەلاّم ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پسپۆڕی و لێکۆڵینەوەی ڕێکو پێك لەم بارەیەوە .

## ڕەخنەی دانوستاندن

ئوم ڕەخنەیە پشت بە تیۆری ڕەخنەگری سۆڤێتی میخائیل باختین (١٨٩٥ -١٩٧٥ ) دەبەستێ لە پاڵ کارە پرۆگرامیەکانی لە رۆماندا . کارەکانی باختین لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا بووە کەچی بە هۆی زمانەکەیەوەو وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ، لە هەشتاکاندا بلاّوبۆتەوە .باختین دەڵێ : کاری ئەدەبی رۆمان بە تایبەت ، چوارچێوەیەکی ئەوتۆیان هەیە کە کۆمەڵێ دەنگ و وتاری جۆراوجۆری لە خۆگرتووە ، کاریگەری جۆرەها هێزی



کۆمەڵایەتی و چینەکانی بە بەرژەوەندیەکانی پێوە دیارە .باختین پێی وایە هەرگۆڕانێکی زمان و واتا ، لە ژیانی رۆژانەوئەدەبدا بۆ پەیوەندی نیوان قسەکەرو گوێگر دەگەڕێتەوە بۆ یەکترو ماوەی پێشودا . ئەمەش بەرپەرچدانەوە بۆ وتەی رەخنەییەکانی تر کە دەڵێن واتاو پێکهاتەی زمانەوانی ، بۆ هۆکاری زمانەوانی دوور لە دەستی مرۆڤ دەگەڕێتەوە ،لای باختین ، ئیرادەی تاک رۆڵی هەیە لە یەکلاکردنەوەی بەرهەمهێنانی وتاری ئەدەبی وغەیرە ئەدەبی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا : باختین نوسینەکان لە بەرهەمەکانی هەردوو نوسەری روسی (تۆلیستۆی ودەستۆفیسکی )یەوە هەڵهێنجاوە ، لە ساڵی ١٩٢٩ دا کتێبی کێشە شیعریە دیستۆفسکیەکانی بڵاوکردەوە ،



تیایدا روونیکردۆتەوە کە رۆمانەکانی دیستۆفیسکی ، فرە دەنگ و ئازادی جۆراوجۆر کەسایەتی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە ئەمەشی کردۆتە بە رۆمانێکی دانوستاندن دوور لە دەنگی نوسەرەکەی ، بەلأم رۆمانەکانی (تۆلستۆی )دەنگی نووسەر زاڵە بە سەرکەسێتیداو ملکەچی تێروانینی ئەون ، ئەمەش رۆمانەکانی یەك لایەنە کردووە (ئەگەرچی دواتر رای خۆی گۆڕی و گوتویەتی تۆلستۆیش دانوستاندنی هەیە ، بەلأم دواجار دەریخستووە کە رۆماننوسی هەرچەند هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کەسیەتیەکان بدات ، دەنگی جۆراوجۆرو دوو لایەن دەردەکەون لە رۆمانەکەداو ئەمەش رەگەزی دانوساندنەکە بە هێزتر دەکات . تزفیتان تۆدۆرۆف لە کتێبی میخائیل باختین و پرەنسیپی دانوستان ١٩٨٤ ، هەوڵیداوە باختین بە رەخنەی رۆژئاوا بناسێنێت .

ململانییەك دروست بوو لە نیوان نەزعەی یەکگرتوویی دژ بە دانوستان و فرەلایەنی نەك تەنها لە ئەدەبدا بەڵکو لە ئاستی رۆشنبیریدا . باختین نمونە بۆ ئەم ململانییە دەهێنێتەوە لە رێگەی نەزعەی کەرنەڤاڵیانە کە هەوڵی تێکدانی دەسەڵات دەدات بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕییانە و بلأوکردنەوەی گیانی شێواندن ، هەروەکوئاهەنگە کەرنەڤاڵیەکانی ئەوروپاو دەوروبەریدا روو دەدات ، لێرەدا کتێبی (رابیلیە و جیهانەکەی ) ١٩٨٤ بلأوکردۆتەوەو نوسەری فەرەنسی رابیلیە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەدا



ژیاوە ،وادەریخستووە کە کۆمیدیانە هێرشی کردۆتە سەر دەسەڵات ، رەخنەی دانوستاندن کاریگەری فراوانی لە سەر رەخنەی رۆژئاوا هەیە ، تۆدۆرۆف و جولیا کرستیڤا چەمکی (دانوستاندن )ی لە وانەکانیدا لە فەرنسا بە کارهێناوەو لە سەردەمی گواستنەوە لە بنیادگەرییەوە بۆ پاش بونیادگەریشدا ئەو چەمکانەی بە کارهێناوە .

***سەرچاوەکان**

ستانلی هایمن .النقدالادبی ومدارسه الحدیث :د-ب .بلاکمور ، ولیم ابسو ایفورا ارمسترونغ رتشاردز ، کنپ بیرك تر . احسان عباس و محمد بیروت :دار الپقافه ،گ ١ ، ١٩٦١

محمد غنیمی هلال .الادب المقارن .بیروت .دار الپقافه ،١٩٥٣

د –میجان الرویلی و د- سعد البازعی- دلیل الناقد الادبی الگبعه الپانی المرکز الپقافی العربی ٢٠٠٠

Beran ,art Fronthe new criticis to Deconstruction
The Reception ofstructurqlism aud post-structuralism
Lrbana and Chicago.uni. versity of Illihois press,١٩٨٨a



## شاعیری جوانەمەرگ:
# فەریق ئەمین
## لە دەستنووسەکانییەوە

ئامادەکردنی: ساڵح هەلاج



فەریق ئەمین



ساڵح هەلاج

خوێندنەوەی دەقێکی شیعری یان لێکدانەوەی، دوو واتای جیایان هەیە بەواتای چێژ و شیتەڵ، لە پانتایی ڕەخنەی شیعریشدا، چەمکی جۆراوجۆریش هەیە، بەڵام بۆ شاعیرێکی جوانەمەرگی وەکو (فەریق ئەمین) لە تەمەنێکی شکۆفەدا هەڵوەری نابێت و نەگوتراوە

پاش سی ٣٠ ساڵ لە پاش جوانەمەرگی ئێستا چەند قسەیەکی لەسەر بکەم ، چونکە شیعرەکانی ئەو وشەگەلێکی ڕۆژگارێك بوون زۆر بوێرانە لە پایتەختی ڕژێمێکی شۆفێنی دا درپان بە تاریکیەوە دەنا بەرەو ئاسۆیەك کە ئاوات و ئامانجی هەمووان بوو. جگە لەوە فەریق دەنگێکی شیعری نوێخواز و ئەو وەکو (ئالان ڕۆب) نووسەری فەرەنسی دەڵێت: شەڕی دەقی لە خودی دەقدا کردووە.

گەر سەرنج لەو هەموو دەستکاریانەی لە ناو شیعرەکانیدا کردووە بدەیین ئەو کات دەزانین گەمەکردنی فەریق بە وشە و چۆن هێناویەتییە جوڵە و شوێن برکێیانی پێکردووە تا لە سەنگی مەحەکی خۆیدا جێ گۆڕیانی کردووە. کێ دەڵێت کاتێکی شەوی ناوەخت یان ناو پۆلی خویندن یا دەشت و دەرو.. هتد، بەڵام لەو جوانکاریانەدا ئەوە دێنێتە هۆش و هزرمان هەمیشە لە خەمی جوانکاری و خشت بەندکردنی شیعرەکانیدا بووە.

یادەوەرییەکانم لەگەڵ فەریق دا تائێستاش زیندوون، چونکە ئەو کەسێك بوو ڕەنگە هەستی بە پێشوەختی مردنی خۆی کردبێت وەکو وتەکەی نووسەری نەرویجی( یوستاین گاردەر) کە دەڵێت "گەر مردن نەهێنینە بەرچاومان، ئەوا ناتوانین هەست بە ژانەکانمان بکەین". هەڵبەتە فەریق هەستی بە جوانەمەرگی خۆی کردووە، بۆیە کات بەلایەوە هەرکوێ بێت کارکردن بووە بۆ جوانییەکان، مەبەستی دیاریکردنی ژانری ژانەکانی بووە، ئێمە ناچینە ناو زمان



و مۆراڵی شیعری فەریقی جوانەمەرگ، چونکە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی لەگەڵ خۆیدا گواستەوە، بەڵام شیعر و تێکستەکانی ژانەکانی سەردەمی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە ئێستا کارەکانی ئەو و کەسەکانی دیمان وێنەیەکی شێوەکاری ئەو ڕۆژانەمان بۆ باس دەکەن، شیعرەکانی ئەو بوونەتە ئاوێنەیەك بۆ ئەمڕۆ، خوێندنەوەی تێکست و دیوانی شاعیرانی کورد لای فەریق گەڕانەوە بوو بۆ جەوهەری وێژەی دروستی پێشتر، لە تەواو کردنی دیوانی هەر شاعیرێك گرنگی و خەسڵەتی خۆی هەبووە.

جارێکیان لە بەغدا گەڕایەوە و هات بۆ لام زۆر دڵی خۆش بوو، چونکە ئەو دیوانی شیعری (مەولەوی) تەواوکردبووە هەروەکو مەلایەك قورئانی خەتم کردبێ. من ئەوکات هەڵوێستەم کرد لە سۆز و تاسەی ئەو بۆ بەم شێوە هەست بە دڵنەوایی دەکات، چونکە شیعری (مەولەوی) تەنها ناچێتە بازنەی شیعری حەز و ئەوینەوە، بەڵکو بەرەو ڕێچکەیەکی شیعری کوردی پوخت و جەوهەری شیتەڵکردنی واتایە. تەمەنی ئەو تەنها لە چەند تێکستی شیعری بەوڵاوە نەبووە، بەڵام پڕاو پڕ لە جوانی لە گەیاندنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، شیعر گڕی دەروونی شاعیرە تەنها چاوی هەست و گوێی پڕ ئاخێنراوی ژانەکان و هاوارەکان دەیبیسن. دەبا بە چاوی هەست و هاوارەکان وردەکاری دەستنووسەکانی شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین ببینین.



ئەم دەستنووسانە و هەموو شیعرەکانی تری کە بەدەست خەتی شاعیری جوانەمەرگ (فەریق ئەمین ) نووسراون، نزیکەی سی٣٠ساڵە لای من پارێزراوون:


شەپۆلی گریان و دڵۆپی زەردەخەنە
لەناو جەنگەلی چڕی دڕکاکانا
گوڵاڵە سوورەیەك
ئەگەشێتەوە
لەژێر لێزمەی بەفرو بارانا
دار بەڕوویەك
چڵێکی بەدەستی شەماڵەوە
پێ ئەکەنێ و ئەشکێتەوە
ڕەگ دائەکوتێ و ئەڕوێ
دڵۆپێ فرمێسکی شادی
بەسەر لێوما ئەبارێنە..
بەغدا

شاعیری جوانە مەرگ فەریق ئەمین لە ١/٧/ ١٩٧٩ کۆچی دوای کردووە، واتە (٤) چوار ڕۆژ پێش مردنی ئەم شیعرەی نووسیووە لە نەخۆشخانە.











# (کەمالی) و هەوڵێك بۆ زیندووكردنەوەی ١٨٨٦-١٩٧٤



كاروان عوسمان خەیات

كەمالی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، یەكێكە لەو زانایانەی سەدەی بیست و دوا ڕێچكەی شیعری كلاسیكی ساڵانی حەفتا لە كوردستاندا.

شاعیر، ناوی عەلی كوڕی باپیر ئاغا كوڕی چراغە، چراغ كوڕی جوامێرە و سەرۆكی هۆزی سمایل عوزێریی بووە، لە كۆنەوە باوكی واتە (باپیر ئاغا) لە زەمانی عوسمانیی دا ئەفسەری تورك بووە. هەر لەو زەمانەدا كۆچی دوایی كردووە، شاعیر لە ساڵی ١٨٨٦ لە پێش



وەفاتی كاك ئەحمدی شێخ دا بە شەش مانگ هاتووەتە دونیاوە، كاك ئەحمەدی شێخ گرتوویەتییە باوەشییەوە و دوعای بۆ كردووە.

كەمالی هەر وەكو داب و نەریتی جاران خراوەتە بەر خوێندنی حوجرەی فەقێیەتی لە مزگەوتی شێخ عەبدوڵڵا (مزگەوتی دوو دەرگا)، زانستەكانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی تەواو نەكردووە، بەڵام فارسی و عەرەبی و توركی عوسمانی زانیووە و نەبووە بە مەلا، بەڵام لەبەر هوشیاری و ڕۆشنبیری بووە بەمیرزا.

شاعیر مووچەخۆر بووە لە كاتی حكوومەتی شێخ مەحمودی نەمردا، و لەلایەن شێخ مەحمودەوە چەوو جار نێردراوە بۆ تاران و كرماشان و نامەی شێخی گەیاندووە بە كاربەدەستانی ئێران.

ئەم شاعیرە یەكێك بووە لە دۆستە نزیكەكانی شێخ مەحمودی نەمر و یەكێك بووە لەو كەسانەی كە موحەریری (سەرنووسەر) ڕۆژنامەی بانگی كوردستان بووە لەو دەمەدا.

كەمالی چەندین شیعر و بابەتی ئەدەبی لەو ڕۆژنامانەی سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا بڵاوكردووەتەوە. هەر لەو زەمانەدا واتە لە سەرەتای ساڵانی بیست دا دیوانی مەحوی بەچاپ گەیاندووە.

كەمالی جگە لەوەی كە نووسەر بووە، وەرگێڕیش بووە و توانیویەتی چەندین نامیلكە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕێ و لەگەڵ ئەمەشدا چەند نامیلكەیەكی لە زمانی هەوارمییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سۆرانی، كە ئەوكات ئەو زاراوانە بە زمان حساب كراوە،



كەمالی جگە لەوەی كە وەرگێڕانی كردووە لە هەمانكاتیشدا داهێنانی كردووە و هەندێكجاریش چیرۆكی بەشیعر داڕشتووە.


دیوانه اشعار

(محوی)

رباعی

بنوسه پیر دلم امری کرد اطاعەم کرد
له ابتداوه که بیتی مناسب دیوان
گدایکی وکو محوی قلندریکی کورد
مثال پادشه فرسه صاحب دیوان
— محوی —

له مطبعهٔ حکومت له سلیمانی طبع کرا ٥

١٩٢٢ — ١٣٤١

بەکورتی هەندێك لە بەرهەمەکانی کەمالی لێرەدا دەخەینە ڕوو:

١- دیاری شارەزوور: ١٩٦٦، سلێمانی- چاپخانەی ژین. (دیوانی شیعری خۆی).

٢- باغی میر: ١٩٦٨، سلێمانی- چاپخانەی کامەران. (دیوانی شیعری خۆی).

٣- لیلی و مەجنوون- ١٩٥٠/ بەغدا- چاپخانەی مەعاریف.

٤- خورشیدی خاوەر- ١٩٥٣/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.(١)

٥- ڕۆستەم و زۆراب- ١٩٥٥/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.(٢)

٦- غەزەواتی محەمەد حەنیفە- ١٩٥٦/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.

٧- ئەمیر ئەرسەلان- ١٩٥٦/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.(٣)

٨- شیرین و خسرەو- ١٩٥٧/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.(٤)

٩- ڕۆستەم و جیهانگیر- ١٩٥٨/ کەرکووك- چاپخانەی تەرەقیی.(٥)

١٠- گیانی سەعدی- ١٩٦٩/ سلێمانی- چاپخانەی کامەران.(٦)

١١- دیوانی مەحوی- ١٩٢٢/ سلێمانی- چاپخانەی حکومەت.

١٢- کلدەستەی شعرای هاو عصرم- ١٩٣٩/ سلێمانی- چاپخانەی ژیان+ "گولدەستەی شوعەرای هاو عەسرم- ١٩٦٩/ سلێمانی- چاپخانەی کامەران".

١٣- دیوانی ئەحمەد موختار جاف- ١٩٦٠/ سلێمانی- چاپخانەی کامەران.



١٤- مەکری ژنان- ١٩٧٠/ سلێمانی- چاپخانەی ڕاپەڕین.(٧)

١٥- شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد- ١٩٧٣/ سلێمانی- چاپخانەی ڕاپەڕین.

کەمالی جگە لەم چەند بەرهەمە، دیوانێکی شیعری هەیە و لە سەرەتای حەفتاکاندا بە چاودێری خۆی کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٨٦ دا بڵاوکراوەتە، جگە لەو دیوانە لە چەندین کەشکۆڵ و ڕۆژنامەدا شیعری هەیە و لە دیوانەکەیدا بڵاو نەکراوەتەوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی کەمالی تەنها ئەم بەرهەمانەی نەبێت کە هێشتا دەستم نەکەوتووە (یوسف و زلێخا، مەکری ژنان، ڕۆستەم و زۆراب)، ئەوانی دی ئامادەی چاپن.

کەمالی ساڵی ١٩٧٣ ئەم شیعرەی بۆ حاجی ئیبراهیم چەرمەگای کچەزای نووسیوە:

**کە زوڵفی شانە کرد بۆی مسکی چوون عەنبەری سارا**
**بەیانی بای سەبا هێنای بڵاوی کرد بەسەر شارا**
**شاعیرێکی وەکو من پیر، دولبەرێکی وەکو تۆ جوان**
**نەبینراوە؟ هەرگیز لە قاپی شاهی خونکارا**
**موحەققەقمە کە زیندوو ئەبمەوە دیسان**
**ئەگەر بێت و قەدەم بخاتە سەر قەبرەکەم دارا**

شاعیر لە ساڵی ٢٨-١١-١٩٧٤ دا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی دا نێژراوە.



**پەراوێزەکان:**

١- لە زمانی فارسییەوە بەهۆنراوە و بەدەستکارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی.

٢- بەهۆنراوە لە هەورامییەوە وەریگێڕاوەتە سەر شێوەی کورمانجی خووارووی، بەدەستکارییەوە.

٣- داستانێکە بە پەخشان نووسراوە، بەهۆنراوە لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی.

٤- لە زمانی فارسییەوە بە دەستکارییەوە کراوە بەهۆنراوە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی.

٥- لە زمانی فارسییەوە بە هۆنراوە و دەستکارییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی.

٦- لە زمانی فارسییەوە بە هۆنراوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردیی، ئەمە نامیلکەیەکی بچووکە و هەڵبژاردەیەکە لە گوڵستانی سەعدی شیرازی.

٧- چەند کورتە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتیی بێگانەیە و خۆماڵییە، کۆکراوەن.



# تەڵاق و جیابوونەوە
## هۆکارو دەرئەنجامەکانی

سەلاح گەرمیانی



**پێشەکی**

کۆمەڵگا، لەکۆمەڵێك یەکەی بچوك پێکهاتووە کەپێی دەوترێت "خێزان"، خێزانیش بەمانا سادەکەی لەدوو کۆڵەکەی سەرەکی پێکدێت کە "ژن و پیاو"ەو دواتر منداڵ، بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ئەو یەکە بچوکەوە سەرچاوە دەگرێت کەخێزانە، بوونی کێشەو ناسەقامگیری و ئاڵۆزی لەنێو خێزاندا، بەهەمانشێوە ڕەنگدانەوەی نێکەتیفی بۆ



سەر کۆمەڵگا دەبێت و کێشەوگرفتی جۆراوجۆر زیاد دەبێت.

## دروستکردنی خێزان

دروستکردنی خێزان وەکو دەڵێن "سوونەتی ژیانە"و ئەرکێکی ئاینی و مرۆییە، هەموو ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت کوڕان و کچان ژیانی هاوسەری پێکبهێنن و هەموو کەسێك بەو پرۆسەیەدا تێپەڕێت تا شەمەندەفەری مرۆڤایەتی رانەوەستێت، بەڵام زۆرجار ئەو ژیانی هاوسەرگیرییە بەشێوەیەك پێکدەهێنرێت کەبنچینەیەکی پتەوی نەنبێت و بچوکترین "با" دەیرۆخێنێ، ژیانی هاوسەری بریتییە لە



گرێبەستێك کەلەنێوان "کچ و کوڕ"دا مۆردەکرێت، دیارە دوای ئەوەی هەردوو "کوڕو کچەکە" بەیەکدی رازیدەبن، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا، زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی تەندروست و گونجاو ئەنجام نادرێت، چارەنووسی کچان و کوڕان لەلایەن باوك وکەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو خێزانەوە بڕیاریان لێئەدرێت بێ ئەوەی کچ یان کوڕەکە بەمەرازیبن، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانە کایەی خێزانێکی لەرزۆك و لاواز کەبەرامبەر بچوکترین کێشە خۆی رانەگرێ و سەرنجام هەڵوەشانەوەی ئەو خێزانەی لێبکەوێتەوە. یان دوای پرۆسەی هاوسەرگیریش لەبەر چەندین کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی و لەیەك تێنەگەیشتنن و قبووڵنەکردنی یەکتر، بەشێوەیەك کە هیچ چارەیەکی دیکە بەدی ناکرێت، جگە لەتەڵاق و جیابوونەوە.

## پێناسەی تەڵاق و جیابوونەوە

تەڵاق یان جیابووونەوە بریتیە لە جیابوونەوەی دوو کەس (ژن و پیاو) لەیەکتری و هەڵوەشانەوەی خێزانێك لەبەر هەر هۆکارێك بێت، ئەمەش لەسەر داوای یەکێك لە "ژنەکە" یان "پیاوەکە" یان هەردووکیان دەبێت لەلای پیاوێکی ئاینی یان لەدادگاکاندا.



## هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە

کاتێك کچ و کوڕێك بەئارەزووی خۆیان ژیانی هاوسەری هەڵدەبژێرن، هەموو هیواو ئومێدێکیان ئەوەیە کە ژیانی خۆش و ئارام پێکەوە بەرنەسەرو لەخێزانێکی کارمەراندا ژیان بەرنەسەر، بەڵام زۆرجار گەلێك هۆکار دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو خێزانە بترازێ و لەیەکهەڵبوەشێتەوە، یان ئەو ژن و پیاوانەی بێویستی خۆیان و لەژێر گوشاری کەسوکارەکانیاندا  ژنیان هێناوە یان شوویان کردووە، دەبینی دوای ماوەیەك پێکەوە ناگونجێن و رێگەی تەڵاق و جیابوونەوە دەگرنە بەر، بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکەین کە دەبنە هۆی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

١-نەگونجان و ئاستی رۆشنبیری: ژیانی ژن و مێردایەتی بریتییە لە یەك تێگەیشتن و و رێزگرتن لەیەکتر، کاتێك ئەو پردە نەما ئەوا متمانەیش نامێنێت. یان دەبینی ئاستی رۆشنبیری ژنەکە یان پیاوەکە لەیەکترییەوە دوورەو ئاستی تێگەیشتنیان بۆ یەکتری نییەو بچوکترین کێشە دەبێتە هۆی ترازانیان لەیەکتری.

٢-ئابووری: هەژاری و نەبوونی و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، دەبێتە دێوەزمەی ترازانی خێزان، خێزان کاتێك ناتوانێ هەموو پێداویستییەکانی دابینبکات، ژنەکە یان کەسوکارەکەی داوای خانووی جیاوو ماڵ جیایی لەپیاوەکە دەکەن،



پیاوەکەش ناتوانێ ئەو داوایانە بەئەنجام بگەیەنێت، سەرنجام کێشە دەکەوێتە نێوان ژن و پیاوەکەوەو بەتەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی پێدێت.

٣-دڵپیسی ونەبوونی متمانە: بریتییە لەنەبوونی متمانە لەنێوان ژن و پیاوەدا، هەندێ جار ژن و پیاو گومان لەیەکتری دەکەن کە یەکیان خیانەت لەئەوی تریان دەکات، بێ ئەوەی هیچ شتێکی راستی لەئارادا هەبێ، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە ئامێرەکانی موبایل لەبەردەستی هەموو کەسێکدایەو زۆر جار پیاوو ژن بەهەڵە لەیەکتری تێدەگەن و دڵ لەیەکتری پیس دەکەن و کێشەکە پەرە دەسێنێ تا ئەو رادەیەی خێزان هەڵبوەشێتەوە.

٤-خیانەتی هاوسەرگیری: کاتێك پیاوەکە خیانەت لەژنەکەی دەکات و پەیوەندییەکی ناشەرعی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا دەبەستی لە دەرەوەی خێزان و بەپێچەوانەیشەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری.

٥-دەوروبەر: هەندێ جار کەسوکاری پیاوەکە یان ژنەکە دەستەخەنە ناو خێزانەوەو دەبنە هۆکاری دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لەنێوان ژن و پیاوەدا. بۆ نمونە دیك و باوکی یەکێك لە ژنەکە یان پیاوەکە داوا دەکەن کە بەوجۆرە هەڵسوکەوت بکەن و بەوشێوە بژین، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر خێزان و کێشە دەکەوێتە نێوان ژن و مێردەوە.

٦-نەزۆکی ونەبوونی منداڵ:نەزۆکی و نەبوونی منداڵ هۆکارێکی دیکەیە بۆ جیابوونەوەی ژن و پیاو لەیەکتری، هەندێ پیاو لەبەر ئەوەی ژنەکەی منداڵی نابێ، خێزانەکانیان تەڵاق ئەدەن. یان هەندێ خێزان تەنها لەبەر ئەوەی کوڕیان نابێ، پیاوەکان ژنەکانیان تەڵاق ئەدەن و ژنێکی دیکە دێنن.

## ئایا تەڵاق چارەسەرە؟

پرۆسەی هاوسەرگیری لەبنەچینەدا گرێبەستێکە یان رێکەوتنێکە لەنێوان دوو کەسەدا"ژن و مێرد"، ئایا ئەو گرێبەستە یان ئەو رێککەوتنە قابیلی هەڵوەشانەوەو هەرسهێنانە؟ پێی ئاینی ئیسلام وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بە"ابغض الاحلال" خراپترین یان نەشیاوترین حەڵاڵ ناوبراوە، بەو پێیە تەڵاق و جیابوونەوە هەرچەندە ناخۆشیشە، بەڵام رێگە پێدراویشە، لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، ئەوەیش ئەوەیە: ئایا تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری گونجاوەو شیاوو بەسوودە بۆ هەردوو لاو بۆ کۆمەڵگەش، یان بەپێچەوانەوە نەگونجاوو نەشیاوو زیانمەندە؟ بەڕای ئێمە هەردوو ئەگەرەکە راستە هەم سوودی هەیەو هەم زیان، بەتایبەت کاتێك ئەو پرۆسەی هاوسەرێتییە گەیشتە بن بەست و کێشەو گرفتی لێکەوتەوەو هەموو دەرگاکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانە داخراووبوون، ئەوە تەڵاق وجیابوونەوە سەنگی



مەحەکی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانە چونکە:

-ژن و مێرد کە نەتوانن لەسێبەری خانوویەدا ژیان بەسەربەرن و بەئاشتی و تەبایی نەتوانن درێژە بەژیانی هاوسەرێتی خۆیان بدەن.

-شەڕو ئاژاوەی بەردەوام وناکۆکی قووڵ بکەوێتە نێوانیان و رێزو خۆشەویستی لەنێوانیاندا نەمێنێ و ٢٤ کاتژمێر شەرە دەنوکیان بێت.

-دانولەیان پێکەوە نەکوڵێ و ژیانیان لێتاڵ ببێ، بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان کەسیان ئامادەییان تێدا نەبێ کە سازش بۆ یەك بکەن و دان بەهەڵەو کەموکورتییەکانی خۆیاندا نەنێن و لەیەکتر نەبوورن.

دەبێ چارەسەری ئەو هەموو کێشەو گرفتانە چی بێت، جگە لەتەڵاق و جیابونەوەوە؟

هەندێ جار ژن و مێرد کاتێك لەیەکتری جیادەبنەوە، زۆر جار هەلێکی باشتریان بۆ هەڵدەکەوێت کە بۆ جارێکی تر ژیانی خۆیان بنیاتبنێنەوەو خێزانێکی دیکە پێکەوە بنێن.

## دەرئەنجامەکانی تەڵاق و جیابوونەوە

کاتێك کێشەوگرفت دەکەوێتە نێوان خێزان و باری ژیان و گوزەرانیان تێکئەچێ، کاتێك دوو کۆڵەگەکەی خێزان (ژن و پیاو)



ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و دوای مشت و مڕێکی زۆر تەڵاق و جیابوونەوەی دەبێتە دواچارەسەر، ئیتر دەرئەنجامەکانی ئەو کێشەو گرفت و جیابوونەوەیە کاریگەری نێگەتیف و خراپی بەسەر کۆمەڵێك لایەنەوە بەجێدەهێڵێ، کە لە سێ لایەنی سەرەکیدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**یەکەم:کاریگەری لەسەر ژنەکە**

لەکۆمەڵگای کوردیدا، جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری، ژن سەرەکیترین قوربانییە بەوەی:

١-هەرەسهێنانی کەسێتی ژنەکە بەشێوەیەك کە هەست بە مرۆڤبوونی خۆی نەکات و تووشی بڕوانەبوون بەخۆی و تواناکانی خۆی دەبێ وەکو مرۆڤێك لەناو کۆمەڵگادا ناتوانێ ئەرکەکانی راپەڕێنی.

٢-ئاسوودەیی و دڵنیایی لەدەستئەداو توانای کارکردن و داهێنانی نامێنێ.

٣-چیتر توانای ئەوەی نابێ کە بەشێوەکی باش و تەندروست منداڵەکانی بەخێوبکاو سەرپەرشتیان بکا (ئەگەر هات و منداڵی هەبوو).

٤-لەدەستدانی باری تەندروستی تا دەگاتە ئەوەی کەم ئەندام بێ یان لەجێگەدا بکەوێ.

٥-رق و کینە لەلای ژنەکە بەرامبەر بە رەگەزی نێرینە زیاتر



ئەبێ و رەفتارو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی سەرجەم پیاوەکان لە پیاوەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی دیکە بڕوای بەژیان و ئایندەی خۆی نەمێنێ و بڕوا بەشووکردن و دروستکردنی خێزانی دیکە لەدەستئەدا.

٦-سەرگەردانی ژنەکەو نەبوونی شوێنی حەوانەوە، زۆر جار روویداوە کە کاتێك ژنێك تەڵاق ئەدرێ یان لەمێردەکەی جیادەبێتەوە تووشی گرفتی نەبوونی شوێنی حەوانەوەو نیشتەجێبون دەبێ و شوێنێك نییە کە پەنای بۆ ببا تا ژیانی تێدا بباتەسەر، یان هیچ خزم و ناسیاوێکی نییە، یان هەیەتی و ئامادەنین کە داڵدەی بدەن..

**دووەم:کاریگەری لەسەر منداڵ**

منداڵ دیاری خواوەندە بۆ دایك و باوك، پەپولەی ناو ماڵ و ئایندەی کۆمەڵ و کۆمەڵگایە، بەڵام کاتێك بەهۆی کێشەی دایك و باوکەوە خێزان لەیەکهەڵدەوەشێتەوە، ئیتر ئەو پەپولەیش باڵەکانی دەشکێ و ناتوانێ لەشەقەی باڵ بداو لە کاریگەری ئەو جیابوونەوەیە بەدەرنابێ :

١-بەهۆی لەدەستدانی دایك یان باوکەوە یان هەندێ جار هەردووکیان، منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست و شیاو پەروەردە ناکرین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵەکە گەشەیەکی سروشتی نەکا، کە سەرئەنجام کاریگەری دەکاتە سەر باری دەروونی

و جەستەیی و تەندروستی منداڵەکە.

٢-منداڵی بێ باوک یان بێ دایک دەبێ، زۆرجار سۆزو خۆشەویستی لەدەستئەداو کەسێکی دڵڕەق و خراپی لێدەرئەچێ، کە لەئایندەدا دەبێتە بار بەسەر کۆمەڵگاوە.

٣-ڕێزنەگرتنی خودو هەستنەکردن بەمنداڵبوون و لەدەستدانی تەرکیز و خەوتن.

٤-ڕەشبینی و لەدەستدانی هاوڕێ و کەسە نزیکەکان و نامۆبوون بەژیان، تووشبوون بە کەئابەو نەخۆشی دەروونی.

٥- دابڕان لە خوێندن و نەبوونی دەرفەت بۆ تەواوکردنی خوێندن.

٦-کاتێک منداڵ لەخێزان دائەبڕێ و سەرگەردان ئەبێ، ئەمە یارمەتیدەر ئەبێ کە ئەو منداڵە بکەوێتە سەرجادەو شەقامەکان و بەرەڵابێ، هەست بە مەسئولیەت نەکاو ئایندەی نادیارئەبێ، سەرنجام کەسێکی زیانبەخش و توندوتیژی لێدەرئەچێ و زیان بەخۆی و کۆمەڵگایش دەگەیەنێ.

**سێیەم: کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا**

١-زۆربوونی دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزان، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناعەدالەتی و زۆربوونی کێشەوگرفت لەناو کۆمەڵگادا.



٢-زۆربوونی بێوەژن و کەسانی بێ سەرپەرشت،

٣- بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەداری و دیاردەی سواڵکردن لە وڵاتدا، کە ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر دەوڵەت و حکومەت بەوەی کە دەبێ ئەو ژن و منداڵانە بەخێو بکات و بژێوی ژیانیان بۆ دابینبکا.

٤-زۆربوونی ڕێژەی دیاردەی لەشفرۆشی و بێڕەوشتی لەناو کۆمەڵگادا، ئەو ژنانەی کەهیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان نییەو حکومەت وەکو پێویست ئاوڕیان لێناداتەوە، زۆرجار ژمارەیەکیان ناچاردەبن بۆ بەخێوکردنی ماڵ و منداڵەکانیان، پەنا ڕێگەی نەشیاو ببەن بۆ نموونە" لەشفرۆشی "، ئەمەش دیارە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی فەسادو نەخۆشی و چەندین کێشەو گرفتی دیکە.

٥-زۆربوونی منداڵی سەرجادەو ئیشکەر لەناو کۆمەڵگادا.

**دوا وتە**

زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، دەبێتە هۆی زۆربوونی کێشەوگرفتانی کۆمەڵگا، بێوەژن و منداڵی بێسەرپەرشت و ئایندە نادیارو ناتەندروست و سەرجادە زیاتر ئەبن، زۆربوونی ناعەدالەتی و قەیرانە، بۆیە ئەرکی حکومەتە کە هەرچی زیاترە گرنگی بە لایەنی ئابووری خێزانەکان بداو کێشەوگرفتەکانیان بۆ چارەسەربکا، ئەرکی حکومەتە ژیانێکی خۆش و کامەران بۆ قوربانییەکانی ئەو



دیاردەیە دابینبکات تا بەشێوەیەکی مرۆڤانە ژیان بەرنەسەر، هەروەها ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییشە کە هوشیاری زیاتر لەناو چین و توێژەکاندا بەتایبەت لاوان و گەنجان بڵاوبکەنەوە سەبارەت بەژیانی هاوسەرێتی و پێکەوەنانی خێزان، ئەرکی مامۆستایانی ئاینییە، زیاتر مەترسییەکانی دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوە بۆ خەڵکی ڕوونبکەنەوە لەرووی شەرع و ئاینەوە، خەڵکی هان بدەن بۆ پێکەوە گونجان و عەدالەت و داوا لەباوکان و دایکان بکەن کەکوڕو کچەکانیان ئازاد بکەن لەهەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرێتیدا.

ئەرکی هەرتاکێکی کۆمەڵە بەپێی تواناو ئیمکانیەتی خۆی هۆکاربێت بۆ زیاتر هوشیارکردنەوەی دەوروبەرەکەی، تا بەهەموومانەوە ڕێگە لە کەم بوونی کێشەوگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بگرین، بەمەش دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوە کەمدەبێتەوە..



# چۆن پەیوەندی خێزانیت توندوتۆڵتر دەکەیت؟

بەناز عومەر ئەحمەد



ژیانی هاوسەری ژیانێکی تەواو جیاوازە لە ژیانی ڕەبەنی. بەردەوامبوونی و درێژەکێشانی بۆ ماوەیەک دەبێتە کێشە بۆمان. بەهۆی ئەوەی کە تاکی کوردی لە بنەڕەتدا ئامادە ناکرێت بۆ ژیانی هاوبەش. نووسینی ئەم جارەمان تایبەتە بە کێشەی بەشدارینەکردنی هاوسەرەکان لە ژیانی ڕۆژانەی یەکتریدا، زۆرن ئەو خانمانەی کە بەدەستی هاوکارینەکردنی هاوسەرەکانیانەوە هەمیشە بە گلەیین، بەڵام ئایا دەبێت ئەو هۆکارە چی بێت وا لە هاوسەرەکانمان بکات کە دەست لە هاوکاری کردنمان هەڵبگرن. دنیای نێرینە هەروەك ئاشكرایە دنیایەکی جیاوازە لە دنیای مێینە،

بۆیە دەکرێت ئاسایی بێت بە لامانەوە کاتێك بیرکردنەوەی نێرینە لەسەر هاوکاریکردن بۆ هاوسەرەکەی جیاواز بێت لە بیرکردنەوەی مێینە. دروست بابەتەکە ئاوهایە نێرینە کاتێك هاوکاری پێشکەش بە هاوسەرەکەی دەکات کە بزانێت لەلایەن هاوسەرەکەیەوە گرنگی بە هاوکاری کردنەکەی دراوە، بەڵام مێینە بە جۆرێکی تر ئەو هاوکارییە پێشکەش دەکات کە زۆرجار وەك زیادەیەکیش بێت ئاسایە بەلایەوە، چونکە مێینە وەك ئامێرێك هەڵسوکەوت دەکات کە زۆر پێش پرۆسەی هاوسەرگیری قورمیش کرابێت تاکو ئەو کاتەی بڕ بکات وەك خۆی دەبێت، واتە هەتاکو قورمیشێکی تر وەردەگرێت، چونکە ئەوەش ئاشکرایە بە مێینە حەزی بەرەو گۆڕانی تیایدا هەستێکی بەهێز و چالاکە. ئەگەر بێتە سەر جۆرەکانی هاوکاریکردن لە ژیانی هاوسەرێتی دا زۆر زۆرە، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین چۆنیەتی هاوکاریکردنی هاوسەرەکەتە. لە بازاڕکردنێکی خۆش دا بۆ کڕینی پێداویستیەکانت زۆرینەی پیاوان ماوەیەك دوای بەردەوامبوونی ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەی بێزار دەبێت، نەك چوون بۆ بازاڕ لەگەڵ هاوسەرەکەی بگرە زۆر جاریش دەبێتە جێگای هەرا و دەنگەدەنگ لەنێوان هاوسەرەکاندا جا بۆ ئەوەی ئەم هاوسەنگییە کە لە سەرەتای هاوسەرێتی دا هەیە تێکنەچێت و بەردەوام بێت پێویستە کە:





١-هەموو کات ڕەتکردنەوە مەکە بە پیشە: زۆرن ئەو خانمانەی کە نەك لە بازاڕکردنی هاوسەرەکانیان بگرە لە هی هیچ کەس ڕازی نین و هەمیشە ڕەتی دەکەنەوە. بۆیە ئەم جۆرە ژنانە هەر زوو هاوسەرەکانیان بڕیاری ئەو دەدەن لە کڕینی پێداویستییەکانیاندا هاوکاریان نەکەن، بۆیە تۆی خانم هەوڵبدە ئەوەی هاوسەرەکەت بۆت دەستنیشان دەکات بیگونجێنی لەگەڵ سەلیقەی خۆتدا، یان تەنها جارێك لە جاران ئەوە بپۆشە کە هاوسەرت بۆت هەڵدەبژێرێت، چونکە ئاشکرابێت لات کە سەلیقەی هاوسەرەکەت ناگاتە سەلیقەی یەك کەس لەو شارەی کەتۆی تێدا دەژیت.

٢- هەوڵبدە بازاڕکردنەکەت ڕوون بێت: زۆربەی خانمان کاتێك



کە داوا لە هاوسەرەکانیان دەکەن پێکەوە بڕۆنە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستیەکان بە هاوسەرەکەی ناڵێت کەچی پێویستە و لە کوێیە بۆیە پیاوەکان بەم جۆرە بازاڕکردنە ناڕازین و ئارەزوو مەندی نابن، بەڵام ئەگەر هەوڵماندا بەهاوسەرەکەمان بڵێین کە دەچین چەند شوێنێکی دیاریکراوی بازاڕ و چەند شتێکمان پێویستە زۆر دوور نییە کە هەر زوو ڕازی بێت بەو بازاڕ کردنە، بۆیە هەوڵبدە شوێن و شتی دەستنیشانکراو بە هاوسەرەکەت بڵێیت لە بازاڕکردنەکەتدا.

هەوڵبدە و پێداگربە لەهاتنی ئەو: خانمان هەر زوو دەستبەرداری هاوسەرەکانیان دەبن کاتێك کە دەزانن نایانەوێت لەگەڵیاندا بازاڕ بکەن، بەڵام ئەمە هەڵەیە بۆیە هەوڵ مەدە هیچ کات تەنانەت بۆ یەکجاریش بێت بەبێ هاوسەرەکەت بچیتە بازاڕ، ئەگەر هات و زۆر ناچاربوویت کە بەتەنها بڕۆیت ئەوا ئەو شتانەی کە پێویستن و کڕیوتن هەر زوو نیشانی هاوسەرەکەتی بدەو ڕای ئەوی لەسەر وەربگرە و ئەگەر هاتوو بەدڵی ئەو نەبێ هەر زوو پێشوەخت بە هاوسەرەکەت بڵێ کە زۆر ئارەزووت لەو جۆرە بووە تاوەکو ڕەدی نەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت جڵەوی هاوسەرێتی خۆمان لە دەستی خۆماندایە، بۆیە هەموو کات هەوڵبدە کە بەرەو باشترین ڕێ ئاراستەی بکەیت، تاوەکو لە هیچ کاتێکدا نەگەیتە بنبەست و لەسەر ڕێگا فراوانە سەوزەکان ژیانی خۆت نوێ بکەیتەوە.



# کارگێڕی کات*

لۆسەر جی سیوارت

وەرگێڕانی: ئاسۆ وەهاب

کاتی خۆت بە وردی بەکاربهێنە (بەشێوەی گونجاو) کەمن ئەو خەڵکەی کە کاتی تەواویان هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەموو تاکێك لەم جیهانەدا ڕۆژانە کاتی باشی لەبەر دەستە:

١-١ کات پارەیە: کات زۆرترین ئەو سەرچاوانەیە کە بەها خاوەنێتی، لە هەندێك لە زمانەکاندا ئەم وشەیە بە شێوەیەکی زۆر دووبارە دەکرێتەوە تەنانەت بەهای لە دروا زیاترە، سەرمایەی هەر یەکێکمان کاتە، بۆیە پێویستە بەوردی وەبەرهێنانی تێدا بکەین، دەتوانین ژیانمان بەو کاتە بشوبهێنین کە لەسەر زەویدا (لەلایەن پەروەردگارەوە) بۆ ئێمە دیاریکراوە. ئەرکی گەورە و گرنگی ئێمەش لەم ژیانە کەڵك وەرگرتنی تەواوە لە کات.

١-٢ کات سەرمایەیەکی گران بەهایە: لەمانەی خوارەوە بۆمان روون دەبێتەوە:

- کات دیاریکراوە، بۆیە شمەکێکی دەگمەنە.
- کات ناکڕدرێت.

- کات پاشەکەوت و ئەمبار ناکرێت ناکرێت.
- کات زیاد ناکرێت.
- بەشێوەیەکی جێگیر و ورد دەگوزەرێت.
- کات واتا ژیان.

١-٣ خۆت هەڵسەنگێنە: لەرێگەی:

- توانایەك نییە بۆ راوەستاندنی تێپەڕبوونی کات.
- بەهای یەك کاتژمێر لە کات لە ژیانتدا چەندە.
- ئایا تۆ وەك چۆن پەرۆشی بۆ پارە و پوولت بە پەرۆشی بۆ کاتت.

١-٤ کارگێڕی کاتی خۆت (رێکخستنی کاتی خۆت):

١-٤-٢ کات سەرمایەیەکی دەگمەنە: دەتوانین مەزەندەی ئەم سەرمایە دیاریکراوەی خۆمان لە کات بکەین، ئەو کەسانەی کە تەمەنێکی مامناوەند دەژین بە لایەنی کەمەوە ٢٠٠,٠٠٠ کاتژمێر کاتی هەیە. لەگەڵ هەموو رۆژێکدا وا مامەڵە بکە کە یەکەم رۆژی ژیانتە.

١-٤-٢ کاتی خۆت بەکار بهێنە: واتا تەنها بەدیهێنانی ئەگەری نێوان ٣٠ – ٤٠ ٪.

ئەو پلەیەی کە توانای مرۆیی لە بواری کارکردندا بە گەڕیخستووە تەنها بە ٣٠-٤٠٪ مەزەندە کراوە، بە گوزارشتێکی تر بڕوا وایە کە زۆربەی خەڵك بەلای کەمەوە ٦٠٪ی کاتی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن. زۆربەی ئەو کات و وزەیەی کە بەفیڕۆ دەچێت، هۆکارەکەی





دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئامانجی روون و پلاندانان و دانانی ئەو مەسەلانەی کە لە پێشتر ئەنجام بدرێن، لەگەڵ روانینی روون بۆ مەسەلەکان. با بزانین تۆ لەگەڵ کام لەو گوزارشتانەی باسمان کرد دەگونجێیت؟

١-٤-٣ کاتی زیادکراو : زۆرێك لە ئەندامە ئاراستەکراوەکان بۆ سەرکەوتن یان ئاراستەکراوی رێرەوێکی وەزیفی، بێزاری خۆیان دەخەنەروو لەبارەی پاڵەپەستۆی کات. بۆیە لە سەرووی وزەی خۆیان کار دەکەن (لە شەڕدان لەگەڵ کاتی زیادکراو). وەڵامەکەت دیاری بکە :

راستە O هەڵەیە O

١-٤-٤ شپرزەبوون : زۆر کەس هەست بەوە دەکەن کە بە شێوەیەکی دووبارە شپرزە دەبن، پێویستە زۆرجار لەهەمانکاتدا مامەڵە لەگەڵ چەند شتێکدا بکەیت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارێتییەکان گرانن و قورسایی کاری گرانیش پێویستە لەچوارچێوەی کاتی پێدراودا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دەچێتە پاڵ



ئەو ئەرکە جۆراوجۆر و بەرپرسیارێتیانەی تر کە دەبنە هۆی ئەم شپرزەبوون و پاڵەپەستۆیەی کات. وەڵامەکەت دیاری بکە:

راستە O هەڵەیە O

١-٤-٥ پەرچەکردار: زۆر کەس چاودێری کارەکانیان دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان چاودێری دەکرێن لەلایەن کەسانی ترەوە، گرفتی دووبارە بوو ئەوەیە کە لەبری ئەوەی دەستپێشخەر بێت، پەرچەکردارت دەبێت. کریارەکان، سەرۆکەکەت لە کاردا، هاورێیەکانت، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و چەندان کاری تر بە بەردەوامی سەرقاڵت دەکەن لە کات، ئەمەش بە پێی ئەو ئەنجامەی کە دەڵێت: هەمیشە تۆ سەرقاڵیت، بەڵام پێشکەوتنێکی لە سەرخۆ و راستەقینە دروست دەکەیت. وەڵامەکەت دیاری بکە:

راستە O هەڵەیە O

١-٤-٦ خۆ خەریککردن: زۆرێك لە بەرێوەبەرەکان کاری راستەقینەی خۆیان تا دوای چەند کاتژمێرێك رانابەڕێنن تەنانەت لەماوەی رۆژەکەدا ناتوانن رایبەڕێنن، بەهۆی بوونی چەندان هۆکار کە دەبنە هۆی بە فیڕۆدانی کات لەوانە: کۆبوونەوەی دوورودرێژ، راپۆرتی سیستەم (رێکخستنی رۆژانە). زۆرێك لە بەرێوەبەرەکان بە شێوەیەکی دووبارە توانای خۆیان ئاراستەی ئەو مەسەلانە دەکەن کە بایەخێکی لاوەکین هەیە. وەڵامەکەت دیاری بکە:

راستە O هەڵەیە O



١-٤-٧ کاتی پشووی تەواوی نییە: توێژینەوەکان ئەوە دەخەنەروو، گرنگترین کێشەی ئەو جۆرە خەڵکە ئەوەیە کە ناکۆکی هەیە لەنێوان کاتی کار و کاتی پشوودان. ئەو کاتەی تەرخانکراوە بۆ پیشە و کارەکەیان لە چواچێوەی کاتی زیادکراو ناکرێت لەگەڵ خێزاندا بەسەر ببرێت، هەر وەك چاوەڕوان دەکرێت دەبێتە هۆی ورە دابەزین. وەڵامەکەت دیاری بکە:

راستە O هەڵەیە O

١-٤-٨ بەکارهێنانی کات: باشترین رێگە بۆ بەکارهێنانی ئەم کاتە گرانبەهاو سنووردارە، لەرێگەی ئاگایی بەردەوام و پلاندانانی هارمۆنی گونجاو لەگەڵ کاتدا بەدی دێت.

١-٤-٩ کارگێڕی کات: رێکخستنی کاتەکانت، واتا دەسەڵاتت بەسەر کات و کاری خۆتدا هەبێت، زاتر لەوەی کە کات دەسەڵاتی بەسەر تۆوە هەبێت.

١-٤-١٠ دەروازە: بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو خەڵکە سەرکەوتووە لەیەك شتدا هاوبەشن، کە خاڵێکە لە ژیانیاندا، دانیشتوون و بە جددی بیریان کردووەتەوە لەو سوود و دەستکەوتانەی کە دەتوانن لە سەرمایەی کاتی خۆیان بەدەستی بهێنن.

★ تێبینی : ئەم بابەتە بەشی یەکەمی کتێبی (کارگێڕی کات)ە کە خانەی عەلائەدین لە دیمەشق، سوریا چاپی کردووە و رەعەد ئەلصەران وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبیو پێشەکی بۆ نووسیوە.



# وەرزش و تەندروستی دەرون و عەقڵ و لەش

**لە عەرەبییەوە: رزگار فایەق سەعید**

وەرزش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئارامبوونەوەی دڵ و دەرونی مرۆڤەکان و هەروەها لایەنی بیری مرۆڤ چالاك دەکاتەوە، دەتوانێت بەرهەمی فیکری مرۆڤەکان زاتر بکات، وەرزش پاڵەپەستۆی ژیانی



رۆژانە لەسەر مرۆڤ کەم بکاتەوە ناهێڵێت مرۆڤ دووچاری تورەیی بێتەوە، چونکە هەموو بیرو هۆشی تەنها لەلای وەرزشەکەیەتی، هەروەها وەرزش ئارامییەك بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەبەخشێت و هەروەها وەرزش خۆشی و دڵخۆشیمان پێ دەبەخشێت و ئارامی بە دەروونمان دەبەخشێت. دوورمان دەخاتەوە لە دڵتەنگی و دوودڵی و رارایی و تەنهایی، توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە گرنگی وەرزش لەوەدا دەردەکەوێت پاڵەوانانی بواری وەرزشی دەرکەوتووە زۆرتر و ژیر و زیرەکترن لەو کەسانەی کە وەرزش ناکەن. هەروەها ئەو کەسانەی کە وەرزش دەکەن توانی ژیۆیان زۆرترە و دەتوانن سەرکردەی خەڵکانی تر بکەن. هەروەها کەسانی بە توانا لە بواری وەرزشدان ئەوە ئاستی زانستییان زۆر بەرزە لە کەسانی تر، دەکرێ بڵێین وەرزشەوان کەسێکی کۆمەڵایەتییە زۆر حەزی لە هاورێیەتی و تێکەڵاوبوونی خەڵکی هەیە، وەرزشەوان گەر پەروەردەیی باشی خۆی بکات، ئەوا دەتوانێت کەسێکی زیرەکی لێدەربچێت و توانای مێشکی لە گەیشتن بە داهاتویەکی باش و بەدەستهێنانی پلەی باش لە خوێندن و بە دەستهێنانی بڕوانامەی باش کە لە داهاتوودا دەتوانێت قورسایی ژیانت لە سەر سوك بکاتەوە.

دەبێت ئەوە بزانین کە لە بواری پەروەردەییدا وانەی وەرزش زۆر گرنگە بۆ خوێندکاران کە لە خشتەی رۆژانەدا دانراوە و نابێت ئەو وانەیە بکرێت بە وانەیەکی تر، چونکە وانەی وەرزش ئارامییەك بە



دڵ و دەروونی ئەو خوێندکارانە دەبەخشێت و هێز و توانایەکی تازەی پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندن و سەعی کردن بە شێوازێکی باش. گومانی تێدانییە کە وەرزش شوێنەواری باش لە دوای خۆی جێدەهێڵێت لەسەر هەموو ئەندامانی لەشی مرۆڤ وەك ( دڵ و خوێن بەرەکان و ئێسکەکان و ماسۆلکەکان و کۆئەندامی هەناسەدان) باشترین شوێنەواری وەرزش لە سەردڵ و هەناسەدانە، چونکە ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لەسەر چەند کەسێك ئەنجامدراوە و تەمەنیان لە نیوان (٤٦- ٦٦ ) ساڵانەوە وەرزشی رێکردن و مەلە ئەنجامدەدەن، ئەم مەلەکردنە بۆ ماوەی (٢٥ – ٦٠ ) خولەك بەردەوام بێت لە ماوەی (٣) رۆژدا لە یەك هەفتەدا دەرئەنجام دەبێتەهۆی چالاك بوونی سییەکان بە رێژەی( ١٥ ٪ ) هەروەها وەرزش کە دەبێتە هۆی دابەزینی فشاری خوێن و چالاك بوونەوەی دڵ و دابەزینی کێشی لەش.

هەندێك لە وڵاتانی وەك روسیا و یابان بۆیان دەرکەوت کە وەرزش زۆر بە سودە بۆ کرێکار و فەرمانبەران، بۆیە هەندێك کاتیان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی کرێکار و فەرمانبەران هەڵسن بە وەرزشکردن، چونکە وەرزش توانای جەستەییان زیاد دەکات و زیاتر کارەکەیان لا خۆشەویستتر دەبێت.

بێجگە لە وەرزشکردن دەبێت مرۆڤ هەوای پاك هەڵمژێت و خۆی بدات لە تیشکی خۆر و دەبێت خواردنی تەندروست بخوات و نەك



خواردنی پیس، بەمجۆرە لەشی مرۆڤ دەتوانێت پێداویستی خۆی لە بنەما باشەکان لە خوارد و سروشت وەربگرێت بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجامبدات. ماوەتەوە بڵێین کە لە کاتی وەرزشکرد دڵ زۆرتر لێی دەدات و خۆین زۆرتر دەنێرێت بۆ ئەندامەکانی تری لەش، بەمجۆرە ماسۆلکەکانی لەشی مرۆڤ زۆر بە هێزتر دەبێت، هەروەها دەتوانێت مادده ژەهراوییەکانی لەش بە دەربنێت و تەندروستییەکی باشمان پێببەخشێت.

**سەرچاوە:**

**ئەنتەرنێت- سایتی ئیلاف**



# کاریگەری (SMS) کورتە نامە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

نووسینی: ئارماند
وەرگێرانی: عومەر عەبدولکەریم قادر
omerteno@yahoo.com

ئایا تاکو ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە، کە ئەگەر لە ڕادەبەدەر سەرقاڵی نووسینی کورتە نامە یان ئێس ئێم ئێس بن چی ڕوو



ئەدات؟ ئەم ماجەرایە بەم شێوەیە دەبێت، کە ئێمە باسی لێوە دەکەین.

هەر لەسەرەتای دونیاوە مرۆڤەکان سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگە نوێ و سادەکان بوون بۆ ئەوەی بتوانن پەیوەندی لەنێوان مەودا دووردەستەکان بەرقەرار بکەن. یەکەمین هەوڵی مرۆڤیش سود وەرگرتن بوو لە پەیك یان پەیام هێنەران و وتنی زانیارییەکان بە ئەوان بوو. ئەم پەیك و پەیام هێنەرانەش کەسانێکی خاوەن مێشك و ئاوەزێکی بەهێز بوون، کە دەیانتوانی دووری نێوان ماوە دوورەکان ببڕن و سەفەری تێدا بکەن بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، کە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بوو.

پاشان ڕۆژێك لە ڕۆژان، کەسێك نیشانە و سیمبولەکانی داهێنا، هەر زۆر زوو ئەم ڕەمز و کۆدانە بۆ نووسین لەگەڵ یەکتریدا ڕێککەوتن. ئەم داهێنانە تاکو ئەمڕۆش شەرێکی ناتەواوی لەنێوان گفتوگۆی قسەیی و نووسینیدا بەرپا کرد. پاش ئەمەش تەلەگراف داهێنرا، کە لێدانێکی تری لە پەیوەندی قسەیی و پەیام گەیەنەرانیش دا. زۆر بەخێرا دەیانتوانی پەیوەندی سیمبولێك لەمەودا دوورەکانەوە خێراتر لە پەیام گەیەنەران بنێرن، بەمجۆرە وا دەردەکەوت ئیدی پەیوەندی قسەیی ئەو شان شەوکەتەی پێشووتری نەماوە و لە دەستی داوە، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر خێرا بە داهێنانی تەلەفۆن لەلایەن ئیسکاتلەندیەکەوە پوچەڵ بوویەوە.



زۆری پێ نەچوو پەیوەندی قسەیی شوێن و پێگەی پێشووی خۆی بەدەست هێنایەوە و زۆر لە تەلەگراف باشتربوو.

تەلەفۆن ئامێری سەرەکی پەیوەندیکردنی بەشی زۆری سەدەی بیستەم بوو لەنێوان خەڵکاندا، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا خزمەتگوزاری کورتە نامە(sms) هاتە کایەوە. سەرەتا وا پێشبینی دەکرا ئەم خزمەتگوزارییە بێ هودە و بێ سودە، تا ئەوەی پیشەسازی مۆبایل لە ئەمریکا ئەوەی کردە بەشێك لە خزمەتگوزارییە بێ بەرامبەرەکانی بۆ بەشداربووان، کەچی ئەمڕۆ کورتە نامە یەکێکە لە باوترین ئەو سودانەی، کە خەڵکی لە تەلەفۆن وەری دەگرن.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئێس ئێم ئێس چۆن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری دەبێت لەسەرمان؟

**ماوەی پرسیارکردن**

یەکەمین کاریگەری ئەوەیە، زۆر کورتە نامە ناردن دەبێتە هۆی خووگرتن یان موعتادبوون. موعتادانی کورتەنامە هەمیشە مۆبایل بەدەستیانەوەیە و چاوەڕوانی ئەوەن، کە زەنگی کورتە نامە لێ بدات بەخێرایی وەڵامی بدەنەوە. ئەگەر بە وردی دیقەتی ئەوە بدەین ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لە کورتە نامەکانیاندا نیشانەی پرسیارێك بەجێ دێڵن بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر ناچار بە وەڵامدانەوە بێت و کورتەنامەیەك بنێرێت، ئەوانیش بەردەوام ئەم



کارە دەکەن. زۆر بەکارهێنانی ئەم ئەم پرسیارانە لە هزر و بیرتاندا ڕیشە دادەکوتێ کاریگەری دەکاتە سەر پەیوەندییەکانتان لەگەڵ خەڵکیدا. زۆر بەخێراییش ئەم دیاردەیە بۆ هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە، پرسیاریش دەگۆڕێ بۆ باوترین شێوازی پەیوەندی. کاتێك تەنها پرسیار هەبێت ئیدی بەکارهێنانی نیشانەی پرسیار بێ مانایە و ژیانیش تاکو کۆتایی دەگۆڕێ.

لە کۆندا وا باوبوو، بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ کەسێکدا، کاتێك ئەو کەسەت دەبینی ژمارەی تەلەفۆنت دەدا و ژمارەت وەردەگرت بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەی، ئێستاش هەر ئاوەهایە، بەڵام لەبری ئەوەی تەلەفۆن بکرێ کورتە نامە دەنێردێ و شوێنی تەلەفۆن کردنیش گۆڕاوە بۆ نامە ناردن. خەڵکی بە ناردنی نامە و ئێس ئێم ئێسی دورودرێژ پەیوەدنییەکانیان دەست پێدەکەن و لە ڕاستیشدا هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی بزانن لەگەڵ کێدا پەیوەندی دروست دەکەن. ئێستاش لە هەموو دونیادا خەڵکی عاشقی کەس گەلێك دەبن، کە لە ڕاستیدا ئەو کەسانە خۆشیان دەوێن. بەواتایەکی تر تفەنگ بە تاریکە شەوەوە دەنێن.

**کاریگەری ٧٠ پیتی و ١٦٠ پیتی لە کورتە نامەدا**

لە هەر کورتە نامەیەکدا دەتوانین حەفتا پیت بەکار بهێنین ئەگەر بە پیتی کوردی یان عەرەبی بنووسین و ئەگەریش بە پیتی لاتینی یان ئینگلیزی بنووسین ئەوا دەتوانین ١٦٠ سەد و شەست پیت

بەکاربهێنین، ئەمە یەك یان دوو ئامانج دەپێکێت، یان ئەو کورتە نامەیە پڕ دەبێت لە زانیاری هیچ و بێ مانا، کە کەسەکە هەوڵ دەدات هەر ٧٠ پیت یان ١٦٠ پیتەکە بەکار بهێنێت یان دەبێت پەیامێکی درێژ لە قاڵب بدرێت بۆ حەفتا یان سەد و شەست پیت. وەڵامدانەوەش لە قاڵبی حەفتا یان سەد و شەست پیتیدا خەڵکی مەرجدار دەکات و ناچاریان دەکات بچنە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، بەم شێوەیە لە گفتوگۆ ڕۆژانەییەکانی خەڵکیدا هیچ قسەیەك نامێنێتەوە بۆ یەکتری بکەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش کورتە نامە یان ئێس ئێم ئێس دەبێتە هۆی جوداکردنەوە و پچڕاندنی پەیوەندییەکان. دیارە هیچ کەس لە تێکدانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ کەس تردل چێژ نابات. زۆرێك هەن ئەوەندە بوێر نین، کە قسەکانیان ڕووبەڕوو بکەن، ناچار پەنا بۆ کەرەستەی تر دەبەن و هەڵدەبژێرن. لەکاتی کۆندا پێش ئەوەی تەلەفۆن دابهێنرێت، خەڵکی بە پێدانی یاداشتێك بە بەرانبەرەکەیان پەیوەندی یان قسەیان دەکرد، پاشتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە پشت تەلەفۆنەوە بێدەنگییان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر لەمەبەستەکەی تێ بگات، بەڵام ئێستا بە ناردنی کورتە نامەیەك پەیامەکەی خۆیان دەنێرن.



## زیادبوونی شڵەژان و دڵڕاوکێ

هەندێ کات پەیامێك یان کورتە نامەیەك دەنێرین، کە پێویستمان بە وەڵامەکەیەتی، بە تەلەفۆن کردنێك وەڵامەکەمان وەردەگرین( وەڵام نەدانەوەنی تەلەفۆنیش بەو مانایەیە، کە کەسەکە لە دەرەوەی بازنەدایە) بەڵام بە ناردنی کورتە نامەیەك ئەگەری زۆرتری هەیە لەوانە: مۆبایلەکەی لەگەڵ خۆیدا نەبردووە، حەز ناکات وەڵامت بداتەوە، دەیەوێ دوور بکەوێتەوە لێت، لەبیری چووە وەڵامتان بداتەوە یان کاتی نییە بۆ ئەوەی وەڵامی کورتە نامەکەت بداتەوە. کاتێك ئێوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو کورتە نامەیەن، کە لەوانەیە هەرگیز وەڵام نەدرێنەوە، زۆرێك لەم بیر و خەیاڵاتە بە مێشکتاندا دێت و دەچێت و بەم شێوەیە شڵەژان و دڵەڕاوکێتان زیاتر دەبێت. ئەم زۆربوونی شڵەژان و دڵەڕاوکێیەش لەساڵانی داهاتوودا پەستانی خوێنتان بەرزدەکاتەوە و ئەمەش کێشەی زۆر دەبێت بۆ باری تەندروستیتان.





# بەهای قەناعەت لای فایەق

مەلا تەحسین گەرمیانی



مەبەست لەم چەمکە کە بۆ خۆی لە نێو کایەی فکری و فەلسەفیدا پانتایی و کاریگەری خۆی هەیە کە پەیوەندی قوڵی لەگەڵ ناخی مرۆڤدایە، واتە مرۆڤ وەك چەمك و چ وەك کایەی ژیان قەناعەت بەشێکە لە ڕەگەز بوونی مرۆڤ. لە لایەکی تریش ئەگەر لە دیدی ئاین و کتێبە ئاسمانیەکانیشەوە لە بڕوا و چەمکی قەناعەت بڕوانین بەدڵنیاییەوە ئەوا تێگەیشتنێکی باشترمان دەداتێ، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی بەجۆرێك لە



جۆرەکان گرێدراوی ئاینێکە یان گرێدراوی جۆرێك لە بیرو باوەڕی فکری و فەلسەفییە.

دەکرێت قەناعەت بۆ خۆی جۆری جیاجیا لە خۆبگرێت، واتە قەناعەتی بیروباوەڕی سیاسی یان قەناعەتی بیروباوەڕی ئاینی یان مەزهەبی یان فکری، بەڵام ئەم جۆرەی کە جێی ئاماژەیە و لای فائق بە دەردەکەوێ شتێکی ترە، واتا مەبەستی فایەق قەناعەتی ڕۆژانەی خەڵکە بە ژیانی ئاساییەوە وەك دەڵێ "بۆ خەڵکی ئەوسا بە خورما و نان قەناعەتی دەکرد، ئەی بۆ ئێستا ئەم هەموو شتە خۆشە هەیە کەچی خەڵك هەر نا قانعە و هەر ڕاکە ڕاکەیەتی؟". یان ڕەنگە مەبەستی فایەق ئەوە بووبێ کە مرۆڤی ئێستا ئەوەندە چاوچنۆك بووە لە سەرووی ئەم هەموو نیعمەتەوە هێشتا خاوەنی قەناعەتی خۆی نییە یان بە دیوێکی تردا ئەم ڕۆژگارە ئەوەندە گوماناوییە مرۆڤ ناگەیەنێ بەو قەناعەتەی کە لە ڕابردوودا بە خورما و نانەوە هەیبوو یان دەکرێ بڵێم ژیان هەرچەند پێشبکەوێ ژیانی مرۆڤیش زیاتر سەخت و دژوارتر دەبێ ئەمەش دیوێکی تری هەوڵی خەڵکە بۆ گەیشتن بە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵام بنەمای ئەم قسەیەی (فایەق) ئەوەیە کە بە گشتی چەمکی قەناعەت لای خەڵك بە شێوەیەك لە شێوەکان کاڵ بووەتەوە، هەر ئەمەشە وای لە مرۆڤی ئەم سەردەمە کردووە کە ناتوانێ بەشێکی یان هەندێکی کاتەکانی بۆ ڕۆژانەی بە جێگەیاندنی کایە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان بکات. ڕەنگە هەر ئەم

ناقەناعەتییەیش وای کردبێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانیش ڕەنگ و شێوازێکی تری بە خۆوە گرتووە کە هەموومان لێی بە گلەیین تەنانەت مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە لە ئاستی قسەی ڕۆژانەیشدا توشی قەیران بووە، هەر مرۆڤێك بدوێنە باسی کەمی کاتت بۆ دەکات هەر مرۆڤێك بگرە زۆر پەلەیەتی تەنانەت قسە بە پەلە دەکەین نان خواردن بە پەلە دەخۆین بە پەلە سەیارە لێدەخوڕین لە هەموو شتێکدا بە پەلەین تەنانەت ڕۆیشتنمان و دەرچوونمان بۆ سەر ئاودەست ناتەندروست و بە پەلەین. هەموو ئەمانە پەیوەندی هەیە بە چەمکی قەناعەتی ڕۆژانەی خەڵکەوە، زۆر شتی تری ڕۆژانەمان دێتە بەرچاو تەنانەت ڕێگری و دزی و خراپەکاریش پەیوەندی هەیە بەو مرۆڤانەوە کە خاوەنی قەناعەت نیین زۆر ناهەقی و ناعەدالەتی و فێڵ و تەڵەکەبازی و درۆ و دەلەسە و دەستبڕین و غەلوغەش پەیوەندی هەیە بەو مرۆڤانەوە کە خاوەنی قەناعەتی خۆیان نیین، بۆ دنیای حکومەتی و دامودوزگایش کە ئەمڕۆ گەندەڵی وەك نەخۆشییەکی کوشندە توشمان بووە ئەمەش پەیوەندی قوڵی هەیە بە و کەسانەوە کە خاوەنی بەها و قەناعەت نیین، واتە مرۆڤە بێ قەناعەتەکان ئەم فەزا خراپە دەخولقێنن یان نا ئارامی دەخولقێنن، شتی باشەی ڕۆژانەش هەر دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی پڕ بەهای قەناعەتی خۆیانن. بە گشتی ئەم چەمکە کە فایەق بەس



سەرە داوێکی ئاماژە پێکردووە، بەڵام بە گشتی ئەم چەمکە پەیوەندی هەیە بەکۆی مرۆڤەکانەوە، مرۆڤی دەوڵەمەندیش ئەو کەسەیە کە خاوەنی بڕوا و قەناعەتە ژیان دروستی و دەرونی ئارامی هەر مرۆڤێك گەیشتنە بە قەناعەت، واتە قەناعەت سەرەکیترین چەمکی ژیان دۆستی گشت مرۆڤەکانە.



# ناهیدە ڕەشید..

## ئەو کەسەی ناوی ژنی کورد لە مێژوودا بە زیندوو دەهێڵێتەوە

گەشبیر ئەحمەد- بەریتانیا



کەمن ئەوانەی کە هەموو تەمەنیان بۆ خزمەتی فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی داهات و ناو و ناوبانگ بکەن درێژە بەو کارەیان دەدەن.

ناهیدە ڕەشیدیان لە ساڵی ١٩٥٥ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سنە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، هەر لە سەرەتای ژیانیدا ئارەزووی



خوێندنی هەبووە و کێژۆڵەیەکی زیرەك و ئازا و بەجەرگ بووە هەمیشە لە پلە بەرزەکاندا خۆی دۆزیووەتەوە لە زانکۆی ( ڕازی کرماشان) کۆلێژی ئەندازیاری کیمیای تەواو کردووە.. لەپاش ئەمە ئارەزووی فێربوونی زمانی بیانی هەبووە هەتا دەگاتە ئەوپەڕی توانا لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و هۆڵەندی و فارسی تا ئەو پلەیە کە دەبێتە خاوەنی چوار فەرهەنگ بۆ پێشخستنی ئاستی زمانی کوردی بەراورد بە زمانە ئەوروپییەکان وەکو (فەڕەنسی بۆ کوردی) وە ( کوردی بۆ فەڕەنسی) و ( کوردی بۆ هۆڵەندی) بە پێچەوانەوە (هۆڵەندی بۆ کوردی) هەروەها ئێستا لەهەگبەیدایە کە چەندین داهێنانی تریش بکات لەو بوارەدا. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو چالاکوانێکی تاراوگەیە بەتایبەتی لە بوارەکانی ژنان و مافناسی لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەوروپا ئامادەگی هەیە بۆ بەرگری لەمافی پەنابەری کوردی بەبێ جیاوازی وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی و مرۆڤایەتی هەمیشە شانازی بە ئاڵای کوردستانەوە دەکات و کارێکی زۆری کردووە بۆ فەرهەنگ و کەلتووری ڕەسەنی کوردی لە مەنفا، ئیدی ئەم کارانە بەسە بۆ ئەوەی کە ناوی ژنی کورد بە زیندووی بپارێزێت لە مێژوودا لەگەڵ ئەوەشی کە چەندین هەوڵی تریش هەبووە هەر لە دیرۆکەوە بۆ ئەم مەبەستە وەکو( مەستوورە خانم و حەپسەخانی نەقیب).

گۆڤاری گیرفان بە پێویستی زانی کە گیرفانی فەرهەنگی خۆی

دەوڵەمەنتر و قوڵتر بکات بە گفتووگۆ لەگەڵ ناهیدە خانم..

**گیرڤان/ وشە و زاراوە زمان چی دەگەیەنێت لای بەڕێزتان؟سەرەتای دروستبوونی بیرۆکەی نووسینی فەرهەنگی زمان لەچییەوە سەری هەڵدا؟**

وەڵام/ /ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاشکراترە پێناسەی نەتەوەیەك لە دنیا ئامانەتی ڕەگەزایەتی زمانە و بەس، بەمەرجێك ئەو زمانە بە وشەی زانستی ڕازاوە بێت و لەسەر ژیانی ڕوژانەی مرۆڤ کاریگەری هەبێت. زمانی هەر نەتەوەیەك نیشانەیەکە لە پلەی پیشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە. ڕۆژ بە ڕوژ بوارەکان زانستی وەك کومەڵناسی و دەروونناسی و زانستەکانیتر کاریگەری لەسەر ژیانی مروڤ دەکات. بیرگۆڕینەوە و لەیەکترگەیشتن لەڕێگەی زانستی مەبەستی سەرەکیی لە وڵاتانی پێشکەوتووە. ڕۆژ لە دوای روژ ئاشکرا ئەبێت کە زمان ڕۆڵی زۆر گرنگی لە پێکهاتنی کۆمەڵگا هەیە. جاران ئایین لە پێکهاتەی یەکێتی کۆمەڵگا گرنگ بوو، بەڵام ئێستا زمان و یەکتر تێگەیشتن لەڕێگەی وتووێژ زۆر گرنگە لە پێکهاتەی نزیککردنەوەی ڕوناکبیران بۆ مەبەستە گەورەکان بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانی پیشکەوتوو و گەش ئەتوانیت لەپیش خستنی کۆمەڵگا کاریگەریی زۆرتری هەبێت. دیاردەیەکە بۆ پەنابردن بۆ زانست بۆ یەکترناسین و بیروراگۆڕینە و ژیانێك باشتر پێکەوە



بەشی دووەمی پرسیارەکەت سەبارەت بەبیرۆکەی فەرهەنگنووسی وەك کوردێکی ناسیۆنالیست و پسپۆڕ لە بواری لقی خوێندنی کیمیا و ئەزموونی زۆری تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی هەمیشە حەزم کردووە بو خەڵکی خۆم کاربکەم. لە سەرەتا بە هۆی ناشارەزایی لە نووسینی زمانی دایکی زۆر ئازاری دەدام، بەختەورانە بەهۆی ئەوە شوێنی ژیانم لەو وڵاتەی لێی دەژیم، کە زۆربەی دانیشتووانی کوردی باشووری کوردستان بوون، ئاشنابوونم لە گەڵیان بە تایبەت ئەوانەی کە خەڵکی سلێمانی بوون، توانیم بە باشی لە نووسینی کوردی خۆم فێربکەم، لە سەرەتای کاری نووسینم بە دوو چیرۆك دەستپێکرد. بۆخۆم وەك کەسێك کە پێویستم بە فەرهەنگ هەبوو ڕۆژانە بۆ کار و نووسینەکانم کەڵکی لێوەرگرم، ئەوە وای لیکردم کە بیر لە نووسینی چەند فەرهەنگێك بکەمەوە لە زمانەکانی بێگانە و کوردی، کە خوشبەختانە فەرهەنگەکانم پێشوازی زۆری لێکرا. ماوەی دوو ساڵ خەریکی فەرهەنگی یەکەم هۆڵەندی-کوردی بووم، و دووساڵیش خەریکی فەرهەنگی کوردی-هۆڵەندی بووم. چوار ساڵیترم بۆ فەرهەنگی فەرەنسی-کوردی و کوردی-فەرەنسی تەرخان کرد.

**گیرڤان/هیچ لایەنێك هاوکاری کردوویت؟**

نەخێر بەداخەوە هیچ ناوەندێك یارمەتی منی نەداوە و بەشێوەی ئازاد دەستم پێکرد. تەنیا فەرهەنگی هەژار(هەنبانە بۆرینە) یارمەتیدەر من بووە و لە چەند فەرهەنگی بیانی سودم وەرگرتووە،



بەڵام زانستیك پتەو پاڵپشتی من بووە و ئەویش زانست و ئەزموونی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی بووە.

سەبارەت بەڕاگەیاندنەکان، بەڵێ تا ئێستا لە چەند گۆڤار و ماڵپەری کوردی لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات بەشداریم کردووە. وەکو گوڤاری وارڤین و ئایندە، ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا سەبارەت بە فەرهەنگ و ئیستانداردی زمانی کوردی لەگەڵ من وتویژیان ئەنجام داوە. لە ئەوروپایش ماڵپەری ئاژانسی سەربەخۆ خوازان و راوا نیوز لە ماڵپەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**گیرڤان/وەکو چالاکوانێك لە تاراوگە ژیانی خێزانی کورد یان ڕۆڵی ژنی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ئەگەر کەسێك لە کۆمەڵگای دواکەوتوو پەروەردە بێت و زۆر کێشە و گیروگرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ بێت، بە ئاسانی ناتوانێت خۆی بگونجێنێ لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوو. ژنی کورد بە دەگمەن هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە لە ئەوروپا دەربکەوێت، مەگەر ئەوە کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە یان لەناو خێزانی هونەرپەوەر بووە یان کەسایەتی پەروەردەیی بوون. ئێمە لێرە هەر وەك کوردستان ژن کوشتنم لەناو خێزانە کوردکان بینیووە. هەروەها پیاوی دووژنە، ئەویش بە منالی زۆر. زۆربەی ئەو ژنانە کە خوێندنیان تەواو نەکردووە، بەهۆی منالداری لە ماڵ دانیشتوون و خەریکی بەخێوکردنی منالن، بەڵام شتێك کە لە ژنی کورد دەبینی



ئەوەیە کە زۆر خێزانپەروەرن و وەك ژنی فارس یان ئەوروپی نییە کە زوو واز لە هاوسەرەکانیان بێنن، کە ئەمەش جێگای دڵخۆشییە.

**گیرڤان/تاچەند گەشبینیت بە ئایندەی باشووری کوردستان؟**

من باشووری کوردستان وەك سەنتەرێك دەزانم بۆ گشت کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان و ئەوروپا. ڕەنگبێت هێشتا زۆر لە کێشە کومەڵاتییەکان و بنەڕەتییەکان وەك ئابووری و کێشە سیاسییەکان چارەسەر نەبووبێت، بەڵام من بەگشتی گەشبینانە بە کوردستانی باشوور دەڕوانم و هیواخوازم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشبکەوێت.

# ژیانی سەرگوڵ بەرەو خەزان دەچێت

ئامادەکردنی: پەخشان محەمەد

سەرگوڵی تەمەن ٢٧ ساڵ، خاوەنی ١ منداڵە، ٤ ساڵ لەمەوبەر زەواجی کردووە بە کوڕێك بەناوی ئازاد کە تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو. کیشەکە لای دادوەری باری کەسێتی بوو. سەرگوڵ بەهێمنی سەرگوزشتەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دەگێڕایەوە:

بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیم لەگەڵ ئازاد، پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێکی تر هەبوو بەناوی سەردار، زۆر یەکترمان خۆشدەویست بۆ ماوەی ٢ ساڵ. ماوەی ئەم ٢ ساڵە زۆربەی رۆژەکان یەکترمان دەبینی و درێژەمان بە پەیوەندییەکی رۆمانسی و پڕ لە عەشق دەدا و پەیمانی بۆیەکبوونمان دابوو بەیەکتری. تەنانەت زۆرێك لە کەسوکاری هەردوولاشمان بە پەیوەندییەکەمانیان زانیبوو.

پاشان سەردار هاتە خوازبێنیم و ماڵەوەمان لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری بێ بنەما رازی نەبوون شوی پێبکەم. پاش ماوەیەکی تر



ئازاد بەهۆی خزمێکیانەوە کە دراوسێمان بوو، ماڵەوەشمان رازی بوون و منیش بەناچاری شووم پێکرد.

سەرەتا سەردار رازی نەبوو، بەڵام پاش ماوەیەك لە گفتوگۆکردن پەیمانی پێدام دووربکەوێتەوە لە ژیانم. ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا و هەوڵمدەدا زۆر بەوەفا بم بۆ ئازاد و بەختەوەری بکەم.

سەرداریش ژنی هێنا، بەڵام لەماوەی ٤ ساڵی ژیانی هاوسەرێتیمدا سەردار بەبەردەوامی هەوڵی نزیکبوونەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵم دەدا و هەواڵی دەپرسیم لە کەسە نزیکەکانم. وازی لێ نەدەهێنام تاکار گەیشتە ئەوەی بڕیاری دانیشتن بدەم لەگەڵی بەمەبەستی ئەوەی تێی بگەیەنم کە ئێمە هەریەکێمان موڵکی کەسێکی ترین و پێویستە نەبینە هۆکاری تێکدانی شیرازەی خێزانی یەکتر، بەڵام ئەو گاڵتەی بەقسەکانم دەهات و بەردەوامی پەیمانی خۆشەویستی بۆ نوێدەکردمەوە، سەرەڕای ئەوەی هەستی خۆشەویستیم بۆی هەبوو، بەڵام دەرمنەدەبڕی بۆی، چونکە من ژنی پیاوێکی تر بووم و نەدەکرا هەستی خۆشەویستی بۆ پیاوێك تر دەربڕی ئەگەرچی لە رابردوودا زۆریش یەکمان خۆشویست بێت.

پاشان خوای گەورە منداڵێکی پێ بەخشیم و ئازادیش زۆرباش بوو بۆ خۆم و منداڵەکەم و لە هیچیشمان کەم نەبوو، بەڵام سەردار هەر وازی نەدەهێنا.

کار گەیشتە ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوان من و مێردەکەم، سەرداریش وتی تۆ جیاببەرەوە لە مێردەکەت و دواتر خۆمان زەواج



دەکەین. کێشەی من و ئازاد رۆژی لەدوای رۆژ گەورەتر دەبوو و ناچار گەڕامەوە ماڵی باوکم. ماوەی ساڵێك تۆرام و وەکو پێش شوکردنم زۆربەی رۆژەکان لەگەڵ سەردار یەکترمان دەبینی و دەچووینە دەرەوە و بازاڕ و لەجاران یەکترمان خۆشدەویست.

لە دادگا داوای جیابوونەوەم تۆمارکرد، بەڵام ئازاد رازی نەبوو. دوای ٦ جار لە دانیشتن، دادگا داوای جیابوونەوەکەمی پەسەندکرد لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٩.

من و منداڵەکەم لە ماڵی باوکم ماینەوە تاماوەی ٣ مانگ تەواو بێت و لەڕووی شەرعییەوە رێگەم پێبدرێت شوو بە سەردار بکەم. پاش تەواوبوونی ماوەکە بەسەردارم وت ئێستا دەتوانی بێیتە داوام. بەڵام سەردار هەر رۆژە و مانگە بەبیانووی شتێك خۆی دەشاردەوە و وای لێهاتبوو وەڵامی تەلەفونیشی نەدەدامەوە. کاتێك راستییەکەم بۆ ئاشکرابوو کار لەکار ترازابوو، دەرکەوت بەدەستی خۆم ماڵی خۆمم وێرانکرد.

مەبەستی سەردار تەنها تۆڵەسەندنەوە بوو لە من، من سەرگەردان و ئەوانیش لەگەڵ ژن و منداڵەکەی بەخۆشی ژیان بەسەردەبەن. ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای ئازاد، چونکە قبوڵ ناکات. من بووم بە قوربانی پیاوی درۆزن و بێویژدان. زۆرن ئەو پیاوانەی بەقسەی باق و بریق ئافرەت فریودەدەن.

تێبینی: ئەمە رووداوێکی حەقیقیە و لەشاری سلێمانی روویداوە و ناوەکانیش خوازراون.



# زمان وراگەیاندن

خەلەف غەفور



xalafgafur@yahoo.com

زمان، چۆنێتی و چەندێتی بۆ راگەیاندکار و کایەی راگەیاندن گرنگە. زۆر زمانزانی و شێوازەکەیشی رۆڵی ئیجابیان هەیە لە پێشکەوتنی کایەکە و کاریگەربوونی.

ئەی ئەگەر راگەیاندکار، زمانی بەو شێوازە بەکارهێنا کە "ناباوە"، ئەوێ کات ئاراستەکە بەرەوکوێ دەچێت؟

زمانی ناباو بەو مەبەستەنا کە شاعیر و چیرۆکنووس بە ئیبداعی دەزانن، بەڵکو لە دەرەوەی زمانە سادە و باوەکەی راگەیاندن کە

نزیکە لە تەشهیر و جنێو و لە کەدارکردنی ئەوانیتر.

ئێستای راگەیاندنی کوردی بەهەموو لقەکانییەوە زمان زبری و تەشهیرپێکردن دیاردەیەکی باوە تێیدا و مرۆڤ ئەگەر وریا نەبێت دەکەوێتە بەر رەحمەتی هەزاران جنێو.

شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان تۆخترکردنەوەی ئەم دیاردەیەی بەدوای خۆیدا هێنا و بازاڕی جنێوی گەرمترکرد. تۆمەتبەشینەوە و قسە بۆ یەکتر هەڵواسین و هەڵدانەوەی مێژووی نەگریسی یەکتر بەجۆرێك پەرەی سەندووە، خەریکە شەهیدکردنی سەردەشت بیردەچێتەوە و لە لێواری شەڕێکی تری ناوخۆیی نزیکدەبینەوە.

سەیرتر لەمانە ئەوەیە بازاڕی جنێوفرۆشی بە بەرنامە گەرم دەکرێت و لەشکرێك نووسەری تانەوەشێن رادەسپێردرێن بۆ ئاڵۆزترکردنی دۆخەکە.

دۆخی لەم شێوەیە چی سوودێکی هەیە و خزمەت بە کێ دەکات؟

پێش هەموو شت بێلایەنی و پیشەیی راگەیاندن، عەقڵی راگەیاندکاری کورد"هەڵبەت هەموویان نا" دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دواتریش دەگەینە ئەو راستییەی هێشتا مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەتر لەوانەی پێشوو نەڕەویوەتەوە و زەمینەسازە و ئەو ئاشتییەی ئێستا هەیە زیاتر لە ئەگەرەکانی ئاڵۆزترکردنی دۆخەکەوە نزیکە و بۆ ئەمەش "وەك بینیمان" راگەیاندنی کوردی لەم دۆخەدا رۆڵی ئیجابی نەبینی.



کەواتە جگە لە بەخۆداچوونەوەیەکی ریشەیی، راگەیاندنی کوردی لەبەردەم چی ئەرکێکی تری گرنگدایە و چۆن خۆی لە قەیرانی بێ متمانەیی رزگار بکات؟

بەڕای من چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە.